



# نامیلکە بە بۆنەی ٦٧ مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ڕێبەندانی ٢٧١٢ — ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی — ژانوییەی ٢٠١٣

## پێرست

١- کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی ........ ئارەش لورستانی............ لاپەڕەی ....................... ٣
٢- مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە........ نووسینی: ناسر ئێرانپوور، وەرگێران لە فارسییەوە: تەها رەحیمی........ لاپەڕەی .......... ٦
٣- جێژنی دوی رێبەندان ساڵی ١٩٤٦ زایینی لە کوردستانی ئێران، بۆ هەموو کوردان لە سەرانسەری کوردستانە......... دوکتور گلمرادی ...... لاپەڕەی ..... ٨
٤- با باشتر رێز لە کۆماری کوردستان بگرین ............. ئاگری باڵەکی ................ لاپەڕەی ................ ١٠
٥- بە بۆنەی ساڵوەگەڕ کوماریی کوردستان ................ رەشید قازی ................ لاپەڕەی .............. ١١
٦- مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان ................... هاشم رۆستەمی ............. لاپەڕەی .............. ١٢
٧- دوو ڕوانین. عەبدوڵلای حەسەنزادە ................... لاپەڕەی ........................ ١٢
٨- دوورگەی بەختەوریی مرۆڤی کورد ................ ئەیوب ئەیوبزادە ................ لاپەڕەی ........................١٤
٩- ٢ی رێبەندان، پڕشنگدارترین رۆژی مێژوویی کوردان ........... ئەحمەد مەکلاوەیی ................ لاپەڕەی .............. ٢٠
١٠- یادێک لە دووی ڕێبەندان................ نووسینی: سیامەند شێخ ئاغایی.................. لاپەڕەی ................... ٢١
١١- پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە .!............... ئیبراهیم لاجانی ............... لاپەڕەی ..............٢٣
١٢- سەلاح مەجیدپوور: گۆڕان لە فەرهەنگ و رەوانی کۆمەڵگە بەشێک لە مەشغەڵەی رێبەرانی کۆماری کوردستان بوو...... وتووێژ ئاژانسی کوردپا .... لاپەڕەی ..... ٢٥
١٣- بۆچی کۆماری کوردستان جێی شانازی هەموومانە؟............... خالیدخورینجی........................ لاپەڕەی .............. ٢٧
١٤- یادەوەریی یەکەم کۆماری کوردستان و چەند سەرنجێک:................ بەختیاری شەمەیی................. لاپەڕەی .............. ٢٨
١٥- پێویست دەکا هەمووساڵێ یادی٢ی ڕێبەندان بکرێ ؟!............... سەعیدکاوە ( کوێستانی ) .................. لاپەڕەی .............. ٣١
١٦- ٢ی رێبەندان ئەزموونێک بۆ هەمیشە!.................. رەحیم رەشیدی ..................... لاپەڕەی .............. ٣٢
١٧- لەساڵیادی یادی کۆماری کوردستاندا- باسێک لە سەر ناسیۆنالیزمی رزگاریدەری گەلان، بۆ ئەزمون لێوەرگرتن! ....... جەعفەر حامیدی ....... لاپەڕەی ..... ٣٣
١٨- سەرۆک کۆماری کوردستان ......................... سۆران کەرباسیان ......................... لاپەڕەی ......................... ٤٠

**پەیامی هێزو رێکخراوە سیاسییەکان** ................................ **لاپەڕەی** ................................ ٤٢

١٩- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی رێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان
٢٠- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٧ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە.
٢١- پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی رێبەندان
٢٢- پەیامی ریکخراوەکانی لاوان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە بۆنەی ٢ی رێبەندان، ٦٧ مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان.
٢٣- پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بەبۆنەی ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان
٢٤- بەیاننامەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
٢٥- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی PAK بە بۆنەی ٦٧ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی جهموریی کوردستان
٢٦- بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرادنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان.
٢٧- ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پادک بە بۆنەی ٦٧ مین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان
٢٨- بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان ٢ی رێبەندان لە نەتەوەی کورد پیرۆزدەکات

**بەرێوەچوونی رێورەسمەکانی ٢ی ڕێبەندان لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆیی کوردستان** ...................... **لاپەڕەی** .................... ٥٥

٢٩- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یاد ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە
٣٠- بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە رێورەسمی ساڵیادی کۆماری کوردستان لە هەولێر
٣١- بەرێوە چونی رێورەسمی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی ئوتریش
٣٢- بەرز راگرتنی یادی کۆماری کوردستان لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆروێژ
٣٣- ٦٧ ساڵەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی دانمارک پیرۆز کرا
٣٤- بەرێوەچوونی سمینارێکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەبۆنەی یادی دامەرزانی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمان
٣٥- لە رۆژهەڵاتی کانادا رێز لە یاد و بیرەوەریی شەست و حەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گیرا.
٣٦- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێز لە یادی ٦٧ ساڵەی کۆماری کوردستان گیرا.

## کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی



ئارەش لورستانی

ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دوویەم لەساڵانی ١٩٤١تا ١٩٤٥ لە لایەک و لە لایەکی دیکە شکانی ئەرتەشی ئیران لە لایەن ئەرتەشی سووری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە و گەشەی هەستی نەتەوایەتیی کوردان و بوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد و هاوبیرانی لە بەرانبەر گەلەکەی خۆیاندا کە هەستیان بە بەرپرسایەتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە، بواریان بۆ دامەرزانی کۆماری کوردستان ڕخساند. قازی محەمەد و هاوڕێکانی هەلەکەیان قۆزتەوە و پاش چەندمانگێک دوای هاتنی سوپای سوور، گرووپێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد چوونە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ لەگەڵ "جەعفەر باقرۆف" سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێبەری حیزبی کۆمونیست دانوستانیان کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و"باقرۆڤ" گوێی بە داواکانیان نەدا.

جاریکی دیکە- سالی ١٩٤٥ گرووپێکی هەشت کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە باکۆ چاویان بە "باقرۆف" کەوتەوە کە لەم دانیشتنە دا قازی محەمەد راشکاوانە باسی خودموختاری (ئۆتۆنۆمیی) هێنایە گۆڕێ و"باقرۆڤ" لە وڵامدا دا وتی: "جارێ نۆرەی ئازەرییەکانە و پێویست ناکا کورد لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دا پەلەی بکا". "حەسەن ئەرفەع" دەڵێ: قازی محەمەد بە ڕووسەکانی ڕاگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. ڕووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لی کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە کۆماری ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.

قازی محەمەد و هەیئەتەکەی هاوڕێی پاش گەڕانەوە بڕیاریان دا لەوە زیاتر چاوەڕێی پشتیوانیی ڕووسەکان نەبن. ئەوان لاوازی و پرش و بڵاویی سوپای ئێرانیان بە هەل زانی و کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. هەر بەم بۆنەیەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی١٣٢٤ی هەتاوی(١٧/ی دێسامبری ١٩٤٥ ) لە ڕیۆرەسمێکی مەزندا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. دوای مانگێک لە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ لە مەیدانی "چوارچرا"ی مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا. پێویستە بوترێ پێشتر لە ١ی دێسامبری ١٩٤٥ دا لە تەورێز حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان ڕاگەیەندرابوو.

ڕۆژی ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ ڕۆژێکی مێژوویی بوو. سەرەڕای سەرما و سەخڵەتی زستان، هەزاران کەس لە شارەکانی بۆکان، نەغەدە، ورمێ و ناوچەکانی دیکەوە ملی ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی محەمەد و پیاوماقوڵان و مەلاکان و ڕووناکبیرانی شار لە بەردەم ئەو خەڵکە پڕ خرۆشەدا ڕاوەستابوون. مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بە دوعا و پاڕانەوە لە خوا، ڕیورەسمەکەی کردەوە. لەو ڕۆژەدا ١٦ کەس قسەیان کرد.

پاشان قازی محەمەد دەستی کرد بە قسان: "ئەی میللەتی کورد! ئەی شێرەپیاوانی کورد! سڵاوی خواتان لێ! داوا لە خوای گەورە و ئێوە، گەلی کورد دەکەم کە لەو ئەرکە مەزنەی کە پێتان سپاردوم یارمەتیدەرم بن تا بتوانم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم و لە بەرانبەر خوا و ئێوەدا شەرمەزار نەبم. گەلی کورد دوژمنێکی زۆری هەیە کە لە سەر مافی ئەو گەلە لە هەر چوار پارچەکە ڕێککەوتوون و بە هەر جۆرێک بووە حاشایان لە مافی خودموختاریان کردوە و خەباتەکەیان بە دزی و چەتەیی لە قەڵەم دەدەن؛ تا بواری سرینەوەی باشتریان برەخسێنن."

دوای قازی محەمەد، پازدە کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد، وتاریان پێشکەش کرد. ئەم ڕێورەسمە بە شێعر و گۆرانی ڕازابۆوە و مانگێک دوای ئەم جەژنە، کابینەی وەزیران بە سەرۆک وەزیریی "حاجی بابەشێخ" کە یەکیک لە مەلا گەورەکانی ناوچەکە بوو، ڕاگەیەندرا.

### گرنگترین کارەکانی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان

قازی محەمەد و هاوکارەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا کارێکی زۆر و بێ هاوتایان کرد کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١- پێکهێنانی حکوومەت لە سەر بنەمای دیموکراسیی ئازاد بە ١٣ وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری فەرهەنگی، خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری.

٢- بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەکە. چونکی پێشتر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەکان قەدەخە بوو.

٣- بەرنامەڕێژی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی

٤- فەرمی بوونی زمانی کوردی لە لێدوانەکاندا بۆ یەکەم جار.

٥- بەربەرەکانیی فەرمی دژی نەخوێندەواری.

٦- بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ منداڵان.

٧- دیاریکردنی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیان.

٨- بە کوردی نووسینی تابلۆی قوتابخانەکان، دوکانەکان، بینا و ئیدارەکان لە جیاتی فارسی.

٩- هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو چاکسازی و دانانی هێندێک قانوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک نەریت و ڕێوڕەسمی ناحەزی وەک: ژن هەڵگرتن، سزادانی بەرتیلدەر و بەرتیلوەرگر، ئازار و ئەزیەتی ژن، کردەوە و قسەی سووک، دزی، سزادانی کەسانی پێشێلکەری قانوون، ڕاکردن لە مەیدانی شەڕ و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کە خیانەت بە نیشتمان دەکەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر نامووسی خەڵک و ....

١٠- چاکسازیی کاروباری ئابووری و بازرگانی و کردنەوەی هێندێک کۆمپانی و برەوپێدان و گەشەی بازاری کاسبی و کار.

١١- دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەیەکی دیکە لە بۆکان.

١٢- دامەزراندنی ڕادیۆی کوردستان بە زمانی کوردی لە مهاباد.

١٣- دامەزراندنی سینەما لە مهاباد و پێشاندانی هێندێک فیلمی دیکۆمێنتاری

١٤- کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی لە مەهاباد.

١٥- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەربازی و ناردنی ئەفسەر بۆ راهاتن لە باکو.

١٦- هێشتنەوەی بواری وتوویژ دەگەڵ حکوومەتی ئێران تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

١٧- دامەزراندنی یەکەتیی لاوانی دیموکرات و دەرکردنی گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان.

١٨- هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی هەستی خێڵایەتی و بەرز کردنەوەی روحیەی هاووڵاتیبوون و بووژاندنەوەی نەریت و رێوڕەسمە رەسەنە کوردییەکان.

١٩- تەرخانکردنی بورسییەی خوێندن بۆ خوێندکاران و ناردنی خوێندکار بۆ تەورێز و باکۆ.

٢٠- هاندانی ژنان بۆ خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بە ژنان و بەشدارکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لە راهێنانە سەربازییەکان.

٢١- دەرکردنی هێندێک گۆڤاری وەک: گۆڤاری کوردستان، رۆژنامەی کوردستان، هاواری نیشتمان، گۆڤاری گرۆگاڵی منداڵانی کورد و گۆڤاری "هەڵاڵە" .

## بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان:

بۆ دڵنیا بوون لە جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە و جیاوازیی زۆری نێوان روانگەی رێبەرەکانیان، شرۆڤەی دوو کەسایەتی لە سەر ئەم دوو حکوومەتە دەخەینە بەرباس: کەسایەتی یەکەم "درێک کینان"ە کە مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو و سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و ئاماژەی بە چەندین جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە کردوە. ناوبراو دەڵێ: "لە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان ، کاربەدەستانی رووسی نابینرێن؛ بێجگە لەو چەند کەسەی لە کۆنسولی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە لە ورمێوە بۆ چاوپێکەوتن هاتوونە مەهاباد." "ئەگەرچی لە ئازەربایجان ترس و تۆقاندن هەبوو بەڵام لە کوردستان تەنانەت زیندانییەکی سیاسییش لە بەندیخانەدا نەبوو." . "لە مهاباد خەڵک دەیانتوانی گوێ لە رادیۆ ئانکارا و لەندەن بگرن بەڵام لە تەورێز گوێگرتن لەو رادیۆیانە مەرگ و نەمانی بە دواوە بوو."

کەسایەتی دوویەم، دوکتور رەحیمی کوڕی سەیفی قازی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو حکوومەتەدا دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی رووخانی کۆماری کوردستان پەلە پەلی رێبەرانی ئازەربایجان و خەیانەتی رووسەکان بوو. هێندێک پێیان وایە هەرتک حکوومەت لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دامەزرا، بەڵام ئەوانە لە هەڵەدان؛ چونکی هەم رێژەی دەسەڵات و زاڵبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لەم دوو حکوومەتەدا و هەمیش شێوازی جێبەجێبوونی کارەکان لەم دوو حکوومەتەدا زۆر جیاواز بوو". "لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا سیستمێکی کۆمۆنیستی بە پشتیوانیی پۆلیسی شاراوە دەسەڵاتی بەدەست بوو، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا، نە سیستمی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو و نە پۆلیسی شاراوەش دەبینرا". "بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی ویست و سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و باقرۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت) بوو؛ لە حاڵێکدا حکوومەتی ئازەربایجان، حیزبی کۆمۆنیست و کادرەکانی حیزبی توودە رێبەرایەتییان دەکرد". "یەکیەتیی سۆڤیەت دژایەتیی هەر چەشنە هەنگاوێکی کانالیزەکراوی لە کوردستاندا دەکرد، لە حاڵێکدا گەلی کورد و رێبەرەکانیان دەستپێشخەرییان کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند."

## رۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری و دوایین دژکردەوەکانی قازی محەمەد:

ئەو کاتەی "قەوامولسەڵتەنە" سەرۆک وەزیرانی ئێران چووە مۆسکۆ و گرێبەستێکی دەگەڵ ستالین واژوو کرد، ئیدی یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی کوردی بەردا و لە سۆنگەی بەشێک لە ئیمتیازی نەوتی ئێران هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەژێر پێ نا و ئەرتەشەکەی لە کوردستان بردە دەر؛ پاشان ئەرتەشی ئێران لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ی دێسامبری ١٩٤٦)دا گەڕایەوە شاری مەهاباد. دیارە ماوەیەک بوو کە دەنگۆی رۆیشتنی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و بەردانی پشتی کورد و تورک لە گۆڕێ دابوو. لە هێندێک لە بەڵگەکاندا هاتوە کە لە ١٦ی ئاوریلی ١٩٤٦ واتا هەشت مانگ بەر لە گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە، پێنج ئەفسەری رووسی دێنە گوندی "سەرای" سەقز و چاویان بە فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەقز و بانە دەکەوێ...... ئەفسەرەکان وتبوویان: "ئێمە خەریکە ئێران چۆل دەکەین رای ئیوە چییە؟" حەمەرەشیدخان، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەڵامدا وتبووی: "ئێمە دەگەڵ ئێران دوژمنایەتیی لەمێژینەمان هەبوو کە ئەو ماوەیە لە بیرمان چووبۆوە، بەڵام ئیوە هاتوون ئەم دوژمنایەتییەتان دیسان زیندوو کردەوە. ئێستاش کە هێمنایەتییەک دروست بووە، ئێران چۆل دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکمان بۆ بە جێ بێڵن... بەداخەوە هەموو ئەو شتەی لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت بیستبوومان بە درۆ دەرچوون.......... و درووشمی بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بۆ گەلی کورد خێری نەبوو".

بەر لەوەی ئەرتەشی ئێران بگاتەوە مەهاباد، قازی محەمەد و رێبەرانی حکوومەت و حیزب راوێژ و وتوویژێکی زۆریان دەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان کرد و بڕیاریان دا لە بەرانبەر ئەرتەشدا شەڕ بکەن بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون ئاکامێکی جگە لە وێرانبوونی ناوچەکە نابێ، قازی محەمەد لە رووی ناچارییەوە رایگەیاند خۆڕاگری ئاکامی خراپی بۆ گەل بە دواوەیە و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بۆ خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە، چونکی سوپای ئێران لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن خۆی لەبەر راگرن. بە کورتی رێگەچارەیان تەنیا ئەوە بوو کە رێبەرانی حیزب و کەسایەتییەکان پێشنیاریان بە قازی محەممەد کرد کە مەهاباد جێ بێڵێ بۆ ئەوەی نەکوژرێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب داوای لێ کرد یان بچێتە عێراق یان رووسیە. ژەنەڕاڵ بارزانییش هەر ئەو داوایەی لێ کرد. سەرکۆنسولی ئینگلیزیش لە تەورێز داوای لێ کرد لە رێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا. ئەمریکاش نوێنەرێکی ناردە لای و داوای لێ کرد ئێران بە جێ بهێڵێ. لە وەڵامی هەموو ئەو داوایانەدا وتی: "سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم." پاشان وتی "من سوێندم خواردوە دەگەڵ خەڵکەکەم بم. حکوومەتی ناوەندی لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە مەهاباد کە تووڕە و قەڵسە و ئەگەر من بگرێ داخی دڵی بە من دەڕێژێ و واز لە خەڵک دێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر و زیان نەبن، ناچارم بمێنمەوە."

قازی محەمەد دوایین وانەی سیاسی بەمجۆرە بە نەتەوەکەی دەڵێتەوە.

**وەسێتنامەی قازی محەمەد: یەکێک لە قۆناخە گرنگەکانی ژیانی قازی محەمەد،**

**دوایین ساتەکانی ژیان قازی محەمەد نووسینی وسیەتنامەکەیەتی کە بەشێکی بەم چەشنەیە:**

میللەتی کورد! رۆڵەکان و برا خۆشەویستەکانم! برا مافخوراوەکانم! گەلە چەوساوەکەم! ئێستاش لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم: وەرن بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتیی یەکتر هەڵگرن و یەک بگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن. لە بەرانبەر دوژمنی زاڵم دا بوەستن. خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندەی دەوێن کە کارەکەتان پێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە و لێتان نابوورێ.

دوژمنەکانی گەلی کورد زۆر و زاڵمن، بەهێز و بێ بەزەیین. رازی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکگرتوویی و یەکرێزییە. یەکگرتوویی گەورەترین پشتیوانە بۆ میللەتێک. هەر میللەتێک یەکگرتوو و یەکرێز نەبێ هەمیشە ژێردەستەیە. ئێوە میللەتی کورد هیچتان لە میللەتە کانی دەوروبەر کەمتر نییە بەڵکو لەو میللەتانەی کە ئازاد کراون ئازاتر و بەغیرەتتر و شایستەتر و پێشکەوتووترن. بەڵام ئەوانەی رزگار بوون لە نیو خۆدا یەکگرتوو بوون. ئێوەش وەکو هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی ژێردەستە مەبن تەنیا بە یەکگرتوویی و ئێرەیی بە یەکتر نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنانی کورد رزگار دەبن.

براکانم! ئیدی بە دوژمن هەڵمەفریوێن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و تایف و قەومێک بێ هەر دوژمنە. بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێ ناکەن و بە دەستی یەکتر بە کوشتتان دەدەن، چاوچنووکتان دەکەن، بە درۆ و تەڵەکە شەڕی یەکترتان پێ دەکەن.

لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خوا ئامۆژگاریتان دەکەم و پێتان دەڵێم و خوداش عالمە من ئەوەی لە دەستم هات بە گیان و دڵەوە بە نسحەت و رێنوێنی رێگەی دروستم نیشان دان و لەم پیوەندییەدا درێغیم نەکرد و ئێستاش دەلێم و رادەگەیەنم کە ئیدی هەڵمەفریوێن و بڕوا بە سوێند و بە دەست بە قورئان داڵان و بەڵین و پەیمانەکان و دڵسۆزییەکانیان مەکەن. رێنوێنی و وسیەتم ئەوەیە منداڵەکانتان وەبەر خوێندن بنێن چونکی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە خوێندەواری نەبێ. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی دیکە دوا نەکەون، تەنیا خوێندن(زانست و زانین)، چەکی دەستی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر یەکگرتوو و یەکرێز بن، زۆر باش بە سەر دوژمندا سەر دەکەون. ئێوە نابێ بە کوژرانی من و برازاکانم بترسێن، کەسانێکی زۆری وەک من لەو رێگەیەدا سەر دەنێنەوە تا گەلی کورد بە هیوا و ئامانجەکانی بگا.

خۆشەویستان! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەک لە ماڵەوە کەسێک شتێک بزانێ بەرپرسایەتی دەدرێتی و کەسیش هەقی منت کردنی نییە، کوردستانیش وەک ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لەو ماڵەدا کارێکی لە دەست دێ بیکا، نابێ بەری پێ بگرن و کێشەی بۆ ساز بکەن، نابێ دڵمەند بن کە یەکێکتان بەرپرسایەتییەکی هەیە، ئەگەر کەسێکی بەرپرسایەتییەکی درایە بزانن کە شارەزایە و وشیارە "کەواتە لێیگەڕێن خزمەت بکا و ئێوەش یارمەتیدەری بن".





سەرچاوەکان:


١- رۆژنامەی "کوردستان"

٢- سایتی "کوردستان و کورد"

٣- کتێبی"چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی": دکتر قاسملو

٤-"دەروازیەک بە ڕووی خوێندنەوەیەکی نوێی (ژ. کاف) و پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید و کۆماری کوردستاندا"- نووسینی عمر عبدالعزیز- وەرگێڕانی دلێر عەباسی

٥- "تاریخ مهاباد"، محمد صمدی ، چاپی مەهاباد

٦- "کردها،یک بررسی سیاسی وتاریخی"، حسن ارفع

٧- حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووهەم هەولێر

٨- "اسرار محاکمه قاضی و یارانش"، رحیم سیف قاضی

٩- جمهوریە تی کوردوستان، مەحمود مەلا عیززەت

١٠- "کردها و کردستان" ،درکینان

١١- تاریک وروون. هێمن

١٢- گە شتیک بە کوماری مەهاباددا، عە قید بە کر عبدالکەریم حە ویزی.

١٣- یادداشتە کانی بە کر حەویزی

١٤- "کتاب تاریخ معاصر کرد"، نووسینی دیوید مک داول، ترجمه ابراهیم یونسی


٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری کوردستان و کورد

## مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە



نووسینی: ناسر ئیرانپوور

وەرگێران لە فارسییەوە: تەها رەحیمی

کۆماری کوردستان لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا و، بوو بە سەرچەشنێک بۆ خەبات و هێمایەک بۆ نەتەوەیەکی حاشالێکراو.

لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەڕێز ئارەش لۆڕستانی کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵ، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەمبوو، پرسیارم لێکرا کە گۆڕینی ناوی "کۆماری کوردستان" بۆ "کۆماری مهاباد" چ پارادۆکسێکی لەگەڵ راستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا هەیە؟ هەروەها پرسیار کرا کە "ئەو کۆمارە چ کاریگەرییەکی دانایە سەر نەوەکانی دواتر؟"

کە من بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:

" رەنگە دارشتنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دروست نەبێ، چونکی ناوێک نەگۆڕاوە و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. دەتوانین مێژوو و راستییە مێژووییەکان بە دڵی خۆمان بگۆڕین، بەڵام بە دڵی خۆمان – هەر ویست و ئیرادەیەکیش لە پشت ئەو گۆڕینە بێ- بۆمان ناگۆڕدرێ، چونکی رووداوێک رووی داوە. هەر چۆنێک بێ ناوی ئەو کۆمارە بە فەرمی "کۆماری کوردستان" بووە و بە "کۆماری کوردستان"یش دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی بە کۆماری مەهابادی ناو دەبەن دوو دەستەن:

دەستەیەک کە تەنیا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ناونیشانی دروستی شوێنی دامەزرانی بە "کۆماری مهاباد"ی ناو دێنن، چونکی دەشزانن کوردستان زۆر لەوە گەورەترە و وڵات و ناوچەیەکی زۆر گەورەتر و بەرینتر لە خۆ دەگرێ؛ کە کۆماری کوردستان هەموویانی نەگرتۆتەوە. لەم روانگەیەوە کێشەمان نییە. خۆشم، نەک وەک ناوی تایبەت، بەڵکوو بە پێی خۆشەویستیم بۆ ئەو کۆمارە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوی مهابادم وەک قەڵایەکی پۆڵایین و خەباتگێڕ لەبەرانبەر سەرەڕۆیی دا خۆش دەوێ، زۆر جاران بە "کۆماری مەهاباد" م ناو هێناوە. هەروەک چۆن دەڵێین "حکوومەتی تاران"، "حکوومەتی ئانکارا" و (تەنانەت بە بێ ئەوەی "حکوومەت" یش بوترێ)، "پاریس"، "واشنگتۆن"، "لەندەن" و ..) هتد، ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی تایبەت یا چەمک و دەستەواژەی حقووقی تایبەت بن یا واتایەکی تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕێزی بگەیەنن.

بەڵام دەستەکەی دیکە بە ئانقەست و بۆ چکۆڵە کردنەوەی کۆمار لە بواری پانتایی جوگرافیایی و کەم کردنەوەی رەهەندە سیاسییەکەی بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. ئەوانە کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی پرسەکە هەیە، جا ئێستا چ "کۆماری مەهاباد" بێ و یان "کۆماری کوردستان".



بۆ ئاگاداریی ئەم دەستەیە دەبێ بڵێم کۆماری کوردستانی دامەزراو لە مەهاباد، لە بواری جوگرافیاییەوە هەر مەهابادی نەگرتۆتەوە، لە بواری کادری سیاسییەوە تەنانەت کوردستانی ئێرانیشی تێپەڕاندوە و لە بواری ئاسۆی سیاسییەوە رێژەی کوردستانی بوونەکەی زۆر زیاتر لە ئێرانیبوونی ئەو حکوومەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئێرانی". راستە، تەشکیلاتی ئیداریی ئەو کۆمارە لە سەقز تێنەپەڕی کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە هی کوردەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە (کوردستان) نەبووە.

منێک لە ئەڵمان کە 5 هەزار کیلۆمێتر لە کوردستانی ئێرانەوە دوورە، دەتوانم پارتێکی سیاسی پێک بێنم و، حیزبەکەم نەک هەر بە کوردستانی بە ئێرانییش بزانم. بۆچی؟ چونکی بەرنامە و ئاسۆی سیاسیم بۆ ئەو وڵاتەیە. دوایی ئەوە بۆ مەگەر کەممان دیوە کە چوار کەس بە شێوەیەکی شاراوە بۆ وێنە لە تاران لێک کۆبوونەتەوە و رێکخراوێکیان پێکهێناوە و ئەو رێکخراوەشیان بۆ هەموو ئێران بووە، کەچی هیچ نوێنەرێکیش لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تێیدا ئەندام نەبوون؛ ئایا ئەم کارە لە خۆی دا کێشەی لەسەرە؟ ئەرێ دەکرێ رێکخراوێکی سیاسی کە تەنانەت، ژنێکیش لە کادری رێبەرییەکەی دا نییە بە هی ژنانی نەزانین؟ یان ئەوەی حکوومەتێک لە خۆراسان پێک دێ بۆ وێنەی هی منی مەهابادییشە، بەڵام حکوومەتێک لە مەهاباد دادەمەزرێ هی کرماشانییەک نییە؟!

دەزانین کۆماری کوردستان لە خۆڕاو و بە بێ هۆکار دانەمەزرا، بەڵکوو ئاکامی بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی و رزگاریخوازی نەتەوەیی بوو. ئەم چەشنە بزووتنەوانە زۆر بە دەگمەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن بە یەک ئەندازە خاوەن پلە و پێگەی کۆمەڵایەتین. کە ئەمە لە بارەی بزووتنەوەی مەشرووتە و هەر وەها بزووتنەوەی سەوزی ئێستا بە راست دەرچووە. کە ئەمەی

دواییێیان تەنانەت لە چەند شار تێنەپەڕی. ئەڕێ لەبەر ئەمە دەتوانین لە ئیعتیباری ئیرانی بوونەکەی کەم کەینەوە، کەچی لە زیاتر لە سەدا لە نەوەدی شارەکانی ئیران تەنانەت وەک پشتیوانییش هیچمان لێ نەدیتن.؟!

هەر وەک چۆن وشیاریی چینایەتی لە لای هەموو کریکاران وەک یەک نییە، یان وشیاریی رەگەزی لای هەموو ژنانی وڵاتێک هاوسان نییە، ئەمە لە بارەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی ناوچەیەکیشەوە دروستە. بە هەر حاڵ پێکهاتنی حکوومەتەکان زیاتر بە بێ رابردووی عەینی و مێژوویی روو نادەنکە ئەم زەمینانە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی پێوەندیداردا وەک یەک نییە.

کەواتە بە پێی هیچ مەنتقێک ناتوانین کۆماری کوردستان بە حکوومەتی ناکوردی و تەنیا مەهاباد بزانین،هەر لە بەر ئەوەی ناوەندی دامەزرانەکەی بە هۆی بەرزبوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، مەهاباد بووە.

ئەم کۆمارە تەنانەت کاریگەری کردە سەر پارچەکانی دیکەش، چونکی لە راستیدا هەموو بزووتنەوەی کورد لە هەر چوارپارچە لە زۆر بوارەوە خۆی بە میراتگر و قەرزباری ئەم کۆمارە دەزانێ.

ماوەیەکی زۆرە هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە هەمان دروشمی ستراتیژیکی کۆماری کوردستان، واتە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی نیشتمانیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە کۆماری کوردستانە و نیازیشیان هەر هەمەن کۆمارە، جا ناوەکەی "حکوومەتی ئەیاڵەتی" بێ، "حکوومەتی فیدراڵ"، "حکوومەتی هەرێم"، "حکوومەتی خودموختار" بێ، لە راستیدا جیاوازییەی جەوهەری تێدا نییە.

ئێستاش ماوەیەکە بەرە بەرە درووشمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ بە بەرنامەی سیاسیی پارتە ئیرانییەکان. ئەو کاتەی پیشەوەری و قازی محەمەد باسیان لە فیدراڵیزم و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیراندا دەکرد، بەشێک لەو وڵاتە فیدراڵیستییانەی ئەمڕۆکە فدراتیڤ نەبوون. ئەو دوو حکوومەتە زۆر لە سەردەمی خۆیان لە پێشتر بوون کە سیاسییە ناوەندگەراکان تێی نەدەگەیشتن و هێشتاش لێی تێ ناگەن. تەنیا ئەو دوو حکوومەتە بوون کە بە ئارمانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە وەفادار مانەوە و لەم پێوەندییەشدا داوای جێبەجێ بوونی نێوەرۆکی قانوونە ئەیاڵەتی و ناوچەییەکانیان دەکرد.



بە هەر حاڵ کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەی فیزیکی لە لایەن فاشیزم و شوڤێنیزمی نێوخۆییەوە رووخا لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵێکی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا، بوو بە سەرچەشنێکی خەبات و هێمایەک بۆ شۆڕشی گەلێکی حاشالێکراو. کۆماری کوردستان بوو بە دامەزراوێکی سیاسی – نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، ئەویش نەک لە سەر بنەمای کەسێک و تاکەکەسێک، وەک ئەوەی لە ئێراندا باو بوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەی گشتی و بۆ یەکەمین جار بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پارتێک بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو. ئەو کۆمارە نیشانی داین نەک هەر دەتوانین، بەڵکوو خۆمان دەبێ خاوەن حکوومەتێکی نەتەوەیی بین، تا میکانیزمێک بۆ پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر ژینۆسایدی فەرهەنگی، سڕینەوەی فیزیکی و حاشا لێکردنی پێک بێنین. کۆماری کوردستان دژکردوەیەکی ئاشکرا و راشکاوانە بوو بە پرۆژەی "نەتەوەسازی"ی دەوڵەتی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، مافخوراویی سیاسی و داگیرکاری و چەوساندنەوە ئابوورییەکەی. کۆماری کوردستان دیارترین نیشانەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بەڵگەیەکی دیکەی کورد بوون، بوو. نەسلەکانی دیکەش ورەیان پێی بەرز بۆوە و هێما و سومبولەکانیان بە هێما و سومبولی خۆیان زانی؛ لە هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا ئالا و سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی. کە ئەمەش هەمەن ئارمانج و ویستی سیاسی ئەو کۆمارە، واتە پێکهێنانی سترەکتۆرێکی سیاسی لە وڵاتدا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەییش دەگرێتەوە.

ئەڕێ ئەگەر خەڵکی کوردستان، نەک هەر کوردستانی ئێران، ئەو کۆمارەیان بە بزووتنەوەی شارێکی بچووک و پرۆژەیەک زانیبا، کە هی خۆیان نییە، بەم قووڵییە و بەم هەستەوە خۆشیان دەویست کە نەک هەر بە هێمای خۆیانی بزانن، بەڵکو هەموو ساڵێ وەک رۆژێکی نەتەوەیی رێزی لێ بگرن و یادی لێ بکەنەوە؟! رەنگە قازی محەمەد خۆشی پێی وانەبووبێ ئەو ئالایەی هەڵیکردوە سنوورەکان تێدەپەڕێنێ و حەفتا ساڵ دواتر لە شارەکانی عێراق و تورکیە و سوریاوە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بشەکێتەوە.

رۆژێک لە سمینارێک لە ئاڵمان تووشی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق بووم. هەر کە زانی لە مەهابادەدوە هاتووم، وتی"هەر موسلمانێکی بەدین لە سەریەتی لانیکەم جارێک مەکە و مەدینە زیارەت بکا و پەیمانی خۆی دەگەڵ خودا نوێ بکاتەوە. بەڵام من دەڵێم هەر کوردێکی سیاسی و وشیار لە سەرێتی لە ژیانی دا لانیکەم جارێک بچێتە مەهاباد و پەیمانی خۆی لەو شارەی یەکەم کۆماری کوردی لێ دامەزرا نوێ بکاتەوە. منیش تا ئێستا نەک جارێک بەڵکوو چەند جار چوومەتە ئەو مەیدانەی کۆماری لێ راگەیەنراو پەیمانی خۆم لەگەڵ نوێ کردۆتەوە". بۆیە دەڵێم ئەو کۆمارە نەک هی مەهابادییەکان و شارەکانی دەوروبەر، نەک هی کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەموو کوردستانە.

من هێندێکیش بەولاوەتر دەڕۆم و دەڵێم کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان هی هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دیمۆکراتیکی ئیرانە و قازی محەمەد و پیشەوەری نەک هەر رێبوارانی رێی ئازادی ئەو دوو نەتەوەیە بەڵکوو هەموو ئێرانن. یادیان بەرز و پیرۆز و رێگەیان پڕ رێبوار بێ.

١٨ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری کردستان و کورد

## جێژنی دوی رێبەندان ساڵی ۱۹۴۶ زایینی لە کوردستانی ئێران. بۆ هەموو کوردان لە سەرانسەری کوردستانە.



دوکتور گلمراد مرادی

هاووڵاتیانی شۆڕشگێر و خۆشەویست!

لە سەرەتادا ئیزنم پێ بدەن پێش لە هەر شتێک سپاس و ستایشی خۆم پێشکەش بە بەڕێوەبەرانی ئەم سیمینارو جێژنی یادبودە وبە ئێوەی بەشدارانی خۆشەویست بکەم، کە ئەو کاتتان ڕەخساندوە لە ئەم سمینارەدا بەشداربن. هیوادارم هەموو ئێش و ئازارەکانی ئێمە لە داهاتوویەکی نیزیک دا، ببێتە شادی و سەرکەوتنی یەکجاری نەتەوە کەمان. دوەم ئەگە ر ئیجازە بەفەرمون، من دەخوازم بە خوێندینەوەی شیعریک کە بە مناسبەتی ٥٨مین ساڵی دا مەزراندنی کۆماری کوردستان بە فارسی وتومە وە ئەم شیعرە لە ٦٠مین ساڵی ئەم رووداە کە زۆر گرینگە، بە کوردی تەرجومەم کردۆتەوە، لە نوێ بی خوێنمەوە و لە پاش ئەوە کورتەیەک لە دست پێ کردنی ئەم رووداوە باس بکەم و لە پاشان ئەمانە خاڵێکم هەڵبژاردوە کە ئەم کۆمارە چ تأثیریکی(کاریگەریەکی) بووە، لە سە ر کوردستانی خواروو (جنوبی باشوور) بەتایبەت کرماشان و ئیلام و غیرە.

بو ساڵرۆژی دوی ڕێبەندانی سالی ۱۳۲۴ هە تاوی دکتر گلمراد مرادی

دووی ڕێبەندان ساڵرۆژ و یادی کۆماری کوردستانە
٦٧ ساڵە، کە ئەم ڕۆژە جێژنی هەموو کوردانە
مێژو لە بیر ناکا، ئە م رووداوە پڕ گرینگە
کە ثەبت کراوە لە بەڵگە ی سەرکەوتوو روداوانە
دە بێ کوردان بە بیرهێنن ئەم ڕۆژە پیروزە
بە منداڵانیان بێژین خەباتی شەهیدانی ئەم دەورانە
وەکوو قازی، کە لە خاتری ئێمە ناروات هەرگیز
ئە ئێستاش مەحبوبی دوستان و دڕکی چاوی دوژمنانە
وەکوو هەڵۆی کوردستان کە لە چیاکان باڵی داوو
ئەو کە خودای بارزان بوو، ئیستایش لە دڵی هەمووو کوردانە
کورد پێویستە بناسێ دوستان و دوژمنانی خۆ
بە دامی ئیحساس نەکەوێ، ئەمە دامی قازانجەرانە
لەم ڕێگەی دوورو درێژە، کوردان خوینیان داوە
قەت نابێ بڵێین کە ئەم دەردەی ئێمە بێ دەرمانە
بۆ هەردەردێک لە دنیا، دەرمانی تایبەتی خۆی هەیە
دەرمانی دەردی کۆمەڵی کورد، ئاگایی و تێکۆشانە
تێکۆشین وئاگایی گەلی کورد، تەزمینی سەرکەوتنە
گەر ئەم نەبێ لە بەرنامە حیزبان،بێشک ئە و جێگای گومانە
ئەمە تەجروبە ی ٦٧ ساڵ خەباتی راستەقینە ئێمەیە
تە ونانە وە ی ئڵاکەمان، گەرچی دژمن ئێژێ کورد نەزانە
ئێمە نەتەوەی کورد، مافی خۆ دەخوازین و بەس
بۆیە چەک بەدەست بووین لە سەر هەر کێو وچیانە
ئێستا دەبیت بە خەبات پەلە بدەین، حەتا بیشتر لە پیش
ئینجا نە بە چەک و خەنجەر، بەڵکوو زۆری قەڵەم لە مەیدانە
نەهایەت دەبێ سەرکەون، میللەتی کورد وهەموو میللەتان
ئاوی بەزری خەباتکارانیپێشوو، ئێستاش لە م روبارە رەوانە
هیوادارین لەم سەدەی ۲۱ دا کە دەست پێ کراوە
کورد بە مافی خو دەست هێنی، لە رێگای ئاشتی خوازانە
میللەتی کورد بە هیوای سەرکەوتنی کوردستان دەژین
ئەمە رێگەی دروستی ئازادی هەموو خەباتکارانە

سەرکەوتوو بمێنێ ئەی کۆماری نەمری کوردستان

زندوون قازی وقاسملو وشرفکەندی ئەمە گوڵچنی لە هەزارانە

هەزاران پێشمەرگە لە رێگەی تو گیانیان داوە

نابی بلین ئەمە جێگە شک و گومانە

ئیمە گومانمان نییە کە پیروزی میلەت لە رێگەیە

خوێنێکە بۆ ئەم رژاوە لە ننگی بۆ دوژمنانە

بژی ناوی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر، سەرۆکی ئەم روداوە میژوییە

بژی ناوی شەهیدانی رێگای ئازادیخوازی کوردستان

خۆشەویستان

هەمومان دەزانین ولانی کەم ٦٧ ساڵە هەر ساڵ دبیستین کە کۆماری کوردستان لە رۆژی ٢ رێبەندانی ساڵی١٣٢۴ هەتاوی، دەست پیکرا. ئەمە رووداوی زۆر بەنرخە کە هەر ساڵە، لە سەرانسەری کوردستان جێژن دەگیرێ، تەنیا ١١ مانگی خایاند و لە ئەم کورتە کاتی مێژوییە، ئەوەندە ئەرکی ئیجتماعی و بە قازا نجی بۆ هەموو مرۆڤان، بەئەنجام گەیاند کە وحەشە ت بە دڵی دژمنانی ئازادی و دێموکراسی کەوت وهەوڵیاندا بەهەر رێگەیەک کە دەزانن قانونی یان غیر قانونی، بۆیان گرینگ نەبو! ئەم بزوتنەوەیە لە بەین ببەن. دوژمەنانی میلەت حتا بە ناوی خودی کۆمار رەخنەیان کردبوو و ئیتلاعاتی دقیقیان بوو کە کۆمار چی بۆ مروڤ دەکات و بە دلیلی ئەم زانیارییە زۆر هاسان دیان توانی، بە چ شکڵ و شێوەیەک سیاستی خۆیان سازبکە ن تا عاقیبەت بتوانن کۆمار شکست بدەن. (لایقی گوتنە کە لە سەرانسە ری ١١ مانگ حکومەتی خودی کوردان فەقەت یەک نەفەر لە کۆماری کوردستان کوژرا بوو. ئەمە بۆ رژیمی تاران سەیر بوو و تعجبیان کرد کە کورد بە ئەم ئەندازە منظمە).

دەکرێ ئاماژە بە زۆر هۆکار (علل) بۆ شکستی ئێمەی کورد نە تە نیا لە کۆماری کوردستان، بە ڵکوو لە زۆر دەورەی تردا، پێ بکری. بۆ وێنە نەبوونی یەکیەتی لە نێوانماندا، شارەزا نەبوون بە هێندێ مەسەلە حەساس وەکو سست بیری نەتەوەیی، زانیاری خاو و کەم لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد ئاگابون، بڕوا و متمانەکردن بە دوژمن، خێڵایەتی و عەشیرەگەرایی، بە هێندگرتنی قازانجی فەردی بە سەر قازانجی کۆمەڵایە تی ودەست کورتی لە بواری پێگەیاندن و بەرەو پێش چوونی بواری فەرهەنگی و ... . سەرەڕای ئەوانەش فێڵ و تەڵەکەی دوژمنان وهەوڵ دانیان بۆ بە زنجیرکێشانی ئێمە نابێ لە بیر بکەینە وە. هەر بە ئەم بونەوە، پێشەوا لە وەسیەت نامەکەیدا هاوردووە: "هەوڵ دان بۆ پەروەردە و فێرکردن و یەکیەتی کورد و دووری کردن لە بەخیلی و حسوودی و خەیانەت و جاشایەتی و غیرە".

ئەگەر بە دڵێکی پڕ خوێنەوە، باسی نەزانی و لە ئاکامدا فرسەت تەڵەبی خۆمان دەکەم، نموونە زۆرمان لە مێژوودا، هەیە. کاتێک کە بۆ وێنە هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان بخاتری مقام و پۆستی فەرمانداری شاریک یان ناوچەیەک و یان بخاتری هەدیەکی وەک تفەنگێکی ڕاوچییەتی بە ئیمزای سوڵتان ولە سەرهە ڵقەنرانی وێنەی پرێنسسێک ئامادە دە بوون، رێبەرایەتی ڕاپەڕینی خەڵک بدەنە دەستی بێگانە، ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ئەم سەرۆک عەشیرە نە بەهۆی خەیانەت، بەڵکوو بەهۆی نەزانی لە ڕادەبەدەر، هیچ بیری لە ئاکامی کردەوەکەی خۆی نەکردۆتەوە و نەیزانیوە کە چ زیانێک بە خۆیی و گەلەکەی دەگەیەنێ! نموونەی ئەم جۆرە کردەوانە زۆرن. ئەو جۆرە کە لە مێژووی تاڵی ئێمەدا هاتوە، بۆ وێنە، لە سەد و پەنجا ساڵ پێش دا، هەڵس و کەوتی عیزەدین شێر لە بەرانبە ر مامی خۆی، ئەمیر بەدرخانی بەدلیسی و هاو کاری ئەو لە گەڵ سوڵتانی عوسمانی. نیزیکەی ٧٥ ساڵ دواتریش رەفتاری برای شێخ مەحمود بە رزنجی و بابکر کوێر و نموونە ئەوانە لە بەرانبەر ڕاپەڕینی شێخ مەحمود وهاوکاری ئەوان لەگەڵ هیزەکانی ئی نگلیسدا. نیزیک ٢٠ ساڵ دواتر رەفتاری سەرۆکایەتی عەشایری دێبۆکری وشکاک ومامەش و هەرکی و ... کە بە ڕەوا ڵەت هاوکاری کۆماری کوردستان و قازی محمد بوون و وایان نیشان دەدا کە لە خزمەت ویست وداخوازەکانی گەلی کورددان وکاربە دەستیش بوون، بەڵام بەداخەوە بەدزی لەگەڵ رژیمی تاران نامەیان دەگۆڕیەوە وخۆیان بە نۆکە ری دەربەستی دربارێ شاە دەناساند وئامادەی هەرچە شنە(نوع)هاوکاریەک لە گەڵ دوژمنان بوون. دەکرێ ئەم جۆرە کردەوانە ناوی چیان لەسەر بنێین؟ جیا لە نەزانی؟ و نەزان کاری، دەکرێ ناوێکی تری لە سەر دانێین؟! بە بێ شک زۆربەی ئە وانە تەنانەت مانای وشەی خەیانەتیشیان نەزانیوە و ئەگەر بە جۆرێک تێ گەیاندرا بایەن کە ئەم کردەوەی ئەوانە خەیانە ت بە خۆیان و گەلەکەیانە، هەرگیز ئامادەی خۆش خزمەتی بە دوژمنان نەدەبوون.

ئێستا ئەگەر کاتمان هەبێت ئاماژە(اشارە) بە 3خاڵ دەکەین کە بۆچی کوردستانی خووار کەمتر لە ئەم بزوتنەوەیەدا بەشداربون؟! حەتا لە شۆرشی مشروتە ١٩٠٥ کەمتر!

خاڵی یەکەم موقعیتی جیهانی وپیدایش یان عرض وئەندام کردنی یەک هێزی نوێ بە ناوی هێزی کمونیسم، لە بەرانبەر هێزی کاپیتالیسمی کۆنەکار. یانی کاملا دو ئیدولۆژی جیاواز وحتا دوژمنی یەکتر کە پێویست بوو، بە دژی فاشیسم وهیتلر لە گەڵ یەکدا متفق بن ویەک بگرن! لە واقعدا هاتنی ئینقلابی ئۆکتۆبر، رە خساندن کمونیسم لە سال ١٩١٧، بو دەوڵەتانی کاپیتالیسم یەک شوک و مەترسی بوو. ئێستا پێویست بولەگەڵ یەکدا هاوکاری بکەن کە فاشیستی هیتلری جیهان نەگرێ! ئەم هێزە متفقانە لە نەهێنی دا دژایەتیان لە گەڵ یەکتردا دەکرد و تبلیغاتی دژی یەکتریان دەکرد. ئەم تبلیغاتە خواە ناخواە کاریگەریەکی زۆری لە بان خەڵکی عادی ناوچەی داگیرکراو، وەکو کرماشان وئیلام و تا رادەیەک سنە وسقز، هەبوو. تا ئەو ئەندازە کە خەڵکی عادی باوەریان دەکرد کە کوردستان دەخوازێ جیا بێتەوە و دەستی شوروی لە ناودا دایە! لە حالێک دا، ئەمە دروست نەبوو. بەڵام ئینگلیزیەکان وئەمریکاییەکان دایم تبلیغ یان دەکرد. ئەوان باش تر لە هەموو دەزانستن کە ئەم تبلیغە درۆیە، بە هرحال کۆنسولگەریەکان بیگانە لە ئەم ولایەتەدا کاریان تەنیا ئەمە بوکە مروڤ قانع بکەن، ئەم کومارە، بە دەستی شورووییە و اضافە بەر ئەمە، مەترسی شەری یەکم جیهانی خستیانە ناو مروڤ کە ئەمە زۆر ناخۆش بوو. بەهەرحال سیاسەتی ئەو رۆژ ئەمانەی ایجاب دەکرد کە حکومەت بەهێزی ناوەندی بۆ ئیمزاکردنی قرار دادی اسارتبار، زۆرگرینگ بو وحکومەتی ئەیالەتی و وەلایتی خطرناک تشخیص دراون! چونکە نوای غارتی مملکت دەگرتن. لە راستی دا ساڵ و نیوێک لە پاش دەست پێ کردنی شەری جیهانی دوەم، مناطقی شمال غربی (باکوری رۆژئاوا)ئێران هێزەکانی شوروی داگیری کردبوون ومناطقی خووار(جنوب وجنوب غربی) (باشوور و باشووری رۆژئاوا) هێزەکانی ئینگلیز داگیری کردبوون، یانی مناطقی کرماشان و ئیلام تا نزیک سنە و بانە و سردەشت لە ژێر فەرمانی هێزی ئینگلیزی و ئامریکادا بوون. تەنیا ناوچەیەک کە هیچ هێزی بیگانەی لە ناودا نەبوو، مهاباد، بوکان، شنو، نقدە و تا ڕادەیەک سقز و چە ند شارۆچکە و گوند بوون کە کۆماری کوردستان لە ناویان ساز کرا.

یەکی لە دەلیلەکانی کە مروڤی کورد لە ئەم ناوچەیە، کەمتر عیلاقە بە کۆماری کوردستان نیشان دەدان، ئەم تبلیغاتی زهر ئاوییە بو، کە ئینگلیزیەکان و تا هێندێک ئامریکاییەکان باشترین بودجەی ماڵی بۆیی دانابوو و هیچ عملا ئیجازەیان نەدا کە خەبەری دروست لە بارەی کۆمار بەدەستی حەتتا روشنبیرانی کوردستانی خووارو بگا.

نوکتەی دوەم نەزانی سیاسی وئیجتماعی مروڤ بوو. حەتا ئیمرو، لە ئەو جێگانە کە سیستمی سەرمایەداری هار حاکمە، پێیان خۆش نی یە کە مروڤ لە نەزەر سیاسی و اجتماعی و حەتتا کولتوری ئاگاە

بن و بزانن. ئینجا تواشای حدود ٧٠ ساڵ پێش بکیین کە ٩٠ دەرسەدەی خەڵک بێسەواد بوون و بیشتر لە ئەمە، ئەسلەن سوادی سیاسیان نەبووە و بەتایبەت لە ژێردەستی دوژمن دەژیان کە هێزە داگیرکەرەکان دایم خووازتی دیکتاتوریان لە سر بێ. تازە حکومەتی ناوەندی تاران هیبیچ علاقە بە سەوادی مروڤ نەبوو. ئیتەلاع رەسانی وەکو ئیمرو نەبووە، نە تلویزیون بوو و نە رادیو دەتوانی سەد کیلومتر بێشتر فریکونسی بوایا و نە پۆستی دروست و حسابی بوو. فەقەت رۆژنامەی کوردستان کە لە مهاباد چاپ کرا، بە دەگمن بە سنە و حتا سقز دەگەیشت. پەس واقعا خەڵک نائاگاه بوون و کەمترین اطلاعاتیان لە بارەی کۆمار هەبووە.

نوکتە سێهەم، نەخشی ئەم هێزە داگیر کەرەکان لە سەرئاموزش و پەروردەی ئیجتماعی بوو. بەم جورە کە لە پێشدا ئاماژەمان پێ کرد، ئەوان ئەرکێکیان هەبوو کە ئەم کۆمارە خراپ جلوە بدەن و بە مروڤ بێژن ئەمە ساختەی دەستی خووا نەپەرستەکانە و دەخوازن کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوە. بە ئەم جۆرە ئاماژەمان پێ کرد، ئەرکی هەمو کنسولخانەکانی ئینگلیزی ئەمە بوو کە ئەخبارگە ل، هە لە دروست بکات و لە تەواو منطقە بڵاوی بکاتەوە.

ئەم رۆ دەبینن کە زۆر کتێبی مێژویی لەم باریەوە نوسراوە وە ٩٠ دەرسەدی نوسەری، نوسراوەکان، یان کارمەندی کنسولگری بوون و یان مأمور سازمانە جاسوسیەکان. بەداخەوە زۆربەی ئەمانە، بوونەسە منابع کار "عیلمی"، حتا بو گەنجانی کورد. چۆن ئێمە خۆمان کمترین خوێندکارمان بوو، و ئیمکاناتمان نەبوو کە شتیکی واقع بینانە بنوسین.

جێگەی شانازیە ئەمرۆ دەبینن کە قشری روشنبیری کورد بە تایبەت گەنجەکانی کورد بیشتر لە منطقە ئیلام و کرماشانەوە دیتن و من لە هەر سیمینارێک گە نجانی کوردی کوردستانی خووارم دیوە، ئە وانە بە دلنیایی و دڵگەرمی ئێژن، بێ شک کرماشان پێتەختی داهاتووی کوردستانە وە کو ئەمە کە نەمر بارزانی وتویە کەرکوک دلی کوردستانە، بندە ئیژم کرماشان میژی کوردستانە و دە بیت بمینی. ئەمە بۆ من گەورەترین شانازیە کە کرماشان زیندوو بێتەوە و دەبێتە ناوەندی بزوتنەوی میلەتی کورد. هیوادارم کە ئینقلابی بعدی ببینم و بە خاتر جەمی لە سراوی ریژاو، گە ورەترین جێژن دەگرین. بە هیوای ئەو رۆژە کە لە نظر مێژویی زۆر نزیکە. زۆر سپاستان دەکەم بۆ تەحمل تان.

ئۆسلو نۆرویژ ١٩ ژانویە ٢٠١٣

ماڵپەری گیارەنگ

## با باشتر رێز لە کۆماری کوردستان بگرین



ئاگری باڵەکی

بە پێ نەریتی ساڵانە حیزبی دێمۆکرات بە هەردوو بەشەکەیەوە و بەشێکی بەرچاویش لە هێزە کوردستانیەکانی دیکە رێز لە دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی دەگرن و هەریەکەو بەشێوەیەک ئەم رۆژە پیرۆز دەکەن، دوای ٦٧ ساڵ لە داوای رووداني ئەم رووداوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر لایەنی شارەوا هەیە کە ئێمەی کورد نەک هەر نازانین بەڵکو هەوڵی زانینیشمان نەداوە، ئەوەی تا ئێستا پێمان نەزانیوە یان هەوڵی زیاترمان نەداوە بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی کۆماری کوردستان بزانین دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە زۆر رێز لە پیرۆزیەکانی خۆمان ناگرین و تەنها هەوڵمان ئەوەیە کە زۆرترخۆمان بە پیرزۆیەکان و کەسایەتیەکانەوە هەڵبواسین، ئەوەندە نێو و نێوبانگی پیرۆزیەکانمان بۆ گرینگە کە جاری وایە بۆ سەنگەر لەیەکتر گرتنیش بەکاریان دەهێنین، هیچ کات هەوڵمان نەداوە کە بۆ بیرۆکە و مێژووی شاراوەی ئەو رووداو و کەسایەتیانە بگەرێن بۆ ئەوەی کە دەرس و ئامۆژگاریان لێ وەربگرین، هەوڵی ئێمەی کورد زۆرتر نێو و خۆ دەرخستن بووە بەو رووداو و کەسایەتیانە.

کۆماری کوردستانیش لە دەروەی ئەم چوارچێوەیە نەبووە، بەبەردەوامی کۆمار بەکار هاتووە بۆ خۆ نیشاندان خۆ هەڵاوەسین پێ، ئەوەندەی نێو و نیوبانگی کۆماری کوردستان و بەرپرسانی کۆمار وەک سەنگەر بەکار هاتووە هیچکات ئەوەندە مێژوو و ئامانج و کردوەکانی بەکارنەهاتوون، هەر بۆیە ئەمە وا لە کۆماری کوردستان دەکات کە زیاتر بچوک بێتەوە تا گەورە بێت و بەبەر دەوامی هەموو ساڵێک کۆمار لای نەوەی نوێ بچوکتر دەبێتەوە، هەڵبەتە ناکرێ ئەم کەمتەر خەمیە بخەیتە ئەستۆی دەستەیەک یان لایەنێکی سیاسی، هەمووی ئێمە بەئەندازەیەک لەو بچوکردنەوەی کۆماری کوردستان خەتاباریین، خەتابارێەکەش راست ئەوەی کە ئێمە هەوڵمان نەداوە کە روخسارێکی روون و رێک و پێک ئامادە بکەین لە کۆماری کوردستان بۆ مێژوو، بە دەیان جار وا هەبووە کە لایەن شۆفینستە فارس و تورکەکانەوە کۆمار و شەخسی پیشەوا قازی محەمەد پەلامار دراوە بەڵام بەداخەوە ئێمە جگە لە چەند قسەیەکی کرچ و کاڵ و چەند فاکتێکی سواو هیچی ترمان نەبووە بۆ بەرگری کرد لە کۆماری کوردستان، شەخسی پێشەوا قازی محەمەد ئەمانە هەموو رەخنەی ئاشکران کە رووبەرووی لایەنە سیاسی و رێکخراوە کوردیەکان دەبێتەوە کە بۆ ئێمە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمانتوانیوە کە مێژوویەکی روون و ئاشکرا بۆ کۆماری کوردستان بنووسرێتەوە، ببێتە مەبنایەک بۆ فێربوونی نەوەی داهاتوو.

کۆماری کوردستان بەسادەیەوە جوانە!

لەگەڵ ئەوەیدا کە ساڵانە یان بەدرێژایی ئەو ٦٧ سالە کاری سەرەتایی کراوە بەڵام هیچکات نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە گەورەیی و گرینگی کۆمار نیشان بدات، هەربۆیە تاکو ئێستاش نەتوانراوە لەسەر مێژوو و سومبولەکانی ئەم کۆمارە تاقانەیە رێک بکەوین، ئاڵا و مێژووی رووداوەکانی تا ئێستاش شاراوەن، ئەوانە دەکرێ لەمەو بەدوا هەوڵیان بۆبدرێت و لایەن کەسانی دڵسۆز و لایەنە شارەزاکانەوە کاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی چی دیکە کۆمار لە بیر نەچێتەوە . زۆر کات ویستراوە کە یادی کۆمار بکرێتەوە یان کۆنفرانسی بۆ بگیرێت بەڵام بەداوەخەوە ئەوەی لەم یاد و کۆنفرانسانەدا باسی لیوە نەکرابێت کۆماری کوردستان بووە، هەربۆیە زۆر جار لیت تێک دەچێ کە بەراستی ئەم یادە ئی کۆماری کوردستانە یان باسێکی ترە ، لەگەڵ ئەم رەخنانەشدا هەروەک لەسەروە ئیشارەم پێکرد، پێویستە کە ساڵانە ئێمە کۆنفرانس و لێکۆلینەوەی تایبەتمان هەبێت لەسەر کۆماری کوردستان و بۆ ئەوەی زیاتر لایەنە شاراوە و نادیارەکانی کۆمار بزانین.

رەخنەیەکی جیدی تر کەهەیە لە و لایەنانەی کە ٢ی رێبەندان بەرز رادەگرن و جێژنی بۆ دەگرن، ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە دەبێ جێژنێک بگرن و ئەو یادە هەرچۆنێک بێت لەکۆڵ بکرێتەوە، هەربۆیە

مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە



فەرهەنگێکیان دروست کردوە کە پێش هەموو شتێک بۆئەوەی نیشان بدەن کە خەڵک زۆرتر بەشداری دەکات دەگەڕێن بەدوای گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆش دا دەگەڕێن و ئەوەندی بە دوای گۆرانیبێژانەوە وێڵن ئەوەندە بەدوای گوتاربێژێکی سیاسی یان لێکۆلەرێکی مێژوویی و سیاسیەوە وێڵن نین، رەخنەکە لەوەدایە کە ئێمە لە دروست کردنی فەرهەنگی غەلەت بۆ کۆمەڵگا هەنگاوی یەکەم هەڵدێنین، بۆ دەبێ لایەنێکی سیاسی بۆ ئەوەی گەورەیی خۆی بە سەر لایەنێکی دیکەدا نیشان بدات پەنا بەرێت بۆ کەسی دەنگ خۆش بۆ نابێ پەنا بەرێتە بەر کەسێکی سیاسیی یا لێکۆلەرێکی سیاسی، ئەمە چەندین ساڵە کە خەڵکی ئێمە فێر بوون بەدوای ریکلامی جێژنەکاندا دەگەڕێن و یەکەم شت کە بۆیان گرینگە کە کێ گۆرانی دەلێ لە مەراسمەکەدا، من وەک خۆم دژی شایی و خۆشی خەڵک نیم بەلام ئەم جۆرە کارانە یاد و بیرەوەری کۆمار لە بیر دەبەنەوە تا وەبیری بێنەوە، ئەم کردەوانە دەبنە هۆکارێک کە خەڵک رێز لە پیرۆزیەکانی خۆمان نەگرن ساڵ لەگەڵ ساڵ نەوەی نوێ زیاتر گرینگی ئەم مێژووەی لەیاد دەچێ و ئەگەر لەسەر ئەم جۆرە کردارنە برۆین نەسلی داهاتوو نەک لە رێز بۆ کۆماری کوردستان دانانێت بەڵکو هەر لەبیریشی نامێنێت.

لەگەڵ ئەوەیدا دەکرێ کاری گەورە بکرێت بۆ کۆمار و کەسایەتیەکانی بەلام کەم کەس و لایەنێک ئەو کارەیان کردوە، هەر بۆیە و دەکرێ لە ئێستا بەدواوە، کاری جیدی و هەنگاوی کرداری بۆ هەڵێنین و بتوانین مێژوویەک روون و ئامانجەکانی و هەدەفەکانی کۆمار دیاری بکەین، ساڵانە لە بۆنە تایبەتەکاندا بۆ نەوەی نوێ بگوازینەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا پێشنیارم بۆ هەردوو لایەنی دێمۆکرات هەیە کە زیاتر خۆیان بەخاوەنی کۆماری کوردستان دەزانن پێشنیارەکەشم ئەوەیە کە بەشێک لە ئەو مەبلەغە مادیانەی کە لە ئەو مەراسمانەدا خەرج دەکرێ یان بەدەست دێت هەڵگرن و کۆیان بکەنەوە و هەر ساڵە و لە شوێنێکی ئەم جیهانە کۆنفراسێک بۆ کۆماری کوردستان پێک بێنن، یان کۆماری کوردستان دۆکومێنت سازی بکەن ، ئەمانە هەنگاوی کردارین کە دەتوانن لە گەڵ ئەوەی شادی و خۆشی بۆ کۆمار دەکەن ئەو هەنگاوانەش هەڵبێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین بلێن کە کۆمارێکمان هەبووە کە شانازی پێوە بکەین.

١٩ی ژانوییەی ٢٠١٣

حدک میدیا

## به بۆنەی ساڵوەگەر کوماریی کوردستان،



رەشید قازی

نەرم نەرم، بەفرێکی سپی وەک گوڵلی مێخک بە سەر شان و پیلی هەژار و چەوساوەکانی شاردا دەباری. زۆری بەرگەی نەدەگرت و لە ژێر پێ شایکەران دا مەفح دەبۆوە. گوڵلی هێوا پشکوتبوو و سەرما و سەخلەتی برستیان لێبرابوو.

پێشەواکەم دەنگی ئازادی و سەربەستی چرێ. ئاڵاکەم لە ئاسمان دا شەکایەوە. ئاواتی لە مێژینەم وەدی هات و دەنگم سنورەکانی بڕی. ناوم کەوتە نێو ناوان. ئۆخەیەش، منێش کەوتمە رێزی گەلان و وەک گەلانی دیکە مافی ژیانێکی شایستە و سەردەمیانەم هەیە. ها گەلۆ دەنگی دەهۆل و زورناکەت بەرز بکەوە. خۆش بە و شاد بژی. تۆش سەربەستی سەربەست.

زۆری نەخایاند دەنگۆیەکی شووم وەک هەورە بروسکە، شاری هەژاند. دێوەزمەی شەر سمکۆلی لێکردم. هیواکان لە گرێژنە چوون.خەڵک لەش بەبار بوون و بزە لە لێوان وەک بولبول لە گوڵ تۆراِن. شارِ ،کش و مات و بێدەنگ بوو. دایە مەمدە بە گورگی. گورگ ددانی تیژە. گورگ کۆرپەکەی رفاندم و شەلالی خوێنی کرد. شەوەزەنگ بالی رەشیان بەسەر نیشتماندا کێشا و رەشپۆشێان کرد.

مانگ هات و سال تێپەری. ئەستێرەیەکی دیکە راخۆشی و ئاسمانی کوردەواری روناک کردەوە. جارێکی دیکەش شای و هەڵپەرکێە و چۆپی کوردان دەستی پێکردەوە. هیوا و ئەوین گولیان کرد. دایکی نیشتمان چارشێوی رەشی توردا و بسکی ئال و رەشی هۆنێوە و قۆلی هێمەتی بۆ وەدیهێنانی ئاواتە قەتیس بۆکان هەڵمالی. دیسان زۆری نەخایاند. ئەوجار قەلە رەشەکان خوێندیان. بۆجارێکی دیکەش بوونێان نەفی کردمەوە. دێوەزمەی شەر جارێکی دیکەش سمکۆلی لێکردمەوە. لە عەرز و ئاسمانەوە بەلاێان بەسەردا باراندم. فەرمانی ئیلاهی و جەهادێان لە دژی راِگەیاندم. کۆڵم نەدا و قورس و قایم و پتەوتر راوەستام.

زەفەریان پێنەبردم و لە داویان خستم. دیسان فێل و تەلەکە، دیسان فریوو باوەر، دیسان سادە و ساکار، زۆر هاسان مێژویان بەسەردا دووپات کردمەوە. بەلام نەک لە داوێنی چیاکانم. لە کانگای دێمۆکراسی کۆتری ئاشتی منێان پەر و باڵ کرد. چێاکانم سەر بەتەم بونەوە و دایکی نیشتمان بسکە چەرمۆکانی هۆنیوە. دیسان بۆ؟ و هەزاران جاری دیکەش هەر بۆ؟.

ها گەلۆ نەکەی سەر بە تەم و خەم بی. ئەگەر دۆێنی لە چۆارچرای مەهاباد سێ دانە شۆرە لاوی کورد، سێ دانە پێشەواێان وەک مێلاق بە دارێوە کرد. ئێمرۆ هەزاراِن پێشەوا لە چۆار قوورنەی دونێاوە هەر لە هەولیر و سیدنی و ستکهۆلم و ئۆسلۆ و کۆپێنهاگ و پاریس تا واشینگتۆنەوە وانەکانی پێشەوا دەلێنەوە. شاد بە. زورناکەت بژنە و دەهۆلەکەت بکوتە. دونێا دونیای کوردانە. ٦٧ سالە سەرکوت و کوشت و برین و تۆانەوە نەیاتتۆانیوە ئەوین برت بکەن. یەستاش ئەستێرە گەشاوەکەی ئاسمانی کوردەواری. یەستاش هێز و تۆانامی روناکیدەری ئامانجەکانمی. یەستاش دەنگی موزیک و دەهۆڵ و زوورنا تێکەڵ بە روناکی لامپەکان و هالاوی گەرمی شاییکەران نەرم نەرم کلۆ بەفرەکانی ئاسمانی شێنی مەیلەو تاریکیم لەدلی خۆیدا دەتۆنێتەوە. یەستاش مەکەتەبی پێشەواکەم پێشاندەری رێگای خەباتمە. هاا قازی ئارام بگرە هەلویست و مەشعەلی خەبات و ئاڵاکەت لێرەو لەوێ دوورو نیزیک هەروا بەرِز و شکاویە. هاا ئەلێرە سەدان نەفەر لە کیژ و لاوانی کورد سەدان پێشەوای دیکە ئاهەنگی ئامانجەکانت یاد دەکەنەوە. ها کۆمارەکەم تۆ نە مری وەک شاخ وەک کانێاوو. تۆ ئاهەنگی تەپلی سەرکەوتنی منی. دەبا پیرۆز بێ ساڵرۆژی دامەزرانت. . دیسان شایی و هەڵپەرکێەی کوردانە. دیسان دەنگی دەهۆڵ و زۆرِنایە دیسان شایی ....و هەڵ... کورد...

٢٢ی ژانوییەی ٢٠١٣

# مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان



هاشم رۆستەمی

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە بەرچاو و مەزنەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوی کورد، کۆماری کوردستانە. ئەو کۆمارەی کە لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی بە هەوڵ و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، لە لە لایان پێشەوای مەزنیی کوردەوە لە مەیدانی چوار چرای شاری مهاباد راگەیەندرا. گەر تەمەن مەودا بدا لە وتارێکی دیکەدا باسی ئەوە دەکەم کە بە پێچەوانەی نەزەری ئەو کەسانە کە باسی ئەوە دەکەن، کۆمار خودموختار بووە نەک سەر بەخۆ، ئەمن بە ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاری روون پێ لە سەر ئەوە دادەگرم کە کۆماری کوردستان سەر بەخۆ بووە نەک خودموختار. بەڵام لەم نووسراوەیەدا مەبەستم ئەوەیە کە باسێکی دیکە بهاروژێنم، تا خاوەن نەزەران و دڵسۆزانی حیزب و گەل هاو کار بن لە راست کردنەوەی هەڵە و کەم و کورپەکان.

مێژووی نەتەوەیەک یان مێژووی حیزب و جووڵانەوەیەک تەنیا بریتی نیە لە سەرکەوتن و شانازی خوڵقاندن. مێژوو ئەوەیە کە رووی داوە، بە چاک و خەراپیەوە، بە سەر کەوتن و شکستیەوە، بە رۆژی لە دایک بوون و رۆژی شەهید بوونەوە.

زۆر سروشتیە کە لە بیرەوەری رۆژە خۆش و پر دەسکەوتەکاندا شادی بکەین و جێژن بگرین. بەلام لە هەمان کاتدا نابێ رۆژە تاڵ و ناخۆشەکانیش فەرامۆش بکەین. هەر وەک چۆن لە ١٠ای خاکەلێوەدا مەراسیم دەگرین و یادی شەهیدەکانمان زیندوو رادەگرین. رێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرین، پەیمانی وەفاداری و بەردەوام بوون لە سەر رێگەی خەباتیان دووبارە دەکەینەوە.

ئێستا لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی ئێمەدا ٢ی رێبەندان، رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی جێگەو پێگەی خۆی گرتووە و هەمووساڵێک لە هەر جێگایەک کە کوردستانیان بۆیان لوا بێ ئەم یادەیان بەرز و پیرۆز را گرتووە.

ئەوانەی کە هەر کەمێک شارەزای مێژووی بزووتنەوەی گەلی کورد بن، دەزانن کە مخابن کۆماری کوردستان هەر ١١ مانگ دەوامی هێنا و، لە لایان دوژمنانی کوردەوە کۆتایی بە دەستەڵاتە دێموکراتیکەکەی هات. بەڵام کەی و چ رۆژێک؟ بۆ تا ئێستاش رۆژی ئەو تراژیدیایەی نەتەوەکەمان لە مێژووی ئێمەدا باسی لێوە ناکرێ؟

دامەزرانی کۆماری کوردستان ئاواتی سەدان ساڵەی خەڵکی کوردستان بوو، ئێستاش خەباتکارانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بە هیوای زیندوو کردنەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بە گژ دوژمنانی گەلدا دەچنەوە. کە وابوو بە بروای من هەم بێ دیققەتی و هەم نارەوایەکی گەورەیە دەرحەق بە کۆماری کوردستان کە لە رۆژی رووخانی کۆماردا ئێمە جێژن بگرین و شایی و هەڵپەرکێ بکەین. ئەوە زیاتر لە چارەگە سەدەیەکە هەموو ساڵێک ئێمەی دێموکرات، ئێمەی درێژەدەری رێگەی پر لە شانازی کۆمار، لە رۆژی مەرگی کۆماردا شایی و هەڵپەرکێ دەکەین. ساڵ بە ساڵێش بەزمەکە خەستتر دەکەین.

با روونتر بچمە نێو ئەو باسە. ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی خەڵکی خرۆشاوی شاری مهاباد بە دەست بە سەر داگرتنی شارەبانیی ئەو شارە، ئاخرین نمادی حکومەتی پاشایەتیان لەو شارە پاک کردەوە"، ( هێندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە گرتنی شارەبانی مهاباد لە ٢٦ی رێبەندانی ١٣٢٣دا بووە نەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ) بەلام ئەوە روونە کە هەر ئەو رۆژە، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤، بە شکۆیەکی تەواوەوە رێ و رەسمی هەڵکردنی ئالای کوردستان، لە مهاباد و هێندێک شوێنی دیکە بە رێوە چوو. بەم شێوەیە ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی، وەک رۆژێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی خەڵکی کوردستاندا، بوو بە رۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان.

لە ٢ی رێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا کۆماری کوردستان راگەیاندرا، هەر وەک ئاماژەم پێ کرد مخابن کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگ تەمەنی بوو کە لە لایان ئەرتەشی حکومەت پاشایەتی ئێرانەوە هێرشی کرایە سەر و بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا دارێژراو، راست لە ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا، واتە لە سالوەگەری رۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستاندا، ئەرتەشی ئێران شاری مهاباد، واتە پایتەختی کۆماری کوردستانی داگیر کردەوەو، بە کردوە کۆماری کوردستانیش کۆتایی بە تەمەنی ١١ مانگەی هات. کەوابوو ٢٦ی سەرماوە هەم رۆژی هەڵکردنی ئالایە و هەم رۆژی تێکچوونی کۆماری کوردستان.

نزیک ٤٠ ساڵ دوای ئەو رێکەوتە، واتە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دەی هەویست بۆ رێز گرتن لە خەباتی فیداکارانەی پێشمەرگە رۆژێک دیاری بکات، بۆ ئەو مەبەستە بە بێ ئەوەی ئەو کات مەسەلەی هەڵدانی ئالا زۆر زەق بکرێتەوە، راست رۆژی هەڵدانی ئالای کوردستان وەک رۆژی ریز گرتن لە خەباتی پێشمەرگە دیاری دەکرێت و لە کاتەوە هەموو ساڵێک ئەو رۆژە دەکرێ بە جێژن و، بە خۆشیەوە ئەوە چەند ساڵێکیشە هاوکات باس لە رۆژی هەڵدانی ئالاش دەکرێ. بەڵام مخابن ئەوەی جێگەی لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە کە تا ئێستاش لەو مەراسیمانەدا باسێک لە رۆژی تێکچوونی کۆمارە جوانە مەرگەکەمان نەکرێ.

لێرەدا روو دەکەمە رێبەرایەتی هەردوولای دێموکرات تا لە و بوارەدا چاوخشاندنەوەیەک بە مناسبەتەدا بکەنەوە. ناکرێ و نابێ، لە رۆژی مەرگی کۆماردا، لە ژێر هیچ ناو و پاساوێکدا بیکەینە شایی و هەڵپەرکێ. ریز گرتن لە پێشمەرگە و خەباتی فیداکارانەشی تەنیا شایی و هەڵپەرکێ نیە. با لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە و ئالا و تێکچوونی کۆماردا، رەنگ و روویەکی دیکە بدەینە ئەو مناسبەیە. ولاتانی تر و نەتەوەی تریش رێز لە خەباتی هێزی چەکداری خۆیان دەگرن، بەلام نەک بە هەڵپەرکێ.

٧ی ژانوییەی ٢٠١٣

رۆژهەلات تایمز

## دوو ڕوانین. عەبدوڵڵای حەسەنزادە



ئەم ڕۆژانە لە سایتی ڕۆژهەڵاتتایمزدا وتارێکم خوێندەوە بە قەڵەمی هاوڕێو دۆستی خۆشەویستم کاک هاشمی ڕۆستەمی لەژێر سەردێڕی "مەرگی کۆمارو هەڵپەڕکێی دێموکراتەکان"دا. پوختەی وتارەکە ئەوەیە کە دێموکراتەکان وەک نەزانن کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەروەک لە ساڵی ١٣٢٤دا ڕووداوی مێژوویی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهابادی تێدا بووە، ساڵی ١٣٢٥یش شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستانی تێدا گیراوەتەوە، هەموو ساڵێ بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە یان ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا جێژنو شاییو هەڵپەڕکێ وەڕێ دەخەن.

ئەمنو کاک هاشم بێجگە لەوە کە هەردووکمان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانین، دۆستایەتیو تێکەڵاوییەکی گەرمیشمان لەنێودا هەیەو لەوەش زیاتر لە بیروبۆچوونی سیاسیدا زۆر لێک نیزیکین. بەڵام هەروەک گوتوویانە هیچ دوویەک ناتوانن لە هەموو شتێکدا وەک یەک بچن، ئەم دووانەشمان هەرنەبێ لێرەدا دوو بۆچوونو دوو ڕوانینی جیاوازمان هەیە. بۆ ئەوەی بچمە نێو باسەکەوە پێمخۆشە لەپێشدا هێندێ ڕاستیی مێژوویی وەبیر بێنمەوە، جا ئەوجار بیروبۆچوونی خۆم لەسەر بابەتەکە دەرببڕم:

١- هەروەک کاک هاشمیش بەجۆرێک ئاماژەی پێداوە، شارەبانیی مەهاباد وەک دوا نوێنگەی دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی لە موکوریانی ئەو سەردەمەدا مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٣ لە لایەن خەڵکی مەهاباد یان بڵێین سوپای میلیی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، نەک لە سەرماوەزی ١٣٢٤دا. ئەوە کە هەتا ئێستاش جاروبار لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا ڕۆژی٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بە ڕۆژی دەستبەسەرداگرتنی شارەبانیی مەهاباد ناو دەبرێ بەرهەمی هەڵەیەکی خوالێخۆشبوو کاک کەریمی حیسامییە کە لەکتێبی "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"دا وای هێنابوو.

٢- بۆ ئەوەی هەقی کەس نەفەوتابێ، دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێم کە ئەم دواییانە هاوڕێی بەڕێزم کاک عومەری باڵەکی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماردا دیتبوویەوە کە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بەڕەسمی لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری کوردستانەوە ناوی جوانو پڕبەپێستو پیرۆزی "پێشمەرگە" لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد دانراوە. وەک لە دوایە باسی دەکەم ئەگەر ساڵی ١٣٦٣ یان ١٩٨٤ ئەو ڕاستییە مێژووییە لەبیر بایە، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بۆئەوەی بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگە زۆر گونجاوتر بوو. ئێستاش ئارەزوو دەکەم هەر ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان -هەموو کوردستان-.

٣- ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ ڕێکەوتی ١٢ی دیسامبری ١٩٤٦سوپای ڕێژیمی سەرەڕۆی حەمەڕەزاشا شاری تەورێز پێتەختی "حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان"ی گرتەوەو ئەو حکوومەتەی ڕووخاند. پێمان خۆش بێ یان ناخۆش بە ڕووخانی حکوومەتی ئازەربایجان هیچکەس چووکترین هیوای بە مانەوەی کۆماری کوردستان کە لە هەموو بارێکەوە بەتەنیا مابۆوە نەمابوو. بەو پێیە دەتوانین بڵێین ڕۆژی ڕووخانی ئازەربایجان بەکردەوە ڕۆژی ڕووخای کوردستانیشە. خۆ ئەگەر ئەوەش بە بڕیاری ڕەسمیی ڕووخانی کۆمار دانەنێین دەزانین کە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز لە کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباسئاغای مەهابادا ڕێبەرانی کۆمار قبووڵیان کرد کە ناتوانن بەرگری لە کۆمار بکەنو چارەی کار خۆبەدەستەوەدانە. بەو پێیە ئەگەر ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز بە ڕۆژی ڕووخانی کۆمار دابنرێ زۆر گونجاوترە تا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ . خۆ ئەگەر وەک دەڵێن لەباری "ئارمانی"یەوەش لە مەسەلەکە بڕوانین ئەوا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ ڕێکەوتی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ ڕۆژی ڕووخانی کۆماری کوردستانە. چونکە لەو ڕۆژەدا بوو کە دڵسۆزانی کورد کۆشکی هیوایان ڕووخاو تەمابڕاو بوون کە لە دوارۆژێکی نیزیکدا هەڵاتنەوەی خۆری ئاوات بەچاو ببینن.

٤- خەڵک ماون کە دەزانن ساڵی ١٣٦٣ بە پێشنیاری منو پەسندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگە دانراو دواتر لە کومیتەی ناوەندییشدا پەسند کرا. بەڕاستی ئەو کات ئەمن نەمدەزانی کە شارەبانیی مەهاباد لەو ڕۆژەدا نەگیراوە. بەڵام لەوە غافڵ نەبووم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە. بۆیە دوای ئەوەی زۆر ڕۆژی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕ دەگەڵ لەشکریانی کۆماری ئیسلامیدا پێشنیار کرانو لەبەر ئەوەی نەوەک هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە بە غەدر لەخۆیانی بزانن پەسند نەکران، ئەمن گوتم ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەم ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەو هەم ڕۆژی یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەیە کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی لەسەر دانرا. کەوایە با ئەو ڕۆژە دابنێین چونکە پێشمەرگەی هیچ ناوچەیەکو هیچ هێزێک بە غەدر لە خۆیانی نازانن. هەر لەوێشدا گوتم بۆ ئەوەی هەڵلای حیزبو ڕێکخراوە ئێرانییەکانیشی لەسەر ساز نەبێ، لە دەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵا ناکەینو وەک لە زاراوەی سیاسیدا دەڵێن "مشکی تێدا دەکوژین". ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی پەسندی کردو دای بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیو لەوێشدا بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

پاش هەمووی ئەمانە دێمە سەر ئەسڵی مەبەست. ئەمن لەمێژەو بە دەیانجار زۆر بە داخوکەسەرەوە گوتوومە نەتەوەی ئێمە چونکە کەمتری خۆشی لە خۆی دیوەو کەمتر سەرکەوتنی تاقی کردۆتەوە ڕۆژە دەرەوشاوەکانی کەمتر دەبینێو پتر یادی ڕۆژە تاڵەکانی دەکاتەوەو تەنانەت هێندێجار ڕۆژە گەشەکانیشی بەناوی ڕۆژە ڕەشەکانەوە یاد دەکاتەوە. نموونەیەک دێنمەوە: ئێستا ئەگەر لە دەیان کوردی خوێندەواری دەرەوەی کوردستانی ئێرانو تەنانەت کوردستانی ئێرانیش بپرسی "مەیدانی چوارچرا" کوێیە؟ لەسەداهەشتاو بگرە زیاتریش -ئەگەر بزانن چوارچرا لە کوێ هەڵ کەوتوە- دەڵێن ئەو شوێنەیە کە ساڵی ١٩٤٧.١٣٢٦ پێشەواقازی محەممەدی لێ لەسێدارە دراو زۆر بە دەگمەن یەکێک پێت دەڵێ ئەو مەیدانەیە کە ساڵی ١٣٢٤، ١٩٤٦ دامەزرانی کۆماری تێدا ڕاگەیەندرا. واتە نەگبەتییەکەمان لەبیرەو سەرکەوتنەکەمان نابینین.

بەڵام خەڵکی دیکەو بەتایبەتی دوژمنانی کورد وا نین. نموونە: ساڵی ١٣٢٤، ١٩٤٥ لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز ١٢ی دیسامبردا حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان لە تەورێز دامەزرا. ساڵێک دواتر ڕاست لەو ڕۆژەدا سوپای کۆنەپەرستیی شاهەنشاهی تەورێزی داگیر کردەوەو حکوومەتی ئازەربایجانی ڕووخاند. کەچی ڕاگەیاندنی ڕێژیمی پاشایەتی قەت جارێک لە جاران لە دوورونیزیک ئاماژەی بە دامەزرانی حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان نەکردو بە پێچەوانە هەمووساڵی بە ناوی "ڕۆژی نەجاتی ئازەربایجان" یادی دەکردەوەو دەیکردە جێژن.

کەوایە ئەمن دەڵێم ئەگەر واشی دابنێین کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەروەک ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، ڕۆژی ڕووخانی کۆماری کوردستانیشە، با ڕۆژەکانی سەرکەوتنمان زەق کەینەوەو تۆوی هیوا لەدڵی ڕۆڵەکانی بەرەی نوێماندا بچێنین بەتایبەتی کە ئەمڕۆ لە ئاسۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانەوە ڕۆژانی خۆشیو سەرکەوتن سەرەتاتکێمان بۆ دەکەن.

ئەمن دەڵێم دەستو دەمو قەڵەمو قەدەمی هەموو ئەوانە خۆش بێ کە هەتا ئەمڕۆ وتاریان بۆ ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی خێرو خۆشیی کورد نوسیوە، گۆرانییان بۆ چڕیوە، شێعریان بۆ داناوە یان زەماوەندیان بۆ گێڕاوە. با لەمەودواش هەموو ساڵێ ساڵبەساڵ بەجۆشتر، جەژنی ٢٦ی سەرماوەز بگرین وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردەستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەتایبەتی کە ئەمساڵ پارلمانە خۆشەویستەکەی کوردستان لە بڕیارێکی مێژوویی دا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ١٧ی دیسامبری وەک ڕۆژی ئاڵا بەڕەسمی ناسی و بەمجۆرە کورد گوتەنی بۆت جەژنی دووجەژن.

٨ی ژانویەی ٢٠١٣ گیارەنگ

# دوورگەی بەختەوریی مرۆڤی کورد



ئەیوب ئەیوبزادە

پێتەختی کۆمار، شاری مەهابادە. مەهاباد لەو کاتەدا "وەک گوندێکی گەورە وایە و بنەمای ئابووری و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەوێدا درێژەی شێوەی مەعیشەت بەرهەم هێنانی لادێیە. لە سەنعات و کارخانەو کارگە و سەرمایەدار و چینی کریکار و بۆرژوازیی گەورەو پەرەگرتوو هەواڵێک نییە و تەنیا جەماوەرێکی کەم بە کاری تیجارەت و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەوە خەریکن کە هەر چەند باری ژیان و پەرەگرتنیان روو لە پێشکەوتنە بەڵام هێشتا دە ژێر دەسەڵاتی ملکدار و دەرەبەگەکاندان".١

تەنانەت "ئەو کات لە مەهاباد کەرەسەیەکی وەک بڵیندگۆش نەبوو، جارچی هەواڵەکانیان جار دەدا. رەسوڵ شاڵی یەکێک لەو جارچیانە بوو. بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە بڵیندگۆیەکی هێناو لە بەرانبەر مەحکەمەی قازی، لە دوولاوە لە دارتێلانیان قایم کردبوو، ئاواز و گۆرانی، یان هەواڵ و قسەی رێبەران، یان قورئانی لەسەر بڵاو دەبووە".٢

"دانیشتوانی مەهابادی سەردەمی کۆماریش بەگوێرەی بەڵگە و سەرژمێرییەکانی دەوڵەتی بە ١٦٤٥٥ کەس مەزندەکرابوو. لەو رێژەیەش ٨١٩٩ کەس ژن و ٨٢٦٦ کەسیش پیاو بوو. سنوور و کەوشەنی کۆماریش نەیتوانی بۆ هەموو شارو مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پەل بهاوێ. لە دوای مەهاباد، بانە و سەردەشت و بۆکان و شنۆ و نەغەدە لە زمرەی گرینگترین شارەکانی ژێردەسەڵاتی جمهووری بوون. بۆ وێنە بەگوێرەی ئاماری ئەرتەش، رادەی دانیشتوانی بۆکانیش لەو کاتەدا گەیشتۆتە ٣٠٧٤ کەس و شاری شنۆش ٢٢١٢ کەس بەراورد کراوە". ٣

لەو نێوەشدا تەمەنی سەرکۆمارییەکەی پێشەوا پتر لە ١١ مانگی نەخایاند. لەو ماوە کەمەشدا نەیدەتوانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی دانیشتووانی ژێردەسەڵاتی جمهوری پێکبێنێ. خەوی بنەبڕ کردنی هەژاری و برسێتی و دادی کۆمەڵایەتی و رێگاوبان بۆ ژیانی ئینسانی کورد لە ماوەیەکی ئاوا کەم دا نەیدەتوانی وەلام بدرێتەوە. کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەش لەم دورگەیەدا کۆمار و سەرکۆمارەکەی بۆ خەڵک خۆشەویست بوون و لەژێر سێبەری دا خەلک هەستیان بە ئارامی و ئۆقرەیی و حەسانەوە و بەختەوەری دەکرد.

ئیتر ئاسەوارێک لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دامودەزگاکانی تاران نەمابوو. ژاندارمە و بەرتیلخۆریی لەشکری و ئیداری کە تا ئەو کات تەنگیان بە ئینسانی کورد هەڵچنی بوو، شوێنەوارێکیان لێ نەمابوو. پاش چەند چەرخ خەبات هەستێکی لەخۆ دڵنیابوون لەنێو ئەو گەلەدا پەیدا ببوو کە ژێردەستەی کەس نەبێ و دەتوانێ بگاتە ئەو رادەیە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. هەر بۆیە لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکان و کەندو کۆسپەکانی سەر رێگا لە دوای راگەیاندنی کۆمار بەرنامەکانی پێشەوا بە دوو ئاقار دا وەگەڕ خران: بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەنجامدانی ریفورم و چاکسازیی هەمە لایەنەی پەروەردەیی و کولتوری.... پێشەوا بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا بەرنامەی چاکسازی هەموو ئەو لایەنانە بگرێتە خۆو هیچ بوارێک لەو بوارانە پەراوێز نەکرێ.

دامەزراندنی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" یەکێک لەو هەنگاوانە بوو. کۆمپانیای پەرەسەندن، ئەرکی بەرپرسایەتی و رێکخستنی پێوەندییە ئابورییەکانی کۆماری لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئەستۆ بوو. لەم پێوەندییەدا:

"لە نەتیجەی جەلەسەی رۆژی جومعەی ١٩ی رێبەندانی ٢٤ وا قەرار درا سەرمایەی ئەسڵی شیرکەت بە یەک ملیون تمەن دانراوە کە سوڵسێکی نەغدە و دوو سوڵسی دیکەی قەبزی سپەردەی دوخانییەیە لە کەسانێکی پولی نەغدیان نەبێ قبوڵ دەکرێ بەڵام قازانجیان بۆ حساب ناکرێ هەتا وسولی پولی ئەو قەبزانە و شیرکەتی تەرەقی موجاز کرا سەرمایەی خۆی بە دوو موقابیل مەبلەغی ئەسلی زیاد بکا کەسانێکی تا ویستا کە سەهمیان نەکڕیوە ئەوانیش دەتوانن بە قەبزی سپەردەی دووخانییە هەر چەند سەهمێک مایل بن بکڕن. هەر سەهمی شیرکەت عیبارەتە لەیەک هەزار تمەن. لە بەرواری ئەو نووسراوە قەبزی سپەردەی دوخانییە قبول دەکرێ هەتا ئاخر مانگی رەشەمەی ١٣٢٤ هەر کەس قەبزی خۆیان بەنێوی شیرکەتی تەرقی کوردستان ئینتقال بدەن". ٤

پێشەوا لە جێژنی بونیادنانی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" کە لە لایەن بەزازانەوە بە بۆنەی سەربەخۆیی کوردستان دەستی بەکار کردبوو، دەڵێ:

"لازمە کە ئەمە رێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە. شیرکەتی تەرەقی دەبێ تەوسیعەی پێ بدرێ و رەوابیتی تەجارەتی لە هەموو کوردستاندا بەرقەرار بکرێ. حکوومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆر دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەورۆ تەغییر بدا. مەسەلەن، فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ وە تەوسیعە و تەرەقی و ئیجادی ئەوانە دا سەعی و جیددیەت بکرێ". ٥

پێشەوا بەوپەڕی پەرۆشەوە داوای لە ئەندامانی نەتەوەکەی دەکرد و دەیگوت: "ئەی خۆشەویستەکانم وەختی میللەتی کورد بەختیار دەبێ کە ئێمە واز لە مەنافیعی شەخسی بهێنین... هەر وەکوو کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین کاری میللەتیش وا بخەینە رێ. کاری شەخسی وەپێش کاری عموومی نەخەین... مەدرەسە لە دیهاتەکان بکەنەوە، بیمارستان دروست بکەن، یاریدەی هەژاران بدەن، کارخانە بکرن... پووڵ نێوی ئنیسان بڵیند ناکا، بەڵکوو خزمەت بە میللەت و نیشتمان ئەستێرەی سەر شانی ئینسانە". ٦

بەڵام گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی کۆمەڵی کوردەواری یەک و دوو نەبوون. سەدان ساڵ داگیرکراویی کوردستان و ژێر دەستیی کورد لە ئێران، رێگەی ئەوەی نەدابوو بنکە و بونیاتی بەرهەم هێنان لەو وڵاتە دابمەزرێ و گەشە بکا. هەر بۆیە ئەم وەزعە، کاری کردبووە سەر خودی کۆماریش. خەزێنەی کۆمار لە راستیدا بەتەواوی بەتاڵ بوو. ماڵیات وەرگرتن تەنیا سەرچاوەی هەرە گرینگی کۆمار بوو. هەر بۆیە بۆ کرانەوەی دەستو باڵی کۆمار:

"بە دەستووری حزبی دموکراتی کوردستان لە رۆژی ٢٠ی بەفرانباری١٣٢٤ هەیئەتی مالیات بردرآمد تشکیل دراو دەستی کردوە بە کار. تصویب کرا هەوەل مالیاتی شاری وصول لە پاشان دێهات دەس پێ بکرێ". ٧

ئەم هەنگاوانە ئەگەرچی لە سەرەتای پێوانی رێگایەکی دوورودرێژدا بوون و لە راستیدا هێشتا بە مانای دەسپێکی کار بوو، بەڵام بەخێرایی کاریگەرییەکانی خۆی دەردەخست.

"مەهاباد لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار بوژانەوەیەکی ئابوری و ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کە ئەم گەلە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا بەخۆیانەوە نەبینیبوو. حکوومەت خەرجی و مەسرەفی خۆی لە باجو خەراج کۆ دەکردەوە، حیزب ئابونەی ئەندامانی خۆی وەردەگرت و خیزانە دەوڵەمەندەکانیش پیتاکیان دەدایە. سەرەک خێڵەکانیش بۆ ئەوەی گوێرایەڵی خۆیان بە حیزب بسەلمێنن پیتاکیان دەدا". ٨

**لەو لاشەوە:**

"کۆماری کوردستان دەستی بە بازرگانیی راستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد و بەتایبەتی فرۆشتنی توتن بە یەکیەتی سۆڤیەتی و کڕینی زۆر کەرەستە لەم دەوڵەتە گەشەیەکی تایبەتی بە بازرگانی دابوو و ریگای بۆ باشتربوونی وەزعی ئابووری خۆش کردبوو". ٩

شان بەشانی هەوڵدان بۆ گەشەی ئابووری و بازرگانی، گرینگیییەکی تایبەتیش درا بۆ ئەوەی گەندەڵیی ماڵی نەتوانێ روو لە دەزگاکانی حکوومەتی بکا. هەر بۆیە لەو قەوارەیەدا بەرتیل خواردن و گەندەڵیی ئیداری بە تاوانێکی گەورە دادەنرا:

"لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی مەئمورینی حکوومەتی کوردستان رادەگەیەنرێت، هەرکەس لە هەر رێکەوە بە هەر نێویک لە تمەنێک تا چەند تمەن بو هەڵسووراندنی کارێکی (چ قانوونی، چ شەرعی و غەیرە) بەرتیل و ریشوە بداو یا وەربگرێ لە پاش مەعلووم بوون بە خائینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ...". ١٠

بەڵام سیستمی لێپرسینەوە تەنیا هەر بە قسەو لەسەر لاپەری کاغەز نەبوو. بەڵکوو بە کردەوەش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی لێپرسینەوە دەهاتە ئاراوە. رۆژنامەی "کوردستان" لەم بارەیەوە وێنەیەکمان دەداتە دەستو تێیدا هاتووە:

"کێشان بۆ محاکەمە... کە کراوەتە سەرۆکی گومرگی خانێ (لاجان) بە تاوانی صادر کردنی چەند جەوازی غەیرە رەسمی و جەعلی لەسەر کار دەرکراو بۆ دادگایی کردن بانگ کرا". ١١

هاوکات لەگەڵ ئەوە:

"لەسەر دەستووری وەزیری بەرزی جەنگ بەتەواوی برایانی کورد و هاونیشتمانانی کوردستان راگەیەندرا کە هەرگاه کاریکی خلافی اصولی دیموکراسی و برایەتی لەلایەن مەئمورانی هیزی کوردستان هەر لە پێشمەرگە یان ئەفسەر نەسبەت بە ئەفرادی نەتەوەی کورد روو بدات و یا داوای رشوە و غیرە بۆ پێکهێنانی کاروبار بکەن پێویستە بە زوویی مقاماتی هیز و ایدیکە لە حقیقەتی موضوع ئاگادار بفەرموون والا بە پێچەوانەی ئەو بەخشنامە اگر رفتار بکری قطعا" مجازاتی هەردووک لا بە ئەندازەی یەک دەبێ".١٢

بۆ پتەوتر کردنی پێوەندیی نێوان پێشەوا و خەڵک، رێبەرانی کۆمار بیرێکی ژیرانە دێننە ئاراوە. دانیشتوانی کۆمار، دەیانتوانی گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی خۆیان، بە سەرکۆمار رابگەیەنن. نووسینی نامە یەکێک لەو ریگایانە بوو. لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا هاتووە:

"عنوانی نووسراو بۆ ریاست جمهور:

بەپێی دەستوری ژمارە ١١٥٩- ٢٢ی رێبەندانی١٣٢٤ کومێتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا ملت بییەوێ دەدری دڵی خۆیان یا احساساتێک بە نووسین پێشەکشی رەئیسی جمهوری کوردستان بکەن عنوانی نووسراو تەنیا دەبێ: (رەئیس جمهوری کوردستان) بێت".١٣

جۆری نەتەوەخوازیی کۆمار لە چەشنی نەتەوەخوازیییەکی عەدالەت خوازانە بوو. واتە هاوکات لەگەڵ گرینگی دان بە رزگار کردنی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران و بەهێند گرتنی کار و تێکۆشانی کولتوری و پێداویستییەکانی ژیانی روحیی ئەندامانی نەتەوە، لە هەمان کاتیش دا لە هەوڵی ئەوە دابوو ئاوڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کوردیش بداتەوە. بواری لەشساغی و مەسەلەی دابین کردنی دوکتورو دەرمان بۆ توێژی هەژار و بێداهاتی کوردستانی یەکێک لەو بوارانە بوو. ٦٢ ساڵ لەمەوبەر لە دڵی قەوارەیەکی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا بڕیار دەدرێ دوکتور و دەرمان بۆ هەژارانی ئەو وڵاتە بەخۆڕایی بێ.

**هەر بۆیە:**

"لەلایەن وەزیری بهداری کوردستانەوە راگەیەنرا کە ئەوانەی فەقیر و دەستنەڕۆیو بن نامەی ئیدارەی شارەداری لەمەڕ هەژاریی خۆیان وەرگرن بەخۆڕایی معالجە دەکرێن و دەرمانیان دەدرێتێ". ١٤

راستە بۆ ژیانی مرۆڤ لاکردنەوە لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان گرینگیییەکی تایبەتی هەیە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ بیر بکاتەوە و بژی، نانی گەرەکە، بەڵام نانیش بەبێ ئازادی میللی و سەروەریی نەتەوەیی و رزگاریی نیشتمان ناتوانێ حەسانەوە و رەزامەندیی راستەقینە بۆ مرۆڤ دابین بکا. ئەویش بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد، کە بە درێژایی چەنای چەند ساڵ بە تاوانی کوردبوون سەرکوت کرابوو، بەهرەمەند بوون لە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی توانی سوکنایییەکی گەورەی پێبدا. بە بەجێ هێشتنی سەردەم و رۆژگاری ترس و خۆف و نکۆڵی کردن لە بوون و مەوجودییەتی، ئەو جار دەیتوانی بیر لە دابین کردنی ویستەکانی تریشی بکاتەوە.

بەر لە هەر تشتێک مرۆڤی کورد بۆن و بەرامە و تامی ئازادییان چەشت. ژیانی ئازادی بەدوور لە سەرکوت و هەڕەشەی هێزی داگیرکەریان تاقیکردەوە، کیان و سەروەریی نەتەوەیی خۆیان دیت. هەستیان بەوەکرد ئەوانیش وەک کورد چییان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە. ئەویش دەتوانێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ و بۆخۆی چەرخی چارەنووسی خۆی بەڕێوە بەرێ. لەم دورگەیەدا ئیتر کەس نەمابوو نکۆڵی لە ناسنامەی میللی و نەتەوەیی بکا. زمانێک کە جاران هەوڵ بۆ توانەوەی دەدرا، بوو بە زمانی فەرمیی کیانەکە. لە قوتابخانەکان بوو بە زمانی رەسمی لە راگەیەنە گشتییەکانیش هەر بە هەمان شێوە.

"گەلێک کە سەدان ساڵ ژێردەست نەبووبێ، زۆرداری چەند دەوڵەتی نەچێشتبێ و هەموو وەختێک خۆی لە نیشتمانی خۆی دا زیندانی هەست نەکردبێ، ناتوانێ قەدری ئەو ئازادییە بزانێ کە لە کۆماری کوردستان دا وەدەست گەلی کورد کەوتبوو، نەک هەر کورد ژێردەست نەبوو، بەڵکوو چەکی لەشان بوو و پاش سەدان ساڵ شەخسییەتی ئینسانێکی تەواوی پەیدا کردبوو، خۆی بە کەمتر لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە دانەدەنا و دڵنیایی بەخۆی و هیزی خۆی پەیدا کردبوو". ١٥

سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا کۆماری کوردستان بەتەواوی سەقامگیر نەببوو لە ناو گێژەڵوکەی سیاسیدا دەژیا و هەردەم لەگەل مەترسیی مەزن بەرەورووڕوو دەبوو، بەڵام پێشەوا دیسانیش نەیهێشت ئەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزە شوێن لەسەر پرۆژەکانی دابنێ. یەکێک لە گرینگترین بواری ئەو پرۆژانەی پێشەوا، کارو تێکۆشانی کولتووری و رۆشنبیری بوو. پێشەوا زۆر لەوە بەپەلە بوو کۆمەڵی کوردەواری لە دواکەوتوویی رزگار ببێ، نەخوێندەواری بنەبڕ بکرێ، قوتابخانە و شوێنی پەروەردە و بارهێنان دابمەزرێ.

هەر بۆیە روانگە و دیدی پێشەوا تەنیا لە ئاستی تیئۆری و خیتابێکی رووتی سیاسییەوە نەمایەوە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی دەلاقەی پشت گوێخرانی دەیان ساڵەی کورد، بۆ فێربوونی عیلم و زانست هەنگاویتری بەکردەوەی پێویست بوو. کورد ئیتر لەو رۆژگارەدا سەردەمی بێکیانی تێپەڕ کردبوو، خاوەنی کۆمار و سەرکۆماری خۆی بوو. کابینە و وەزیری خۆی هەبوو، هەربۆیە بەخێرایی فیکر و روانگەی سەردەمییانەی پێشەوا دەیتوانی لە کردەوە دا بێتە دی و راگەیەندرا:

"لەسەر ئەمری پێشەوای معظم و قەراری (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەوەی بەدواوە پیوسیتە بۆ بەرەو پیدان و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٥ رۆژی دیکە هەر کەسێک کورو کچی هەبێ کە عومری اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینێریتە مەدرەسە". ١٦

بەڵام لە کۆمارەکەی پێشەوادا مەسەلەی گرینگی دان بە خوێندن و کردنەوەی قوتانخانە، هەر تەنیا بۆ منداڵان نەبوو، بەڵکوو کەسانی بەساڵاچووش دەبوایە لەو بەهرەیە بێبەش نەبن. لەونێوەشدا بەتایبەتی بۆ ژنان کە لەمەوبەر بەهۆی بوونی کولتووری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی هەلی دنیای فێربوون و زانستیان لێ ستاندرابوو، دەبوایە هەلێکیتریان بۆ رەخسابا. هەر بۆیە راگەیەندرا:

"بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە هەوەڵی ساڵی تازە.. مەدرەسەی اکابری یایان لە جێگای مەدرەسەی کچان دامەزراوە و تا ئێستا لە حدوودی چل کەس لە کچان و ژن بۆ خوێندن لەو مەدرەسە دا نێونووسیان کردوە و هەموو رۆژێ ساتی ٣ بۆ رۆژئاوا لە جێگای نێوبراو کۆ دەبنەوەو خەریکی خویندن دەبن. لەسەر هەموو کچ و ژنێکی نەخوێندەوار پێویستە لەو نعمتە گەورە ئیستیفادە بکەن و بۆ خویندن فێربوونی زانست لەو مەدرەسەدا لە غایەتی شوق و رغبت حاضر بن.

ئاموزگاری مەدرسەی کچان کبرای عظیمی."١٧

پێ بەپێی ئەو هەنگاوانە بەهێند گرتن و گرنگی دان بە زمانی کوردی بوارێکی تری هەوڵەکانی پێشەوا بوو. زمان لە روانگەی ئێتنۆگرافیاوە، یەکێک لە نیشانە گرینگەکانی نەتەوەیە، هەم بۆ خۆ ناسینەوە هەم بۆ خۆ جیا کردنەوە لەویتر. لە راستی دا زمان بەشێکی هەر گرینگە لە ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک. ناسنامەش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە یەکێک لە گرینگترین باسەکان دادەنرێت. ئەو کەسەی کە لە ناسنامەی خۆی دەدوێ، نە تەنێ دەیهەوێ بڵێ کێیە و چ کەسێکە، بەڵکوو لەو رێگایەوە لە هەوڵی ئەوە دایە کە بڵێ ئەوەیتر نییەو لەویتر جیایە. بۆ وێنە کاتێ باس لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکرێ، بە مانای ئەوەیە باس لە بوونێکی دیاریکراو دەکرێ و یەکێک لە ماکە پێکهێنەرەکانی ئەو بوونەش خۆ لە زمانی ئەو نەتەوەیەدا دەبینێتەوە. هەر بۆیە لە ئاکامی هەست کردن بەو رۆڵە گرینگە بوو کە زمانی کوردی لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا گێڕاویەتی، پێشەوا لەو ماوە کەمەدا ئەوپەڕی بایەخی پێدا.

"بە رەسمیکردنی زمانی کوردی و بڵاو کردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بڕیارێکی گرینگی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. قازی محەممەد لە رێگای بڕیاری بەرەسمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستوویەتی کورد وەکو نەتەوە لە زمانو کولتوری باڵادەستی نەتەوەی فارس کە هیزی دەوڵەتی لە پشت بوو جیا بکاتەوەو، هەوڵی داوە زمانێکی ستاندارادیش لە رێی دەسەڵاتو بە ئیلزامی کردنی خوێندنەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا. بە مانایەکی تر ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵیداوە زمان بکاتە بنەڕەتێکی گرینگی یەکبوونی کولتووری. ئەو یەکبوونەی کە هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیزم لە تێکۆشانی سیاسیانەی خۆی و لە دروستکردنی فانتازیای نەتەوەییدا پێویستی پێیەتی. چونکە گومانی تێدا نییە کە زۆر جار زمان نەک هەر دەتوانێت یان توانیویەتی خەسلەت و تایبەتیمەندیی روحی و کولتوورییەکانی نەتەوەیی بەهێز بکات، بەڵکوو بە پێی هەلومەرجی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویی نەتەوە جیاوازەکانیش دەتوانێت هەست و هۆشی خود ناسین و پێداگرتن لەسەر شوناسی نەتەوەیی و خۆ جیاکردنەوە لە ئەوی تری بێگانە بگەیەنێتە ئاستێکی ئەوتۆ کە چیتر نەتەوەیەک نەتوانێت لەژێر سایە و دەسەڵاتی زمان و کولتوورێکی تری بێگانەدا درێژە بە ژیان و مانەوە لە چوارچێوەو سنووری ئەو زمان و کولتووره بدات". ١٨

پێشەوا لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا باس لە کۆمەڵێک لەو هەنگاوانە دەکات و دەڵێ:

"ئێمە وەک گەلێک یەکمان گرتەوە و بەهێزتر بووین و بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمان بەخەبات کردوە و ئیستا ئێمە لەم بارەوە دەسکەوتی زۆرمان بەدەست هیناوە ئەگەر لە رابردوودا نووسین و ئاخاقتن بە زمانی کوردی ریگای پی نەدەدرا، ئیستا ئێمە رۆژنامەی "کوردستان"مان هەیە. لە کوردستان دا نزیکەی سێ هەزار زارۆک بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند رۆژ لەمەوبەر دەستووری بەزۆرەملەی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەمو کەس بەبێ پارە، دراوە. قوتابیە هەژارەکان لە باری جلوبەرگ و کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیان لە قوتابخانەدا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لی هەیە، ژنان بەشداری تێدا دەکەن". ١٩

"لەنێو منداڵانی مەدرەسەدا، ئی وا بوو زۆر فەقیر بوو و بەپیخواسی دەچووە مەدرەسەی و بەرگ و پێڵاوی نەبوو. بۆیە دەستوور درا کە تەواوی منداڵانی مەدرەسە لیباسی یەک فورم و یەک رەنگیان هەبێ. ئەو لیباسانە لە قەوارەی جۆراوجۆردا دروابوون و زەلام و چکۆڵە، درا بە هەموو کەس. دیارە عیدەیەک لە دەوڵەمەندەکان گوتبویان منداڵی ئێمە ئەوانەیان پیوسیت نییەو نایانهەوێ. پێشەوا قەبوولی نەکردبوو گوتبووی نابێ فەرق و جیاوازی هەبێ و دەبێ هەمو یەک فۆرم و یەک لیباس بن. پێشەوا ئەو کات ١٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی لە دەوڵەتی کوردستان وەردەگرت. ئەویش تەواوی ئەو پوڵەی تەرخان کردبوو بۆ مەدرەسەکان و هەر مانگەی دەدرا بە قوتابخانەیەک". ٢٠

لەم پێوەندییەدا چەند هەنگاوی هەرە گرینگی تر هاویژرا. مەنافی کەریمی بە وەزیری فەرهەنگ و سەدیق حەیدەری بە وەزیری تەبلیغات دیاری کران و لە پاڵ ئەوەشدا هەیئەتی فەرهەنگیش دامەزرێنرا. "هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان" لە رۆژی چوارشەممۆ ١٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ چەند بڕیارێکی گرینگی دەرکرد. "ئەو منداڵانەی بێ کەسن و بە سواڵ مەشغووڵن کۆ بکرێنەوە و لەناو میللەت دا دابەش بکرێن و رۆژانە لە مکتبی گەلاوێژ بخوێنن. بە ئەکسەریەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەرو کەریمی خەڵکی بێسەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن". ٢١

بەڵام خویندن بە زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی قوتابخانەکان دا نەمایەوە بەڵکوو تەنانەت زمانی نەتەوە رووی لە مزگەوت و خوتبەی رۆژانەی هەینییش کرد:

"هەوەل جارە کە خوطبەی جومعەی بە کوردی دەخوێندرێتەوە. وەکو برایان هەموو دەزانن سالێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درابو کە خوطبەی جومعە بە کوردی بخوێندرێتەوە، ئیمام لە پێش دا خوطبەکەی بە کوردی دەخوێندەوە و پاشان بە عەرەبی. بەڵام دوێنێ ١٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ ئیمام پاش بسم... خوطبەکەی بە کوردی خویندەوە.

بە ئەمری پێشەواو رەئیس جمهوری بەرزی کوردستان لەلایەن حیزبەوە بە جەنابی مەلا حسین مجدی ئیمام جومعە و سید محمد حمیدی ئەمر دراوە کە خوطبەی جومعە لەسەر دەستووری ژێرو تەنظیم بکرێ: موبارەزە دەگەڵ خوارافات و ئیحترامی قانوون و دین. بیهداری و ئیجادی بیمارستان. تەفسیری ئەمنییەت لە سەرکەوتنی نیشتماندا. تەمەدونی کوردستانی قەدیم، ئیعتیماد بە نەفس و ئەهەمیەتی سەربازی وەظیفە... تەهیەی کودەکستان. چلۆن دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ. روحی سەلەحشووری. وەحدەتی میللی. عەواقیبی تەبهکاری، سوخەن چینی و دوزبانی. وە دەستوور دراوە جەنابی ئیمام جومعەش ئەمانە رەچاو بکرێ و خوطەبای دێهاتیش لەم دەستوورە پشتیوانی بکەن". ٢٢

هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە "چەن دەزگا ماشینی چاپەمەنی کە قازی مەحەمەد لە شورەوێکانی وەرگرتبوو، بەوانە هێندێک رۆژنامە و کتێب چاپ بوو، یەکێک لەو رۆژنامانە رۆژنامەی رەسمی کوردستان بوو کە رۆژانە بڵاو دەبۆوە". ٢٣

پێشەوا لەمەڕ گرینگی و بایەخی رۆلی چاپەمەنی و گۆڤار و رۆژنامەکاندا دەڵێ:

"بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ راگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کراو دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و رۆژنامە دەردەچی و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە". ٢٤

"رۆژنامەگەری یەکێک لە خەسلەتە دیارەکانی ئەو ماوە مێژووییە بوو. دوابەدوای گۆڤاری نیشتمان کە زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو، چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تر لە دامەزراندنی (ح.د.ک)ەوە تا رووخاندنی کۆمار دەرچوون. لەوانە: گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گروگاڵی منداڵان، گۆڤاری کوردستان و رۆژنامەی کوردستان بوون". ٢٥

"دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بە تەنها ئەزموونێکی تازەی ژیانی رۆژنامەگەری کوردی نەبوو، بەڵکوو دانانی بنچینەیەکی گرینگیش بوو بۆ رۆژنامەی رۆژانەی کوردی". ٢٦

لەو نێوەدا رۆژنامەی "کوردستان" هەوڵی دەدا رۆلێکی هەرە چالاک بنوێنی و پتر ببێتە زمانی حاڵی خەڵک و پێوەندییەکی پتەو و نیزیکیان لەگەڵ دامەزرێنێ. هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر کراوە لە هەمان کاتدا دۆستانە لە خوێنەرانی خۆی دەپرسی:

"رۆژنامەی کوردستانت چۆن دەوێت؟

چ باسێکت پێ خۆشە؟

چ ناتەواویکی تیا دەبینیت؟

چۆنی بەباش دەزانی بومانی بنووسە؟"٢٧

هاوکات لەگەڵ ئەوەش رووی لە دەزگای حیزبی و حکوومەتییش دەکرد و داوای لیدەکرد:

"بۆ ئەوەی ملەت لە کاروباری هەموان ئاگاداری هەبێ هەموو رۆژی نەتیجەی کاروباری خۆیان: انتصابات، انتقالات، بودجە، مجازات و دەستگیر کردنی خائنان و هەر کاری کە بۆ نوسین لە رۆژنامەی کوردستاندا بگونجی بە وەسیلەی مامورێک کە دەیکەنە باوەرپێکراوی ئەم کارە بە ادارەی رۆژنامەی کوردستان وەلام بدەن کە بۆ ئاگاداری هەموو کەس دە رۆژنامە دا بلاو بکرێتەوە". ٢٨

سەرەڕای ئەوەی رۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکرات و زمانی حاڵی کۆمار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر جار شەقڵ و مۆری رۆژنامەیەکی سەربەخۆی پێوە دەبینی و هەوڵی داوە پردێک بێ لە نێوان خەڵک و حکومەت. بەرزکردنەوەی سکالای هاووڵاتیان بۆ بەرپرسانی حکومەتی لە بڵاوکراوەکەدا یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوو. بۆ وێنە لە دوو ژمارەی کوردستاندا هاتووە:

"ئاغای قاسمی مسگەری نامەیەکی شکایەتاوی درێژی بە ادارەی رۆژنامەی کوردستان داوەو دەڵی: ستەم و زۆر لێ کراوە و مقاماتی حزبی هێشتا بەدەردم رانەگەیشتوون". ٢٩

"نووسراوەیەک بە ادارەی رۆژنامە گەیوە کە گۆیا نەخۆشی (تیفوس) لە شاری دا پێدا بووە، تکا دەکەین هێئتی بەرزی حزبی دێمۆکرات بۆ رزگاری خەڵکی و لەبین بردنی ئەو نەخۆشیە قەدەم هەڵێنن". ٣٠

بەڵام لاپەرەکانی "کوردستان" هەر تەنیا بۆ خزمەت بە ئەدەب و زمانی کوردی و هوشیاریی نەتەوەیی و بۆ دەربرینی سیاسەتی کوردی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان نەکرا، بەڵکوو گەلێک بریار و قەراری گرینگی بەرپرسانی کۆمار کە دەبوایە بەخێرایی بچنە ناو خەڵک، خۆیانی تێدا دەبینییەوە. مەسەلەی دیاری کردنی نرخی فرۆشی پیداویستییەکانی ژیان یەکێک لەو بوارانە بوو.

"لەسەر قەراری کمیسیۆنی انجمنی شارەداری کە لە بەرواری ٧ی خاکەلیوەی ١٣٢٥ بە حضور قصابانی شاری لە ئیدارەی شارەداری تشکیل دراوە، لە تاریخ ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ تا ئەوەلی مانگی خەرمانانی ١٣٢٥ نرخی گۆشت، مەڕ و بزن سیەی لە قەراری سێ تمەن (کیلۆی پازدە قران) تعیین کراوە...". ٣١

بواری لەشساغی یەکێکیتری ئەو بریارانە بوو:

"بەهۆی ئەو ئاگاداریە بە تەواوی تەبەقەی "سلمانی"، کبابچی"- قصاب ئاشپزخانچی، قاوەچی" شاری مەهاباد و تەواوی ئەو کەسانەی کە لە اماکنی عمومی دخالتیان هەیە رادەگەیەندریت کە لەو تاریخەوە تا پیج رۆژی دی بە ئیدارەی بهداری مراجعەو پاش معاینەی لزوم تصدیقی سلامتی مزاج لە بهداری وەرگرن و ئیدارەی شارەداری پێشکەشی کەن...". ٣٢

هەر لە درێژەی بەهێند گرتنی باری لەش ساغیی دانیشتوانی کۆمار لە یەکێک لە ژمارەکانی "کوردستان"دا دەخوێنینەوە:

"لە بەرواری ئەو ئاگادارییەوە بە تەواوی قصابان رادەگەیندرێت کە پیویستە هەر حیوانێکی دەگوژریتەوە بدستوری دامپزشکی و لە معاینە دەرچێت و هر کەسیک حیوانات لە هەر قبیل بە عنوانی تەجارەت لە مهاباد بۆ خاریج صادر بکا پیویستە ئەویش تحت نظری دامپزشکی کوردستان ئەنجام بدریت". ٣٣

شان بە شانی گشت ئەو هەنگاوە گەورانە، ئەویش لەو ماوە کەمەدا و بەوپەڕی بێئیمکاناتی، بە مەبەستی سەروەر کردنی حکوومەتی یاسا بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هاووڵاتیان و بۆ دادخوایی و هێمنی لە کۆمەڵدا، ئیدارەی "عدلیە"ش دامەزرێنرا و خەڵک دڵنیا کرایەوە بەوپەڕی عەدالەت لە کێشەکانیان دەکۆڵرێتەوە. لەم پێوەندییەش دا هاتووە:

"تیبقی نظری حەزرەتی پێشەوای معظمیی کوردستان ئیدارەی عدلیە دانراوە و تشکیلاتی خطابی بە تصویبی جەنابی ژنرال سیف قازی فرمانداری محترم مهاباد گەیشتووە بە عمومی اهالی محترم شاری و اطراف عەرزی ئاگاداری دەکرێ هەر کەس دە اموری قضایی و دادخوازی حقوقی و جزایی مەرجەعاتێکی هەبێ دەکەماڵی عەداڵەت و سرعت و دقت لە حدودی اصولی مەربوتەدا رسیدگی و احقاقی حەق دەکرێ.

دادستانی دادسرای مهاباد لاهوتی"٣٤

هەر لەم ماوە کەمەدا بیر لە دامەزراندنی کتێبخانەی میللییش کرایەوەو بڕیار درا:

"لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی زۆر بە بوونی کتێبخانەی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستوری فەرمو کە بە زویەکی زو دەست بە کۆ کردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادەو فەرهەنگ بکری و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابندرێن و کتێبخانەی میللی و عوومومی ساز کری". ٣٥

"کتێبخانەی فەرهەنگ کە تازە دامەزرابوو توانی لە ماوەیەکی کەمدا ٦٠٠ جلد کتێبی کوردی، فارسی، عربی، تورکی، فرانسە، ئینگلیسی کۆ بکاتەوە". ٣٦

لە ماوەی ١١ مانگ لە تەمەنی قەوارە نەتەوەییەکەی کورددا رەوتی نوێ کردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری بواری سینەماشی گرتەوە. لە دوای هێنان و دامەزراندنی رادیۆ ئەوجار نۆرە گەیشتە دامەزراندنی دەزگایەکی سینەمایی بە مەبەستی گەشەپێدانی بیر و هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی مرۆڤی کورد لەو سەردەمەدا.

کوردستانی ژمارە ٧٢ رێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ ئەم هەواڵە بە خوێنەرانی دەگەیەنێ و دەنووسێ:

"صحنەی سینەمای کوردستان چەندی لەوەی پێش لەلایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە ساز کردنی کرابوو، دوایی هات و فیلمی نوێی زۆر ئەعلای ئەخلاقی کە ئەندازەی لەخۆ بوردون و نیشتمان پەرەستی قارەمانانی جەماهیری شورەوی نیشان دەدا و دەنوێنێ کە ئەم میللەتە ئازایە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیان چ فیداکارییەکیان بە خەرج داوە وارید کراوە و دەستی بەکار کردوە. پێویستە برایانی نیشتەجێی مەهاباد و دەوروبەر ئیستیفادەی لێ بکەن و بەتایبەتی لە لایەن وەزارەتی تەبلیغاتەوە راگەیەندراوە کە لە کاتی چوون بۆ سینەما و لە وەختی وارید بوون و دانیشتن دا موراعاتی ئینضیباط بفەرموون". ٣٧

"بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردیش پێک هات. نەخشی تەئاتر (شانۆ) زۆر گرینگ بوو چونکە خەڵکی نەخوێندەوار لە تەئاتر حاڵی دەبوون، لە حالیکدا نەیان دەتوانی چاپەمەنییەکان بخوێننەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە ٩٠ لە سەدی خەڵک لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، ئەو جار گرینگی تەئاتری کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ. یەکێک لە پیەسەکانی تەئاتری کوردی "دایکی نیشتمان" بوو. دایکی نیشتمان کوردستان بوو کە لەلایەن چەندین دەوڵەتی زۆردارەوە زوڵمی لێ دەکرا، لە پاشان رۆلەکانی کورد بە خەباتی خۆیان دایکی نیشتمانیان لە چەنگ ئەو زۆردارانە رزگار دەکرد". ٣٨

"بۆ راکێشانی زیاتری سەرنجی ژنان پێشەوا ژن و کچی خۆی هان دەدا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشداری بکەن و ببن بە نمونە بۆ ژنانی دیکە: لە رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٢٤ یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا رۆژ بە رۆژ تیکۆشانی پتر پەرەی دەستاند". ٣٩

لەوەش گریگنتر، ژنان لە سەردەمی ١١ مانگەی جمهوری دا رێگایان پێ دەدرا لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا نە تەنیا بەشدار بن، بەڵکوو شان بە شانی پیاوان وتار بدەن و لە تێکۆشانی سیاسیدا دەنگیان هەبێ. شان بە شانی هەموو ئەوانە:

"هاووڵاتی کۆماری کوردی دەیتوانی بەوپەڕی ئازادی بێ و بچێ و سەفەر بکات. ئاسایش بە رادەیەک بوو کە پۆلیسی کوردی بە درێژایی یەک دانە ساڵ تەنیا پینج کەسیان گرت. هیچ سانسۆرێک لەسەر رۆژنامە نەبوو. یەکەمین کتێبی دەرسی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی هاتە نووسین و بۆ چاپ ئامادە کرا، گوێگرتن لە رادیۆی بێگانە ئاسایی بوو لە پاڵ گوێگرتن لە رادیۆی کوردی کە رۆژانە شەش سەعاتیان کار دەکرد و بەرنامەی بڵاو دەکردەوە". ٤٠

"قازی بە هیچ جۆرێک باوەڕی بەوە نەبوو کە پێویستە لەم مەڵبەندە دا ئیدارەیەک هەبێت کە خەڵک لێی بترسێن،... هەر بۆیە بە خەڵکەکەی دەگوت کە بزووتنەوەی ئێوە دەبێ تێبینی سیاسیتان نیشان بدات. قازی بەرداشتنی زۆر جوانی لە مەسەلەکان هەبوو، دەیزانی کە ئەو کۆمارە هەڵقوڵیوی ئارەزووی خەڵکە و لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ لە پشتیوانی زۆرایەتی گەل و هۆزەکان بەهرەمەند بێت، ئەو کات ئەو هێزانە (هێزی گەل) لە هەموو چەشنە تەشکیلاتێکی نیزامی یان پۆلیسی نەهێنی باشتر دەتوانن کە پاریزەری ولاتو مافی رەوای خۆیان بن". ٤١

بە مەبەستی پاراستنی کەش و هەوای ئارام لە شار چەک هەڵگرتنیش قەدەغە بوو. لەم بوارەشدا بریار درا:

"بە تەواوی ئەهالی رادەگەیەندریت کە هەڵ گرتنی ئەسلحە لە نێو شاری دا غەیری ئەشخاسی مەجاز بە کلی قەدەغەیە. هەر کەسێک لە نێو شاری دا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیب و موجازات دەکری". ٤٢

جگە لە هەموو ئەو دەسکەوتانە:

"خەڵکی شارەکە ئازاد بوون کە گوێ بدەنە هەواڵی تەواوی رادیۆ خاریجیکانی دونیا و کەڵکی لێ وەرگرن، کە ئەو مەسەلەیە ئەسلەن لە نێو تورکەکانی ئازەربایجانی وجودی نەبوو. پۆلیسی نەهینی کە بەشێکی جوێ نەببوەوە لە حکومەتی تەوریز بوو، لە مەهابادی نەبوو".٤٣

کۆمار وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی ئاڵوگۆڕێکی گەورەشی لە مێشکی ئینسانی کورد چێ کرد. لایەنێکی هەرە گرینگی ئەم ئاڵوگۆڕە بواری فیکریی دەگرتەوە. خۆناسین و راوەستان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی سەروەریی سیاسی بەسەر نیشتمانەکەی دا و رەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دەسەڵاتی تاران، وەک سیستمێکی فیکری جێی خۆی کردبووەوە. زۆر گرینگە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە سیاسەتی کوردیدا باس لە موستەعمەرە بوونی کوردستان بە دەوڵەتەکانی ئێران و عێراقو تورکیە هاتبێتە گۆڕێ.

"ئادەمیزاد بۆیە دروست کراوە بە سەربەستی بژی: هیچ نەتەوەیەک نابێ لە دەستی نەتەوەیەکی دی دا دیل بێ و ئازادی بەشێکی خودائیە و دەبێ هەموو تیرە و رەگەزێک بەهرەی لێوەرگرێ، هەموو کەس حەقی هەیە لە چوار دیواری خانووی خۆی دا بە سەربەستی رایبوێرێ. کەچی داخەکەم لە دونیای ئەورۆدا کە لە کنە خۆی دنیای ئازادی و دیموکراتیە و چاخی ئاتۆم و کارەبایە هێشتا زۆر لە نەتەوەکانی سەر زەوی بە ژێردەستی و دیلی رادەبوێرن و هەتا ملان بە زەلی چارەرەشیوە بوون و پەنجەی زولم و زۆرداری ئەوکیان رێک دەکوشێ. ئەگەر کەمێک بیر بکەینەوەو تۆزێک وردبینەوە هێندێک لە چلۆنایەتی هەوڵسوڕانی کاروباری دونیا بفکرن بۆتان روون دەبێ بەرهەستی هەرە گەورەی ئازادی و دوژمنی بێ رەزا و زۆرداری... هەر سیاسەتی شومی استعمارە. ئیستیعمارە ٩ ملیۆن کوردی پاک و خاوێنی لەمێژینە کردووەتە نۆکەرو چاو لەدەستی دوژمنانی کوردستانی رەنگینی پر پیتو بەرەکەتی کردووەتە مستعمرەی تورک و عرب و ایران بۆ قازانجی خۆی". ٤٤

لە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ دۆزی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێک دا بێ، مانایەکی گەورەی لە ئاستی داواکارییە سیاسییەکانیدا لیدەکەوێتەوە. ئینتما بۆ کورد بوون و خۆ پێناسە نەکردن بە بەشێک لە وڵاتی نەتەوەی سەردەست، ستراتیژییەکی روونی سیاسی لە داوێنی خۆی بەرهەم دێنێ کە نەتەوەی کورد وەک پێکهاتەیەکی جیاواز لە دۆزی خۆی بڕوانێ. هەر لەم پێوەندییەدا:

"ئێ.ک.س.لەمبتۆن" راسپێراوی چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لەم سەروبەندەدا بەو ناوەدا تێپەڕیوە لە راپۆرتێکدا دەنووسێ: "لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان بازرگانێک بوو لە میاندواو دا کە ئەستەم دەبینرا سوودێکی راستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچەنگ بکەوێ، [بەڵام] دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆ هەرچەند هەژاریش بێ، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت". ٤٥

بەلام کۆمار بە تەنیا بریتی نەبوو لە پێکەوە نانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەو بەشە لە رۆلەکانی نەتەوەی کورد کە بە ئێرانەوە لکێنرابوو، بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و هومێد و پشتیوان بوو. راستە پانتایی سنووری دەسەڵاتدارەتییەکەی هێشتا نەیتوانی بوو تەنانەت باڵ بەسەر هەموو ناوچە و مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دا بکێشێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە چاوی هیوایان تێبڕیبوو. هەموو کوردێک هیوای سەرکەوتن و راوەستاویی بۆ دەخواست و خەو و حەزی وەدینەهاتووی لە مێژینەی خۆی لە بیچم و ناوەرۆکی ئەودا دەدیتەوە.

"وێنەی قازی محەممەد لە چوارچێوەی رەنگاورەنگ لە هەموو شوێنێک دا و بە تەنیشت نەخشەی کوردستانی گەورە هەڵواسرابوو کە کۆماری کوردی وەکو خاڵێکی بچووک تێیدا نیشانە کرابوو. خەڵکی کۆمار لە حاڵەتی خەونێکی نەتەوەیی رەنگیندا دەژیان. سرودی نەتەوەیی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەگوترا". ٤٦

دوکتور قاسملوو لەو پێوەندییەدا دەنووسێ:

"کۆماری کوردستان بوو بە جێی هیوا و هومێدی ئازادیخوازانی هەموو بەشەکانی کوردستان. نوێنەرانی رێکخراوەکانی کورد و هەروەها شەخسیەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە و سوریە و عێراقەوە پەیتا پەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد بوو بە جێی هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بە دڵەوە ئاواتی ئەوە بوو ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ، چونکە دەیانزانی کە رووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دوارۆژدا رون دەکاتەوە. لە وەڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیە کە پاش پێک هاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەکی نووسیبوو: "رووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە"". ٤٧

رۆژهەڵاتی کوردستان باوەشی ئاوەڵا دەبێ بۆ هەموو تێکۆشەرانی کورد لە هەمو پارچەکانی تری کوردستان. هاتنی بارزانیی نەمر و هاوڕێیانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و دانی پلەی ژنرالی و بەشدارکردنی ئەوان لە دەسەڵاتدارەتیی کۆمار لەلایەن پێشەواوە، وێنەیەکی بچوکە لەو راستییە. دروست بوونی ئەو جۆرە پێوەندییەش هەروا دیاردەیەکی بەهەڵکەوت و بەرێکەوت نەبووە، بەڵکوو لە روانگەیەکی ناسیۆنالیستیانەی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە.

خەون‌و هیوای پێشەوا، تازە بە وێنەی گوڵەباخێکی تازەپشکووتوو، سەری هەڵدابوو، هێشتا بۆ خاشەبڕ کردنی دواکەوتوویی و ئاوەدان کردنەوەی وڵات کات پێویست بوو. بۆ ئەوەی وڵاتێکی دابەشکراو و نیشتمانێکی داگیرکراو، رەوتی گەشەو بەرەوپێشچوونی خۆی پێوابا، هێشتا کات و دەرفەت پێویست بوو. ١١ مانگ ماوەیەکی گەلێک کەم بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش چونکە کورد تینووی گوڵی سەربەستی بوو، هەنگاوی گەورە نرا. مرۆڤی کورد چەرخی چارەنووسی خۆی گرتە دەستو ١١ مانگ بە کردەوە ژیانی بەدەوڵەتبوونی تاقیکردەوە.

هیزێکی گەورەی روحی و مەعنەویی هاتە بەر. پێشەوا لەگەڵ نەتەوەکەی شەرتی بەستبوو و دەیگوت:

"بۆخۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و رۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک رۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەمو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە". ٤٨

..............................

سەرچاوەکانی فەسڵی یازدەهەم :

١ . کەسایەتیی فەرهەنگی قازی محەممەد، سەردێری وتارێکە بە پێنوسی کاک ئەحمەدی قازی. بڕوانە بڵاوکراوەی رۆژهەڵات ژمارە ٢١، ١٩ گولانی١٣٨٤ی هەتاوی.

٢ . وڵاتی من. بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی. چاپی سوئید. ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی لاپەری ٧١ .

٣ . تێبینی ئەو ئامارە لە وتاری بەرێز خاتوو" شهرزاد مجاب "بە ناوی: زن‌و ناسیوناليسم در جمهوری ١٩٤٦ وەرگیراوە.

٤ . "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ١٦ سالی یەکەم. دووشەممە ٢٨ی رێبەندانی١٣٢٤ .

٥ . رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٢٣ ساڵی یەکەم. رەشەمەی١٣٢٤ .

٦ . نوتقی پێشەوا. رۆژنامە "کوردستان" ژمارە ٧٢ ، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ .

٧ . "کوردستان" ژمارە ٥ بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ساڵی یەکەم. شەممو ٢٩ی بەفرانباری١٣٢٤ لاپەری ٤ .

٨ . کۆماری یازدە مانگە لە نووسینی د. دێشنەر. وەرگێڕانی بەرێز حەمە کەریم عارف.

٩ . چل ساڵ خەبات، لە نووسینی دوکتور قاسملوو لاپەڕی ٣٥ .

١٠ . رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٢ رۆژی ٢٠ رێبەندان.

١١ . "کوردستان" ژمارە٥٤. جۆزەردانی ١٩٤٦ .

١٢ . "کوردستان" ژمارە٥٤ جۆزەردانی ١٩٤٦ .

١٣ . "کوردستان" ژمارە١٤ . ساڵی یەکەم. ٢٤ی رێبەندانی١٣٢٤ . لاپەڕێ٤ .

١٤ . "کوردستان " ژمارە ٦٨. ساڵی یەکەم، پێنج شەممە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٢٥ . لاپەڕێ ٤ .

١٥ . چل ساڵ خەبات، لە نووسینی دوکتور قاسملوو لاپەری ٣٦ .

١٦ . "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان. ژمارە ١ . ساڵی یەکەم ٥ شەممۆ١٣٢٤.١٠.٢٠ . لاپەری ٤ .

١٧ . "کوردستان" ژمارە ٣٢ ساڵی یەکەم. شەممۆ ١٧ی رەشەمەی ١٣٢٥ . لاپەری ٣ .

١٨ . ناسیۆنالیزم‌و ناسیۆنالیزمی کوردی لە نووسینی رێزدار جەعفەر عەلی. سلێمانی٢٠٠٤ لاپەرەکانی٢٩٤و٢٩٥ . بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری لە چاپدراوە.

١٩ . وتووێژی هەوڵانێری ئاژانسی دەنگوباسی تاس لەگەڵ پێشەوا. بڕوانە کتێبی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتدا. بەرێز ئەفراسیاو هەورامی لاپەری ٤١ .

٢٠ . ولاتی من ، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی لاپەری ٧٠ .

٢١ . "کوردستان" ژمارە ١٠ . ٢٠، ١٠، ٢٤ .

٢٢ . "کوردستان" ژمارە١ . ١٥، ١، ١٣٢٤ .

٢٣ . مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا نووسراوی کریس کۆچیرا. وەرگێڕانی محمد ریانی لاپەری ٢٨٢ .

٢٤ . وتاری پیشەوا لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەکانی ١٠و١١ دا بڵاو کراوەتەوە.

٢٥ . ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی، سلێمانی٢٠٠٤ لاپەری ٢٨٦ .

٢٦ . ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی، سلێمانی٢٠٠٤ .

٢٧ . "کوردستان" ژمارە ٨ ساڵی یەکەم. دووشەممۆ ٨ی ڕێبەندانی١٣٢٤، لاپەری ٤ .

٢٨ . "کوردستان" ژمارە ٢٥ ساڵی یەکەم یەک شەممۆ ٢٦ی ڕەشەممەی١٣٢٤ .

٢٩ . "کوردستان" ژمارە ٥. ساڵی یەکەم. شەممۆ ٢٩ی بەفرانباری١٣٢٤ . لاپەری ٣ .

٣٠ . "کوردستان" ژمارە ٦ ساڵی یەکەم. دووشەممو ١ی ڕێبەندانی١٣٢٤ . لاپەری ٤ .

٣١ . "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ٣٣ ساڵی یەکەم. دوو شەممۆ ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ لاپەری ٣ .

٣٢ . "کوردستان" ژمارە ٧٦ . ساڵی یەکەم ٢٢ی گەلاویژی ١٣٢٥ لاپەری ٤ ، سەرۆکی شارەداری مهاباد خسروی.

٣٣ . "کوردستان" ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان. ژمارە ٧٥ . ساڵی یەکەم. ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥ . لاپەری ٤ . سەرۆکی کشاورزی کوردستان وەلی زادە.

٣٤ . کوردستان ساڵی یەکەم. ٢١ خەرمانانی ١٣٢٥ ژمارە ٨٥. لاپەری ٤ .

٣٥ . "کوردستان" ژمارە ٢ . ٢١ ،١٢، ١٣٢٤ .

٣٦ . "کوردستان" ژمارە ٧٠ . ١ی گەلاوێژی ١٣٢٥ . ساڵی یەکەم لاپەری ٤ .

٣٧ . کوردستان ژمارە ٧٢ . ١٣٢٥،٤،٥ .

٣٨ . چل ساڵ خەبات لە پیناوی ئازادیدا عبدالرحمن قاسملو١٣٦٤ی هەتاوی لاپەری ٤٤ .

٣٩ . چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، دوکتور قاسملو. بەرگی یەکەم١٣٦٤ لاپەری ٤٥ .

٤٠ . کۆماری یازدە مانگە. لە نووسینی د. گرینتر دیشنەر و وەرگێڕانی حمە کەریم عارف.

٤١ . کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە نووسینی ویلیام ایگلتون جونیر و لە وەرگێڕانی سەید محمد سەمەدی.

٤٢ . "کوردستان" ژمارە ٢ . شەممۆ ٢٢ ،١٠، ١٣٢٤ . لاپەری ٣ .

٤٣ . کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە نووسینی ویلیام ایگلتون جونیر. لە وەرگێرانی سید محمد صمدی.

٤٤ . "کوردستان" ژمارە ١٦ ساڵی یەکەم، دووشەممۆ ٢٩ی ڕێبەندانی١٣٢٤ وتاری : سیاسەتی شوم، بە پێنووسی مامۆستا هێمنی شاعیر.

٤٥ . پینج بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەسەر کورد. وەرگێڕ کاک ئەنوەر سوڵتانی گۆڤاری گزینگ ژمارە ١٥ . زستانی ١٩٩٦، لاپەڕی ٢٥ .

٤٦ . کۆماری یازدە مانگە. د. دێشنەر. و،حمەکەریم عارف.

٤٧ . دوکتور قاسملووی نەمر چل سال خەبات لاپەری ٤٨ .

٤٨ . نوتقی پێشەوا. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥

٢١ ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری بەیان

## ٢ی ڕێبەندان، پڕشنگدارترین ڕۆژی مێژوویی کوردان.



ئەحمەد مەکلاوەیی

٦٧ ساڵ بەر لە ئیستا، کە چەند ڕۆژێکی ماوە پێ بنێتە شێست و هەشتمین ساڵی ، لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی دا، کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی زۆر سارد و تووش و بەفر و بەستەڵەک بوو، لە چوار چرای شارە جوانەکەی مەهاباد، ئەستێرەی ئاواتی کورد دەرکەوت و ، گەشتر لە گەشی هەموو شتە جوانەکان ، درەوشا و، شۆعلەی بەست و وەک کۆ نوورێک بەرە و ئاسمانی کوردستان بەرز بوو و، تێشکی خۆی بە سەر هەموو کوردستان دا بڵاو کردەوە و، پەیامی لە دایک بوونی خۆی (حکوومەتی کوردی) لە گشت کوردستاندا بڵاو کردەوە و، لەو زستانە سەختە دا، ماڵی هەر تاکێکی بە شەرەفی کوردی گەرم داهێنا و بەستەڵەکەکانی رێ و بانی بۆ تواندنەوە و، لە دەم دەرگای هەر ماڵێکی کورد دا، بارانی شادی و خۆشی باراند و، بەفری سپی ڕێبەندانی لە شیو و لاپاڵ و دوند و کوێستان و دەشت و دەرو گوند و شارەکانی کوردستان دا شەق و بەق کرد کە ناچار زستان بەرگی سپی خۆی لە خۆ دارنی و دەبەر کۆتری سپی ئاشتی کرد و، کردی بەهاری ئازادی و ، لە سەر چوار چرا و گشت کوردستان سوورێ لێدا و، دوژمنانی کوردی تەزاند و بە ڕوونی خۆی کوێری کردن.

لەو کات و وەختە خۆش دا، کە باڵندەکانی سەر ئاسمانی چوار چرا وەک پەیکێکی ماندوو نەناس و گورج وەک برووسکە، هەواڵی دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی کوردیان لە سەرتاسەری کوردستان بڵاو کردەوە، لە گشت کوردستان، کۆرپە رووح سووک و چاو گەشەکانی ناو باوەشی دایک و لانکەکان، لە شادی و خۆشی، زەردە کەوتە سەر لێویان و دایان لە قاقای پێکەنین و بە دەنگی ناسک وخۆشیان، مارشی سەرکەوتن و ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی نەتەوەی کوردیان لێداو، سەرمای زستانیان ڕەواند و، جەوی سەر ئاسمانی کوردستانیان گۆڕی و، کوردستانیان کردە بە هەشت و، دەستەملانی پەیامی ئاشتی

بوون و ڕێبەندانیان کردە بەهاری ئازادی.

ئەمڕۆ و سپەی و دوویی و ..........، پێویستە کە گەڵی کورد بە گشتی و بۆ هەمیشە ٢ی ڕێبەندان لە بیر نەکات و وەچە بە دوای وەچە دا بۆ هەتا هەتایە ڕێز لەو ڕۆژە بگیردرێت و بە چاوی ڕێزەوە بۆی بڕواندرێت و هەموو ساڵێک بەکوێری چاوی دوژمنانمان ، بە جوانتریت شێوە یادی لێ بکرێتەوە.

با کەمێک ئاوڕ لە مێژووی زلهێزەکان بدەینەوە کە چۆن ڕێزی ڕۆژە مێژوویییەکان دەگرن و چۆن لە ئاست سەربازێکی کۆنی دەورانی شەرە گەورەکانیاندا بێ دەنگ دەوەستن و کڕنۆشیان بۆ دەبەن و پێیان دەنازن دەی کوڕ و کچانی دڵسۆزی نیشتمان، دەی تازەلاوەکان، دەی قوتابیە وردیلانەکان، دەی باوکان و برایان و خۆشک و دایکانی ئازیز و خۆشەویست، با ئێمەش ڕێزی ڕۆژە مێژوویییەکانمان بگرین و لە بیریان نەکەین و پێیان بنازین کە ڕەگی حەیاتی مانی و نەتەوە و نیشتیمان_مانن .

ڕووناکی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ئێستاش لە شەقام و مەڵبەندەکانی کوردستان دا دیارە و، دوژمنان لە ئاستی چاویان هەڵنایەت و ، هەر چەند لە چوار لاوە دەیانهەوێت خامۆشی بکەن، پێی ناوێرن و، لە ئاستی سەختی و ئاشتی پەرستی و نەترسی کچ و کورانی، دەستەوەستانن .

با ئەمساڵ، زیاتر و باشتر بە پیر ئەم ڕۆژە مێژوویییەوە بچین و، بە جوانترین شێوە یادی لێ بکەینەوە و، هەر کاممان لە بەر خۆمانەوە، سەبارەت بە ڕێزگرتن لەو ڕۆژە گەورەیە، چیمان لە دەست دێت بیکەین و ئەرکی نیشتمانی خۆمان بە جی بگەێنین کە بێ شک لە درێژەی ڕێرەوی ئەم ڕۆژە دا، سەرەنجام نەتەوەی کورد بە حکوومەت دێموکراتیکی کوردستانی گەورە دەگات و، ئەو کات ئاڵای کوردستان وێڕای ئاڵای وڵاتانی زلهێزی دونیا، لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەشەکێتەوە و، کوردستان بە سەر بە خۆیی خۆی دەگات .

٢٤ی بەفرانبار ١٣٩١ی هەتاوی

ماڵپەری گیارەنگ

## یادێک لە دووی ڕێبەندان



نووسینی: سیامەند شێخ ئاغایی

ئەیامێک پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان، لەباری نێونەتەوەیی یەوە هەلومەرجێکی لەبار لە جیهاندا هاتبووە ئاراوە. شەڕی دووهەمی جیهانی ڕوو بەکۆتایی دەچوو. خەباتی دێمۆکراتی خوازانەی جیهان هاتبوو بەئاکام دەگەیشت.

لە ئاسیای دوور شۆڕشگێڕان ئیمپریالیسمی ژاپۆنیان بەچۆک داهێنابوو، فاشیسمی ئیتالیاو نازیسمی ئاڵمان سەریان بۆ خەباتگێڕان شۆڕ کردبۆوە. ئێران لە قەیرانێکی سەخت و دژواردا دەژیا. ئەرتەشی حکومەتی پاشایەتی کەنەفت و کەلەلا کەوتبوو.

نەمازە تاڕادەیەکی بەرچاو لە هەرێمی موکریان بێ دەسەڵات ببوو. هێزی هاوپەیمانان ئەمریکاو ئینگلیس دەستیان بەسەر ڕۆژهەلات و باشووری ئێران داگرتبوو. ئەرتەشی سوور واتە بەرەی سوسیالیستی باکوورو بەشێک لە ڕۆژئاوایی ئێرانیان داگیرکردبوو. لە نێو ئەو گێژاوو کێشەو هەراییەی کە دونیا بەخۆییەوە دەدیت، کوردانی مەڵبەندی موکریان خۆیان بۆ بەرنگاربوونەوەو ڕاونانی دوژمنی کزو لاواز ئامادە دەکرد. دەکرێ بکوترێ مەڵبەندی موکریان هەر لە نیوەڕاستی ساڵی ١٣٢٠وە نیمچە سەربەخۆ ببوو.

کۆمەڵەی ژیان و حەیاتی کورد(ژێکاف) وەک تاکە حیزبێکی سیاسی، پێشڕەوو ڕێکخەری ڕیزەکانی گەڵ بوو. هاوکات سەرزەمینی موکریان بەدەست سەرۆک عەشایرو پیاوماقووڵانی ناوچەکە ئیدارەو بەڕێوە دەچوو. ئیدی کەس سەرانەو باج و پیتاکی بەحکومەت ناوەندی نەدەداو کوڕی خۆی بۆ سەربازی ئەرتەشی شای ئێران نەدەنارد. لە نێوخۆیی ئێرانیشدا بەتایبەت لە ناوەندو شارە گەورەو سەنعەتییەکاندا ڕێکخراوە دێموکراتە سوسیالیستەکان شکڵیان گرتبوو.

لەژێر کاریگەری تەواویی ئەو هەموو گۆڕانکارییە بەخێرایانەی کە وڵاتانی ئورووپای داپۆشیبوو، وە لەنێو دونیایەکی ئاوا پڕ لە کێشەو هەراو هەنگامەیەدا، پێشڕەوی کۆمەلانی وەزاڵە هاتوویی کوردستان، هەنگاو بەهەنگاو ڕیزەکانی خۆیان لەگەڵ هیزە دێمۆکرات و سوسیالیستەکانی ئێران ڕێکدەخست و بەرەو پێشەوەیان دەبرد. لەو ڕۆژانەدا مەهاباد ببوو بە مەکۆی خەبات، دڵی وەک بورکانێک دەکوڵی و ئاوری لێ بەرز دەبوویەوە.

شارو گوندەکانی دەورو بەری بەهەستێکی پاکی میللییەوە خۆیان بۆ ڕزگار کردن لە دەست ڕۆژە ڕەشەکان و چەوسانەوە ئامادە دەکرد. لە بارودۆخێکی ئەوتۆ پڕ جۆش و خرۆش دا کۆمەڵەی ژێکاف هەڵوەشاوەو جێگای خۆی بۆ حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە واتە 'حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران' بەجێ هێشت.

لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢٤ واتە شێست و پێنج ساڵ لەمەوبەر سەدان هەزار لە خەڵکی کوردستان لە هەر لاوە، بگرە لە ماکۆ، سەڵماس ورمێ وەک ڕۆڵەکانی سمکۆی شکاک، هەرکی، زەرزا و شنۆیی. نەغەدەو پیران، سەردەشت و بانە. گەورکایەتی و مەنگوڕو مامەش، دێبۆکری و فیزوڵلابەگی. سەقزو بۆکان ، هەوشار، سایتقەلا،.. و نوێنەرانی گەل لە ڕۆژ ئاوا، ڕۆژهەلات، باشوور، باکووری کوردستان و... هەموو دەست پێکەوە، بە یەک دڵ و یەک ئامانج بۆ بەشداری لە متینگێکدا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێکی خستبوو، ڕژانە نێو شارە خونجیلانەکەی مەهاباد.

لە مەیدانی چوارچرا، لە ڕێوڕەسمێکی کەم وێنەدا سەربەخۆیی خۆیان بەگۆیی ئازادیخوازانی دونیا ڕاگەیاند. هەر لەو کۆبوونەوە گشتی یەدا 'قازی محەمەد' کەسایەتێکی دیارو زانا، شارەزا بەسیاسەتە نێونەتەوییەکان و ئاشنا بەچەند زمانی زیندووی دونیا، بەسەر کۆمارو پێشەوای گەلی کورد هەڵبژێردرا. هاوکات حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لەڕاستیدا هەژدە مانگ پێش کۆماری کوردستان لە دایک ببوو، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی سیاسی کورددا توانی ببێ بە پێشڕەوی ڕاستەقینەی گەلی خۆی.

هەرچەند کۆماری کوردستان تەمەنێکی درێژی بڕ نەکرد، بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی دواتر (١٣٢٥) بەپیلانی حکومەتی پاشایەتی ئێران و لە پێناو بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی دەوڵەتە زلهێزەکاندا بوو بەقوربانی. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆماری کوردستان لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کورتی خۆیدا توانی مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەروەری بۆ گەل و نیشتمانەکەی بخوڵقێنێ.

لەنێو سەدەی بیستەم و لەوکاتە پڕ لە گۆڕانکارییەدا، لە کات و ساتێکدا کە کوردستانی گەورە لە ژێر چەکمەی دیکتاتۆراندا هەر وەک ئەم سەردەمە دەیناڵاند، کۆماری کوردستان بۆ یەکەمجار توانی ئاڵای سێ ڕەنگی خۆر نیشان لەسەر خاکی کوردستان هەڵبداو خۆر لەسەر ئاڵایی شەکاوە بە تیشکی زێڕینی دڵی نیشتمان ڕووناک بکاتەوە.

بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان، بەتێکۆشانی بێوچان، بە هێزو تواناییەکی قایمەوە توانیان چارەنووسی گەلی خۆیان بەدەستەوە بگرن، گەرماو گەرم زۆر ڕێوشوێنی نوێ و پێشکەوتوانە بۆ نیشتمانەکەیان دەستەبەر بکەن. کۆمار هەر لەیەکەم ڕۆژی سەربەخۆیی خۆیدا توانی بە شێوازێکی دێمۆکراتانە هێمای فیکری خۆی دابڕێژێ و بیرو بۆچوونە جیاوازکان لەنێو خۆیدا جێ بکاتەوەو ببێ بەجێگای متمانەی گەلەکەی. ئەویش بەمانای ڕاستی خەڵک کۆمار بەهی خۆیان بزانن و بەچڕی تێدا بەشدار بن.

شاری مەهاباد لەو ڕۆژانەدا ببوو بەیەکپارچە گڕوتین، غرورو شادی خەباتگێڕانی ئەو ئاوو خاکە سەرکەوتوانە قەڵای داگیرکەریان روخاند بوو. لەجێیدا کۆماری ئازادیان بۆ گەلی خۆیان دەستەبەر کردبوو.

لە ژێر ئاڵای کۆمارە ساواو دێمۆکراتەکەیاندا دڵ و دەروون و چاوی ڕۆڵەکانی کوردیان بەخوێندنی زمانی زگماکی، کلتوورو کەلەپووری خۆیان ڕوون کردبۆوە. ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی شیرنی کوردی مژدەی ئازادیان بڵاو دەکردەوە، ڕاهێنان و وەرزیش لە بۆاری جیاوازدا بۆ لاوان پێکدەهات و لە هەموو بۆراو کۆڕو کۆمەڵێکدا پێشەوا قازی وەک مامۆستایەکی دڵسۆزو لێهاتوو بەشداری و حزوری هەبوو.

یەکی دیکە لە ئاکارە جوانەکانی کۆمار ئەوە بوو، بۆیەکەم جار لە مێژووی بزاوڤی کوردا بەرەسمی ناسینی مافی بەرحەقی ژنان بوو. پێشەوای بەلیمەت ڕێگای بۆ ژنان ئاواڵە کرد کە ببێ پێچ و پەناو بەبێ پرسی پیاوان هەنگاو بنێنە نێو دەرەوەی ماڵ و لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بەشداری بکەن...

بزوتنەوەی دێمۆکراتییکی کورد، لەسەردەمی دواکەوتوویی ئەوکاتدا بەبەشداریدانی نیوەی کۆمەڵ واتە ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پرسی نەتەوایەتی دا، توانیان بەئەم کردەوە مۆدێرن و کەم وێنە کە تەنیا لە گەڵێکی هۆشیارو پێشکەوتوو دەوەشایەوە، لە مێژوویی خەباتی کوردا شانازی بۆ خۆیان و گەلەکەیان پێک بێنن.

کۆماری کوردستان لە ماوەی کورتی تەمەنیدا کە تەنیا ٣٣٠ ڕۆژی خایاند، توانی ببێ بەمەشغەڵێک کە سەرنج و ڕایی تەواویی ئەو خاوەن نەزەرو تۆژینەوەر، ڕۆژنامەگەرو گەریدەی ئەوکات سەردانی کوردستانیان دەکرد، بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

خەباتی ڕۆژنامەگەری کوردی هیچ یەک لە توێژەکانی گەلی لە تیشکی خۆی بێ بەری نەکرد. تا دوایین ساتەکانی تەمەنی بۆ گەورەساڵان، لاوو منداڵان ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەدەبی وەک: چیرۆک، شێعرو پەخشانی بڵاو کردەوە. هەروەها شانۆی 'دایکی نیشتمان' کە زمانی حاڵی بەشی زۆری خەلکی ئەو سەردەمی کوردستان بوو، بۆماوەیەکی درێژ لەسەر سەکۆی نمایش مابییەوە، بوو بەزاخاوی مێشک و لە دەروونی گەلدا جێی خۆی کردەوەو بوو بەباسی نێو کۆڕو کۆمەڵی کوردەواری.

دووی ڕێبەندان ڕۆژی ئازادی، ڕۆژی سەرهەڵدانی ئاواتە لە مێژینەکانی گەلی کوردە. ڕۆژی زاڵبوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەسەر ڕەگەزپەرەستی، دەمارگرژی فیکری، بەرچاوتەنگی، خۆپەرەستی، چەوسێنەری و داگیرکەرییە... دووی ڕێبەندان ڕۆژی ڕاپەڕینی گەلێکی مافخوراوە بەدژی سەرەرۆیی و کۆنەپەرەستی...

دووی ڕێبەدان بەرهەمەکەی کۆمارێکی ساواو جوانەمەرگ بوو کە توانی لە ماوەیی کورتی تەمەنی دا زۆر هەنگاوی بەنرخ بەرز بکاتەوە. زۆر بەخێرا بتوانی سەرنجی تەواویی ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆلای خۆی ڕاکێشێ و ببێ بە مەکۆی هیواو هومێدو بەدڵێکی فرەوان لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە. هەروەها کۆمار توانی بناغەی هاوپەیمانەتێکی پتەوو برایانە لەگەڵ گەلی ئازەربایجان دابڕێژێ و بگوێرەیەک ئێستاش هەر دووک گەلی کوردو تورکی ئازادیخواز بەو هاوپەیمانەتییە گرانبەهایە دەخورِن.

کۆمار بە ئەقڵ و زانابییەوە توانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیدا تاڕادەیەک بۆاری ئابووری و بازرگانی بەرەو پێشەوە بباو پێوەندی بازرگانی خۆی بەناردنی کالا بۆ وڵاتی سۆوڤێتی جاران بەهێز بکا. بێ گومان یەکێکی دیکە لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان پێکهێنانی هێزێکی میللی بوو کە بەهێزی پێشمەرگە ناودێربوو. بەهەزاران کەس لەڕۆڵەکانی کورد بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان چەکی شەڕەفیان هەڵگرت و بەپشتیوانی جەنگاوەرانی بارزانی کە لەپێشەوەی هەمووان سەردارو سالاری کورد ژێنەڕاڵ مستەفا بارزانی بوو خەباتیان درێژە پێ دا.

گرینگی و پڕ بایەخ بوونی کۆماری کوردستان لەوەدایە: سەرەڕای تەواویی ئەو هەموو کۆسپ تەگەرەی هاتنە سەرِێی و بوون بەهۆی سەرنەکەوتنی وەک: بەرتەسک بوونی چوارچێوەی خەبات. ڕێژەیەی زۆری نەخوێندەواری دانیشتوانی هەرێم زیاتر لە٩٠%. بیری عەشایری و تیرەو خزمایەتی و... نەبوونی پشتوانی و هاوپەیمانەتێکی تۆکمە لەگەڵ وڵاتە دێمۆکراتەکانی دونیا. نەبوونی سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابووری. نەبوونی هیزێکی نیزامی یەکدەست و دەورە دیتوویی پۆشتە بەکەرەستەو چەکی ئاوتوماتیک و خودکار.

نەبوونی ماسمیدیاو دامودەزگای ڕاگەیاندن کە بتوانن پەیامی خۆیان لەم ڕێگاوە بەدەرەوەو دنیایی ئازاد ڕابگەیەنن و لەگەڵ زۆر کەموکوڕی نەگوتراوی دیکە، دیسانیش کۆماری کوردستان توانی زۆر دەسکەوتی بەنرخ بۆ گەلی خۆی دەستەبەر بکا. سا هەر بۆیە ڕۆڵەکانی کورد هەموو ساڵێک بەگرینگدانەوە لە ڕێوڕەسمی بیرانییەکەیدا بەشداری دەکەن و بە دووژمنەکانیان دەسەلمێنن، بەلەسێدارەدانی قازی محەمەدو هاوڕێیانی( ١٠ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦).

بە تێروری ڕێبەرانی ئەم ڕێبازەو گوشتن و لەسێدارەدان، بەتواندنەوەو قڕکردنی بەکۆمەڵ، وێران کردنی شارو گوندەکان، نەک گەل هەر بەچۆک دانایە، بەڵکوو سوورتر لە پێشوو، بەپشت ئەستووری کیژان و کوڕانی زاناو چاوکراوەی ئەم سەردەمەمان بۆ چەقڵی چاوی دوژمننان لە گۆرەپانی خەباتدا بەچەشنی کێوەکانی شاهۆ، قەندیل و ئاراراِت سەربەرزانە راوەستاو، تاکوو ڕزگاری یەکجاری کوردو کوردستان گیان لەسەردەست لە مەیدانی خەباتدا دەمێنەوە...

کۆماری کوردستان لە مێژووی خەباتی کوردا توانی وەک گەوهەرێکی درەوشاوە جێگایی تایبەت لەنێو خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بۆ خۆی دەست نیشان بکاو ببێ بەملکی هەر چوار پارچە داگیرکراوەکەی کوردستان... دەکرێ ڕاشکاوانە بگوترێ، کاریگەری ئەو یازدەمانگ سەربەخۆییەی کوردستان ئەوەندە بەگوڕو تین بوو کە پاش شێست و حەوت ساڵان، ئێستاش کە ئێستایە ئامانجە پیرۆزەکانی، ڕێبازی هۆگرانی سەربەخۆیی کوردستانەو هەروەک چۆن لە پێکهاتنی کۆماردا ئازادیخوازانی کورد لە هەر چوار کەنارەو بەپیری یەوە هاتن و بوون بەپشت ئەستورو دەستی کۆمەک و یارمەتیان بۆ لا درێژ کرد و لە پێناویدا خوێنیان بۆدا.

ئێستاش کوردان پاش ئەو هەموو ساڵەی بەرسەر کۆماردا تێپەڕیوە دیسانیش هەر بەو ڕۆژە مێژووییە پرشنگدارە دەخورِن و وەک ڕۆژێکی بەنرخ ، پڕ دەسکەوت و هەمیشە زیندوو چاوی لێدەکەن. لەهەر

شوێنێکی ئەم دونیایە بن، ئەمەگناسی و وەفاداری خۆیان بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی کۆمارو پێشەوامان قازی محەمەدو باقی شەهیدان وەک مانگی چاردە لەسەر ئاسمانی لێڵ و تاریکی کوردستان بەدرەوشاوە ڕادەگرن!...

١٥ی ژانوییەی ٢٠١٣

پێشمەرگەکان

## پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە .!



ئیبراهیم لاجانی

ڕێبواری ڕێی دوور کە ئەژنۆی دەلەرزێ و هەنگاوی شل دەبن، لادەدا و توشەبەرەی نێو کۆڵەپشتی دەردێنی و نانێک دەخوا و سەرلەنوێ هێزی ڕۆیشتنش و وورەی دیتەوە بەر. بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتیش،١٠ی خەکەلێوە و گەڕانەوە بۆ شەهیدانی میللەتەکەمان، وەک سەرچاوەی ئیلهام، هەمیشە وورەمان وەبەردێنیتەوە و خەنجەری ڕووحیەی خەباتگێرانەمان ئاودەداتەوە.

پێشەوا ئەو لوتکە گەورەی جوغرافیای ناسیۆنالیسمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تا پتر لێی بڕوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ڕۆژانە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چومەوە و سەرەڕای سەرقاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننەبەرچاو.

* قازی هەر لەو ماوەکورتەدا کە پێی نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی،بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پڕ شنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتەکەمان. ئەوەتا ئێستا بۆتە سەمبولی قوربانی بوون، فیداکاری و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان.

* سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسی پێشەوا، پاش تێ پەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزوعیەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی مافی کەمایەتیە میللی و مەزهەبیەکانی وڵاتەکەمان، دابین کردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەستەڵاتی مەرکەزی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتی میللی دا بەشداری بکەن هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.

* بەرنامەی سیاسی پێشەوا بۆتە مانفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروا ئامانجی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جوڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسی کردوە. ئێمە نەسلەکانی دوای ئەو گەورەتری شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەرئەوەبێت، کە نەمان هێشتوە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردۆتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی خەباتی میللی ماندا کشاو کوردی لە خەوی غەفلەتی ژێرچەپۆکی ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکە دا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.

* پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینە میللیەکانی کوردی خوێند بووەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسیەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرمۆلەکرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە حیزب و تەشکیلاتی مۆدێرنی دروستکرد و دەوڵەتی لە شکڵی جمهوریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسیە پێکهێنا.

* دواتر لەدادگادا و لە جەرەیانی سەفەرەکانی دا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسی خۆی و ئامانجەکانی میللەتی کورد کرد و تاسەر پێیان وەفادارما و گیانی خۆشی لە پێناویاندا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.

* لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعماریەکان دا. لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا ، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری توونـد بە خەباتی دژی ئیستعماریەوە نوسابوون و دواتریش هەموو یان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکڕاتی ، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەرسێکیان وەفاداربوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکی و لە هەڵسوکەوتدا دێموکڕات بوو و دێموکڕاتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی میللەتتاندا، ئەوە تەنیا پێ شەوابووە کە نەکەوتۆتە داوی سەرەڕۆییەوە.

* عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. ڕێفۆڕمی ئەرزی و مەسەلەی دابیکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن و ئەمنیەتی قەزایی و سکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لە گەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و حکومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردوە و لە هەموو جێگایەک وەک ڕێبەری میللی و سیاسی قسەی کردوە. نە دینی خستۆتە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیز ب و حکومەتی کردونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب. لەسەرتاسەری ئێراندا ئەودەم ئاخوندەکان دژی ئیسلاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتیان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقعیەتێکی ژیانی ڕۆژانە.

٭ کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا تا چاوبڕەدەکا دەمانبێ، هەر لەوێرا دەست پێدەکا. وەک بیگ بانگ، تەقینەوەی گەورەی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێرا سەرچاوەدەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژیەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگا.

* پێشەوا سەرۆکی حیزب و سەرکۆمار بوو ،بەڵام قەت حکومەتی نەکردە ئاڵقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکومەت و زەنجیر بۆ دەست و پێی حکومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەفتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتی حیزبەوە فەرمانان نازل بکات. بڕیارە کان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیان لە سەردەکرا و بە فیلتێرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین جادوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەکرانەو

و به ئاگاداری بیروڕای گشتی دەگەیەشتن. حیزب ماتۆڕی بردنه پێشی بەرنامەکان و رێکخستنی میللەت و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەک دەستوپێگر. هەموو ئیمکاناتی حیزبی خستبووه خزمەت حکومەت نه به پێچەوانەوە. قەت خۆی له جێێ کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی له جێی حیزب دانەدەناو حیزبیشی له جێی میللەت دانەدەنا. خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی میللەت دەویستن . پێشەوا بەرانبەر بیروڕای گشتی له سەر هەست بوو. کەسێک نەبوو گوێ نەداته بیروڕای گشتی میللەت و ڕوانگەو بیروبۆچونی هاوکارەکانی به گرنگ دەگرت.

※ مەیدانی بۆ دروست بوون و پێگەیشتنی چینی متەوەستی کۆمەڵگای کوردستان خۆشدەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگیەکانی کوردی له دەوری حیزب و کۆمار کۆکردبونەوە و خستبوونیه خزمەت میللەت و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتور و پەروەردەو فێرکردنی میللی. هەموو توانای ئینتلیکتوێلی کوردی خستبوه خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو له دوای خۆی به جێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانه و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر له وەڕا دێ که حیزبی پێشەوایەو پێشەوا دایمەزراندوە.

※ پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد به هۆی پێگەو نفوزی عەشیرەتی و ئاییینیەوە هاتونەتەسەر. پێشەوا له ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیەوە هاتبووه سەر . ئەو هەم مەشرۆعیەتی هەبوو، هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم یەکپارچەگی ئەخلاقی و هەم مەحبووبیەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا له نێو میللەتی خۆیاندا خۆشەویستبن و هەر خۆسەویستیش بمێننەوە.

※ پێشەوا ڕزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر بوو. ڕاستەوخۆ له گەڵ میللەت پێوەندی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنه پێشی بەرنامه و پرۆژەکانی کۆمار هێنانەکایه و موئەسەساتی بۆ کۆمەڵ و کۆمار دروست کردن، بەڵام وەک پێشەوای میللی قەت نەهات خۆی له قاوغی تەسکی بۆرۆکراسی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکا. ئەو به کردەوە ڕیبەرایەتی دەکرد و له ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکاندا بوو. خاکی و خۆماڵی و بێ فیزو تەکەبور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی له ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەروماڵی فیدای میللەت و نیشتیمانەکەی بکا.

※ ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەربۆیەش بایەخێکی زۆری به فەرهەنگ و ئەدەب و کولتوردەدا. دەورانی حکومەتی کۆماری کوردستان له مێژووی میللەتی کوردا، تا ئەو دەدوازده ساڵەی دوایی، پڕشنگدارترین قۆناخی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردیه که مێژوو به خۆیەوەی دیوە. ئەو زمانه ئەدەبی و سیاسیەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانه که له سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو به زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەری کوردی.

※ نەخش و سەهمی خەڵک له بزووتنەوە و دەستەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر بوو. پێشەوا دەستەڵاتی حیزبی و حکومەتی له دەستی خۆی و کەس و کارەکانی دا کۆنەکردبووە وە. چەترێکی گەورە بوو هەموو له ژێری دا جێگایان دەبوە وە. معیار بۆ وی خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆڵکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەڕەک بوو. تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەی له پشت نەبوون، بەڵام توانی له جامعەی دواکەوتوی ئەودەمی کوردستاندا، ببێته کاریزمایەکی میللی هێنده گەورە که هەموو عەشیرەته گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە له گەل یەکتردا، له دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێته ژێر ئۆتۆریته میللی کۆماری کوردستان.

※ یەکپارچەیی ئەخلاقی پێشەوا له پلەیەکی هێنده بەرزدابوو که گەورەیی و مەزنی خۆی له گەورەیی و مەزنی میللەت و خەڵک و هاوکارەکانی دا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. به پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێ که بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و به ئۆتۆریته له دەوری خۆت و بەرنامەکانت کۆکەیەوە نەک به پێچەوانەوە. ئاخر که سێک که دەستەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکومەتی له خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەوە کەسێکه که توانایی سیاسی و فکری و ئەخلاقیەکەی مەحدوده، کاراکتێرێکی بێ هێزی هەیەو دەوروبەرەکەشی هیچ کارە لێ نه هاتوون. پێشەوا نیهاد سازی کرد، بزوتنەوەی کرده میللی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقه و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات له سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی میللی بوو که هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان له نێویدا جێ یان دەبۆوه و هەموو شیان به هیخۆیان دەزانی شاعیر وتەنی به ملیۆن کورد، سوژدەیان بۆ دەبرد.

※ ئەو خسڵەته میللیه که وەک میرات بۆ حیزبی دێموکراتی به جێماوە هەر لەو دەمەڕا دێ که پێشەوا کردیه حیزبی میللی. حیزبی دێموکراتی دروست کرد و له ڕێگای حیزبەوه بوو به پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد. دەڵێن هەر خەباتێک ڕێبەری خۆی درووست دەکا، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان له سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و میللی و گەورەو بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەره گەورەیان هێنایه مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوار چراو گۆڕی پێشەوا، بوونەته سەمبوولی نیشتمان پەروەری و مەککەی کوردایەتی و قیبلەو زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و پێشەوا له دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی میللەتی کوردا هەر زیندوه و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن.

※ گۆڕی پێشەوا بۆته کورەی جۆشدانی کوردایەتی و له سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی گەورەیان به گۆڕی پێشەوایە. ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقی هەیە. بیری سیاسی پێشەوا هێشتاش هەروا به پێشەنگ دادەنرێ و مەوزوعیەتی هەیە و ڕوو له گەشەشه. ئەو درەختەی پێشەوا چەقاندی، هەروادێ پتر ڕەگ له کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئینێرژەیە میللیه که له پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، به تایبەتی ئەو هێزەکه نەیهێشتوه حیزبی دێموکرات بشکێ، یا له ڕێلی خۆی لادا، هەر ئەو ئینێرژیەیه که له پێشەواوە پێی دەگا.

※ ئەمڕۆ به ملیۆن کورد له هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردۆته مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانیەکان چ له بەشی ڕۆژهەڵات یا له بەشەکانی دیکه، له ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبیەکانیش، شەجەرەی سیاسی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشروعیەتی لێوەرگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و ڕووناکی له خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی له پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکیەش له بن نایەو دەگاته هەمووانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا له سەر تاکی کورد، میللەتی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی میللی کوردستان به جێی هێشتوه، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.

※ ڕاسته کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نه شکا،چونکه شکەست ئەوەیه قەت هەڵنەستیەوە. هەرکەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یا زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، به جۆرێک له کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، که ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، له گەشه و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئێستا بوونەته ڕێفێرانسه و نەسلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسه دەکەن، چونکه قۆناخی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، له مێژووی میللەتی کوردا بەرجەستەگی تاریخی هەیە و سەردەمی زێڕینی مێژووی دەستەڵاتداریەتی هاوچەرخی کوردە.

پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ له پێوەندی دەگەڵ تاران و چ له گەڵ تەوریز و چ له گەڵ زلهێزەکان و چ له پێوەندی له گەڵ مەسەله نێوخۆیەکانی کوردستاندا، تەنیا له گۆشەنیگای بەرژەوەندیی

کوردستان و دێموکراسیەوە دەگرتن. مەهارەتێکی بێ وێنەی لە فۆرمۆڵە کردنی داخوازەکانی میللەتی کورد و پەیامی سیاسی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا هە بوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبوە ڕێبەرێکی

تەواعەیاری میللی. لە خۆڕانیە بوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەوایش مایەوە.

* پێشەوا فیداکاری کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاش دا دەزانێ دەی کوژن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە میللەتی کورد و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکا. لە وەسیەتنامەکەشی داو لە سەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکا خەبات بەرنە پێش و خواش بەشاهیدی دەگرێ کە بەسەر وماڵ خزمەتی میللەی خۆی کردوە و داوا دەکات لە ئەگەر قسوری هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەمجۆرە ئەو هیچ تەڵەبکارنیە و فیداکاریشی بۆیە نەکردوە لە میللەتەکەی تەڵەبکاربێت. تەنیا داوای ئەوەیە میللەت پاڵ وێکدەن و خۆیان بە عیلم و زانست تەییارکەن و خەبات بەرنە پێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە نێڵە بکەوێت. بۆیەیە لە پێدەشتی کاکی بە کاکی بزووتنەوەی کوردا بۆتە لوتکەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتیمان پەرستی و وڵاتپارێزی.

* ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی ئێرانی و کۆنە پەرستیی ناوچەو تەنانەت زرەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتونەتەخۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەشکەن، بەڵام نەک هەر نەیان توانیوە زەرەیەک لە گەورەیی و خۆشەویستی پێشەوا کەم کەنەوە ، بەڵکو پێشەوا هەروادێ و مەزن تر و خۆشەویستر دەبێ و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئەمڕۆ بۆتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان.

* ئەو مامانێک بوو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و ڕزگاری کوردستان، لە منداڵدانی میللەتی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکا. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارەدەوستن و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتیمان بوو.

* پێشەوا ئەڵترناتیوی نەبوو. کەسێک بوو مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کوردا کە دەستی بەکاری سیاسی کرد، نەخشی هێندەگەورەی گێڕا، کە لە مێژووی میللەتی خۆی دا بوو بە گاندیەک، ناپلیۆنێک،ماندێلایەک. ئەو دروستکار بوو. خۆی و دەزگای حکومەتەکەی دووربوون لە گەندەڵی و فەساد. ئێستاش دروستکاری نەک بە فەزیلەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو فەساد و ئالودەگیەک بە دووربوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقیەتی بەرز و ئیستراتیژی سیاسی و سەلامەتی ویژدانیی. هەر بۆیەش بوو ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەوی گەورەی لە نێو میللەتدا هەبوو. کەس نەی توانیوە لە نێو کوردا وەک پێشەوا ئاوا ئیعتباری سیاسی وەدەست بێنێ.

* دەڵێن مێژوو ڕووحم بە کەس ناکا. پێشەوا لە نێو ڕێبەرانی سیاسی میللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە کە ژمارەشیان بە داخەوە زۆر کەمە، کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچون و ڕووسوور هاتوونە دەر . هێمن وتەنی عومری کورتی هەبوو، بەڵام ئەو عومرە کورتە پڕاوپڕبوو لە شانازی و شەرەف.

* لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لەو پیلانە گەورەیەرا دێ کە کۆنە پەرستی و ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکومەتەکەی بە ڕێوەیان برد. ئەو ڕاستیە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنیەتی حوکمدانی قازیەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بی کیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێو نەتەوەیی لە دژی ئەو وەرێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودابوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەست دابوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. تواناو لیوەشاوەیی و دروستکاری و مودیریەت و بە تەگبیری پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابۆو. ئەوەی ڕوویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی بوو.

بەبڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای میللەتی کورد لە بەرامبەر میللەت و مێژوودا هەستی بەبەرپرسایەتی دەکرد. ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێربن، بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە ئەو ئیحساسی مەسئولیەتە لە بەرانبەر میللەت و مێژوو دا، لە قازی نەمر فێربن.

١٦ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری خاکەلێوە

## سەلاح مەجیدپوور: گۆڕان لە فەرهەنگ و ڕەوانی کۆمەڵگە بەشێک لە مەشغەڵەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بوو .



ئاژانسی کوردپا لە ٦٧ مین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەمەبەستی تیشک خستنەسەر دۆخی سیاسی و فەرهەنگی ئەو کات و هەروەها ڕۆڵ و کەسایەتی پیشەوا قازی محەممەد لەو کۆمارەدا، دیمانەیەکی تایبەتیی لەگەڵ سەلاح مەجیدپوور پێکهێناوە.

سەلاح مەجیدپوور بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی ئاژانسی کوردپای داوەیە:

کوردپا: کۆماری کوردستان وەک یەکەیەی سیاسی . نەتەوەیی لە بەشێکی خاکی ئێران و بۆ دابین بوونی مافەکانی خەڵکی کوردستان دامەزرا، بەدەر لە کارکتێرەکانی ئەو یەکەیە، کۆماری کوردستان لەسەر چ ئاخێو( Discourse)ێکی نەتەوەیی پێداگری و بانگەشەی دەکرد؟

سەلاح مەجیدپوور: کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا بە ئیمکاناتێکی زۆر کەمی مادی و مەعنەوییەوە ئەرکی بەسەرئەنجام گەیاندنی "پرۆسە" یەکی سیاسی وچەند پرۆژەیەکی نەتەوەیی گرتبوە ئەستۆ. گوتاری ڕێبەری کۆمار دو لایەنی دەرەکی و ناوخۆی هەبووە.

لایەنی دەرکی گوتاری کۆمار لە خەزمەت ستراتیژی تەبدیلی مەترسی بە هەل و فورسەت دابوو، ئەگەر لە سەر هێلی زەمان، ڕوداوەکانی ئەو سەردەم لە پەنا یەک ڕیز بکەیین، بۆمان دەردەکەوێت کە یارمەتیدان بە مانەوەی پاشماوەی دەستەلاتی پاشایێتی لە کوردستان و یان بوون بە بەشێک لە کۆماری ئازەربایجان دوو مەترسی مەزن لە سەر کورد بوون. ڕیبەرایێتی کۆمار قورسای گوتاری نەتەوەی لە هەڵسوکەت لە گەڵ ئەو مەترسیانە بە لەسەرەخۆیی و دانبەخۆداگرتن هەتا یەکلابوونەوەی هەڵوێستی زەلهێزەکان وەدواخست.

هەنگاوی سوڤییەت بۆ تێرکردنی حەز و ئیشتای بۆ وەدەست خەستنی مەیدانە نەوتییەکانی باکووری ئێران و دامەزرانی فیرقە دێموکراتی ئازەربایجان، بوون بە واقیعێک کە بایەخی ژئۆئیستراتژیکی کوردستان لە سیاسەتی ناوچەکەدا بردە سەر. سەرانی کۆمار لە ئاواتەکانی سۆڤییەت تێدەگەن،و لەهەمان کاتێشدا لە تەمای لایەنی ئازەریش بۆ چەساندەنی کوردستان بە ئازەبایجانەوە ئاگادار دەبن.

کە ئەوەی ئاخریان بۆ ڕێبەرانی داهاتووی کۆمار جێگا باس و دانوستان نەبوو. لێرە دایە کە سۆڤییەت ترسی بۆ هاتنە دی سناریوی هاوکارێکی نیوان کورد و هێزەکانی ڕۆژاوا( ئینگلیسەکان) ڕێدەکەوێت، هەر لە بر ئەوەش رازی بە هاوکاری دەبێت بۆ دامەزاران و هاوکاری کۆمار لە داهاتوو دا. بەو شێوەیە کە سەرۆکایێتی کورد لە قورسایی خۆی تێدەگات و مەترسییەکە دەکاتە هەلێکی زێڕین کە ئێستاش هەموو کورد شانازی پێوە دەکات.



گوتاری روبە ناوخۆی کۆمار چەند لایەنە و لە هەمان کات گەلێک گرینگە، بەشێکی ئەو گوتارە لە جەهەتی مەهاری مەترسییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا بوو. هەر بۆیە گۆڕان لە فەرهەنگ و رەوانی کۆمەڵگا بەشێک لە مەشغەڵەی گەورەی ڕێبەرانی کۆمار بە گشتی و شەخسی پێشەوا بە تایبەتی بوو.

چاوخشاندنێک بە وتارەکانی پێشەوا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەولەوێتێکی دیکەی سیاسەتی ناوخۆیی کۆمار ڕوی لە فەرهەنگی توێژێکی دەستەڵاتداری کۆمەڵگای کوردستانە ( ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان)، کە لەو سەردەم دا (بالفعل)و یان لە داهاتوودا (بالقوە) پوتانسێلی راوەستان لە بەرامبەر کۆمارییان تێدا هەبوو و هەستی متمانە بە خۆی کوردانەیان زۆر لە خوارەوە بوو.

گوتاری کۆمار بە شێوەیەکی زۆر بە کار و بەرهەمدار توانی هەر چەند کاتییش بێت، توانای بەشیکی زۆر لە ئاغا و سەرۆک هۆزەکان بە قازانجی کۆمار وەگەڕ بخات و لە مەهاری هەلسوکەوتەکانیاندا بە دژی کۆمار سەرکەتووبوو.

بەشێکیتری سیاسەتی کۆمار ڕوی لەباشترکردنی ژیانی رۆژانەی خەڵک بوو وەک ئاستی ریفاه، فیرکردن و بارهێنان و قانوونمەند کردەنی کۆمەڵگا ، هەموو ئەوانە بەرهەمی دەزگا و ئەنستیتوتی مۆدیرن وەک حیزب و دەوڵەت بوون. بەڵام کۆمەڵگا خاوەنی توانایی مادی و هێزی کاری پسپۆر پێویست نەبوو کە بتوانێت ئەم سیاسەتانە بەرێتە پێشەوە. ئەوەی نابێ لێرەدا لە یاد بچێت فاکتەری زەمانە کە بۆ کۆماری زۆری بە بەرەوە نەبوو.

**کوردپا: فاکتۆرگەلێک لە کۆماری کوردستاندا هەیە کە کورد سەرباری ئەزموونی حکوومەتی شێخ مەحموود لە پێش کۆمار و حکوومەتی هەرێم لە دوای کۆماردا، ئەو ئەزموونە بە بنەمایەکی پتەو و گشتگیری بۆ خەباتی نەتەوەیی ـ دێمۆکراتیکی خۆی دەزانێت؟**

**سەلاح مەجیدپوور:** دەوڵەتی شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان و حەکوومەتی هەرێم سێ پرۆژەی جیاوازن کە بەرهەمی یەک پرۆسەن. بەڵام ئەلیمەنتەکانیی وەک : ڕیبەرایەتێکی دەروەست، شەفافێتی سیاسی و کراوەبوون ئەو ڕێبەرایەتییە روو لە کۆمەڵگا(extrovert) و نزاهەتی کۆمەڵایەتی ئەو تایبەتمەندیانەی کۆمارن کە ئەویان لە هەردوو تەجروبەکانی پێش و پاش خۆی جیا دەکردەوە. سەرجەمی دیاردەی کۆمار لە چوارچێوەیەکی مەحدوودی ئێمکانی دا بەرێوە براون و کەمترین پشتیوانی مادی و سیاسی دەرەکییان لە پەشت بووە.



**کوردپا: کۆماری کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی کە غەیرە کوردی لێ نیشتەجێ بوون چ میکانیزمێکی دیاریکراوی بۆ ئەو خەڵکە و حکوومەتی ئازەربایجان وەک داکۆکیکاری ئەوە خەڵکانە هەبوو؟**

**سەلەح مەجیدپوور:** هەڵسوکەوتی کۆمار دەگەڵ غەیرە کوردەکان بە گشتی، کە لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی کۆماردا دەژییان لە سەر بنچینەی بەرامبەری کۆمەڵایەتی دامەزاربوو، بۆ وێنە خوێندن بۆ هەموو دانیشتوانی جوغرافیای کۆمار ئیجباری بوو، بەڵام کەمینە دینی و میللییەکانی دانیشتووی کوردستان ئازاد بوون لە خوێندن بە زمانی دایکیان .

پێوەندی نێوان کوردان و ئازەربایجانیەکان لە سەر بناخەی ئەو سیاسەتە دامەزرابوو کە لە بەندی شەشی بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پەیمانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان (۳ بانەمەڕی ۱۳۲۵)دامەزرابوو. جێبەجێکردنی ناوئاخنی ئەو پەیمانە دەبوو هەردو کۆمار لە بەرامبەر مەترسی دەرەکی و کێشەکانی نیوان دو نەتەوە دا بیمە بکات.

میکانیزمی جێ بەجێکردەنی ئەو پەیمانە لە سەر بناخەی زۆرینەی حەشیمەتی کورد یان ئازەری دیاری کرابوو ، و هەتا تێک شکانی کۆمارەکان کاری پێدەکرا، بەڵام زۆریش سەرکەتوو نەبوو. لە شارەکانی ورمێ، خۆی، سەلماس، و میاندواو کە لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی ئازەربایجان دابوو کۆمار نوێنەری هەبوو، کە زۆرتر بە نوێنەری حیزب دەناسران. راستیەکانی ئەو سەردەم ئەوە دەردەخەن کە پێوەندی کورد و ئازەریەکان لە سەردەمی کۆماردا لە چاو هەموو مێژووی هەر دو نەتەوەدا خاوەنی کەمترین تێکهەڵچوون و دوژمنایێتی بووە و تا رادەیەکی زۆریش هاوەدەنگی و بە دەنگ یەکەوە هاتنی تێدا بووە.



**کوردپا: کەسایەتی قازی محەممەد لە دەرەوەی سەرکۆماری چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**سەلاح مەجیدپوور:** پێشەوا مرۆڤێکی زانا، رۆشنبیر، قانوونناس و کاتالیزاتۆرێکی کاریگەر بوو بۆ کێشەکانی توێژکانی کۆمەڵگا و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.

خوێندنەوەی کەسایێتی پێشەوا لە ژێر تیشکی وتە و کردارەکانی لە ماوەی ژیانی دا نیشاندەری ئەو راستیە کە ئەو بە کاراکتەری ڕێبەر لە دایک بووە و سەرۆکێکی مادرزاد بووە. ئەوە توانای مادی و پێگەی بنەماڵەی نەبوون کە ئەویان کرد بە ئەو پیاوە کە مۆرکی خۆی لە مێژو بدات. دید و روانینێ بەربڵاو(همە جانبەنگر)، قووڵبینی و ناسێنی باشی کۆمەڵگاکەی لە ئەو توانایە سروشتییانەن کە پێشەوایان وەکوو ستراتژیستێکی کەم وێنەی کورد بە نەسلەکانی داهاتوو دەناسێنێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە پێشەوا یەکێک لەو ریبەرە کەم وێنانەی ناوچەیە کە پاردایم ساز بووە. ئەو لەو سەردەمەدا بە هەموو بێ دەرتانییەکانیەوە لە فیکری تێگەیشتن لەپێوەندییە نێونەتەوەییەکان دابووە ، بۆ جێکردنەوەی کێشەی کوردی لە رۆژەڤی هێزە جیهانی وناوچەیەکاندا. لە هەمان کاتدا بەرپرسایێتی خۆشی لەم پرۆسەیەدا زانیوە و کاری بۆ کردوە.

هەدەفمەند کارکردن تایبەتمەندیەکی‌تری پێشەوایە، ئەو بە کردەوەی کایگەر و لە جێی خۆیدا وای کردوە کە بتوانێ لەماوەیێکی کەمدا مەقبوولیەتێکی کۆمەڵایەتی وەها بۆخۆی وەک ڕێبەر دروست بکات کە

خەڵک " بەیعەتی " دەگەڵ بکەن. ئەوەش نیشاندەری ئەو پەڕی متمانەی مەعنەوی خەڵک بە جەنابییان بووە. پێشەوا پیاوی خوڵقاندنی گۆڕانکاری لە هیرەمی قودرەتی کوردستان و داڕشتنەوەی دووبارەی ئەو

هیرەمەیە. پێشەوا سەرۆکێکی خاوەن رادەیەکی بەرز لە قەبووڵی ریسک و مەترسی بوو لە گەیشتن بە مەبەستەکانیدا، لە هەمان کاتیشدا مرۆڤێک بوو بە دونیایەک ئیعتدالەوە، ئامادە بوو لە رێ وەدستهێنانی مەبەستەکانی لە گەڵ هەموو لایەک دابنیشێ وقەبووڵی هەموو بەرپرسایێتی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان بکات.



پێشەوا بە ئەندازەی کۆمەڵناسیک تاروپۆی کۆمەڵگای کوردی ناسیوە و هەر ئەو تێگەیشتنە بۆتە هۆی ئەوە کە بە تەحموول و تۆلەرانسێکی زۆرەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە توانای ئیقناعی، کۆمەڵگا بەرەو ریفۆرم و گۆران لە موناسباتی ناوخۆیدا بەرێت.

کوردد پا: لەم رۆژانەدا ٦٧ مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستانە، ئێوە چ لادانێک و چەواشەکارییەک لە لێکدانەوە و ڕاڤەی سیاسی و مێژوویی کۆماری کوردستاندا هەست پێدەکەن کە ئەمڕۆ بو مەبەستی تایبەتی دەکرێن؟

سەلەح مەجیدپوور: ئەوە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەموو کوردستان دا یادی دامەزرانـدەنی کۆمار دەکرێت، دەبێ وەک هەنگاوێکی موسبەت و چوونەسەری رادەی هوشیاری نەتەوەی ببینین. ئیتر کۆمار لە موڵک و قەوارەی رێکخستنی و ناوچەیی هاتۆتەدەر. ساڵەکانی ٦٠ هەتاویی زۆر رێکخستنی چەپی ئێرانی و کوردستانی یادی کۆماریان دەکردەوە بۆ ناحەزکردنی ئەو کۆمارە، کەچی ئێستا بە خۆشێوە ئەو باوە ناحەزە نەماوە.

کۆمار وەک بەشێک لە مێژوی رابردوی نە زۆر دووری ئێمە، هەنووکە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەوەی جێگای سرنجە بەشی زۆری خوێندنەوەکان خاوەنی بناخەیەکی زانستی (لە باری ناوەرۆک و مێتودلۆژی) نین، بەڵکوو تەفسیر و گێرانەوە لە ڕوانگە رێکخستنێک یان تاکێکن. بە کورتی کۆمار دەکرێتە کەرەسەی شەڕی ئەو رۆی ناوبەری رێکخستنەکانی کوردی. درێژپێدانی ئەم رەوتە دەبێتە هۆی ئەوە کە بەرچاوی نەسلی داهاتوو لێڵ و تەماوی بێت، و لە ئاکام دا کۆمارلە مێشکی نەسلی داهاتوو دا وایی لێ بەسەر بێت کە کەس خۆی لێ بە سیحەب نەکات. ئەرکی هەموو بیرمەندانی کورد و سیاسەتمەدارانی بە دەروەست ئەوەیە کە خۆ لە تەفسیری(**Interpretation**) کۆمار بپارێزن و لایەنی تەحلیلی(**Analysis**) ئەو دیاردە پر بایخەی مێژووی کورد بە هێز بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمارە بەڵگە و کەرسەی زۆر بەنرخ و سەرەنجڕاکێشی بۆ بەجێ هێشتووین کە سەرچاوەیەک مەزنن بۆ توێژینەوە زانستی.

سەلاح مەجیدپوور ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دوانوەندیی لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد تێپەڕ کردووە و پاشان لە دەرەوەی وڵات خوێندن تەکنیکی لە بواری بەرهەم هێنانی وزەدا تەواو کردووە و دواتر خوێندنی باڵای لە رشتەی مودیرییەتی بازرگانیدا بە کۆتایی گەیاندووە.

٢٢ی ژانوییەی ٢٠١٣

پێشمەرگەکان

## بۆچی کۆماری کوردستان جێی شانازی هەموومانە؟



خالیدخورینجی

ئەم کۆمارە یی هەموان بوو بۆهەموان بوو.لەمێژووی مرۆڤایەتی داهەمیشەشتەباش وبەکەڵکەکان ومرۆڤە پاک ودڵـودەرون سادق وبەویژدانەکان وخاوەن بەزەیی وخاوەن بیروباوەڕە ڕاست وپێشکەوتنخوازەکان،کەهەوڵیانداوەخزمەتی کۆمەڵگەکەیان بکەن وبەشەریەت لەزوڵموستەم وچەوساندنەوەی نەتەوەی ونەژادی وئاینی وعەشایری وبەگشتی چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان ڕزگاربکەن،بەشێوەیەکی بەربڵاو وبەردەوام توانیویانەسەرنجی کۆمەڵ بەرەولای خۆیان ڕاکێشن وببنەمایەی رێزوخۆشەویستی لەناوگەل ونیشتمانەکەیانداو هەتالەژیانداماین خەڵک گوێ ڕایەڵی داواو بڕیاراتەکانیانبن وبە ئەمانەتەوەجێبەجێیانبکەن. کەئەماشن کۆمەڵ بەرێزوحورمەتەوەناویانبێنن و بەشانازێوەش یادیانبکەنەوە. لەناوگەلی قارەمان وئازادی خوازی کوردیشدا زۆرن ئەو ڕۆژانەو ئەوکەسانەی کە گەل بەشانازێوە ناویاندێنێ ویادیاندەکاتەوە. یەکێک لەورۆژەپیرۆزانە،کەگەلی کورد بەشانازێوە یادی دەکاتەوە،ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوییە.کەلەورۆژەپیرۆزەداگەلی کوردبەهیممەتی رۆڵە قارەمان وبەشەرەفەکانی خۆی توانی بۆیەکەمین جار حکومەتێکی کۆماری دابمەزرێنێ وهەموو کاروفەرمانەکانی هەڵقوڵاوی ئازادی وبەرابەری ورەچاوکردنی مافی مرۆڤبێ ،بەبێ جیاوازی نەتەوەونەژادوئا

ین وزمان و وڵات ودەسەڵاتداروبێدەسەڵات ودەوڵەمەند وفەقیرو لەورۆژەپیرۆزەدابوو کۆماری کوردستان لەژێرسەرۆک کۆماری رۆڵەی بلیممەت وهەڵکەوتوی ناوگەلی کوردا،نەمر پێشەواقازی محەممەدی زانادا ڕاگەیەندراوشادی وخۆشی وئاشتی وئارامی باڵی بەسەرناوچەرزگارکراوەکانی کوردستاندا کێشاوخاکی پاکی ژێرسایەی کۆماری کوردستان لە پۆستاڵرەق وژاندارم وجاشوو جوشوو قوڵەچۆماغەکانی شای خائین وخاینزادە پاکرایەوەوعەداڵەت ویەکسانی وبرایەتی وئازادی وڵاتیان ڕازاندەوە وزوڵم وستەمودیکتاتۆری کۆتای پێهات وکوردستانی ئازادکراو کرابەباغی ئازادی هەرکەس وهەرکوردێکی بە شەرەف لەهەرچوارپارچەکەی کوردستان وکۆماریش کرابە ملکی گشت ئازادی وخوازورۆڵەیەکی نیشتمانپەروەرو، کۆماروسەرۆک کۆماریش بەبێ جیاوازی وبەویژدانێکی پاکەوەسەرۆکایەتی وڵاتیاندەکردوهیچ کوردێکی مهابادی توانای زوڵم کردنی لەکوردێکی دیاربەکری وقامیشلووی وهەولێری نەبوو،هیچ تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکڕات زاتی نەبوو بێ حورمەتی بەتێکۆشەرێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکات. بەکوردی وبەکورتی کۆماربۆهەموو کوردێکی بەوێژدان ونیشتمانپەروەرببۆجێگای هیواو کوردستانی ئازادکراویش ماڵێکی ئارام وجێگای حەسانەوەی هەرکەسێکی دڵ وداوێنپاک وئازادی خواز.بۆیە زۆر ڕەوایە لە یادوبیرەوەری ساڵرۆژی لەدایک بوونی کۆماری کوردستاندا سەری رێزووەفاداری بۆکاروکردەوەکانی کۆماروسەرۆک کۆماروسەرۆک وەزیران وبەگشتی سەرجەم دڵسۆزان و پارێزەرانی کۆماری کوردستان نەوی بکەین درودبنێرین بۆرابردوی پاک وسەری بەرزیان، پێیان بڵێین هەزاران سڵاولەگیانی پاکتان ولەدەسەڵاتی پڕلەعەداڵەت ویەکسانیتان.کەمێژوویەکی پڕلەشەرەف وشانازی وشۆرشگێریتان بۆخۆتان وبۆگەکەتان تۆمارکردو نەبوونەگۆپاڵی دەستی هیچ دوژمنێکی کوردوکوردستان وشمشیری ژاراوی وانتان وەرنەگرت بۆپەڕاندنی سەری ئازادی خوازەکانی گەلی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان و نە بوونە

ڕاوچی بۆڕاوکردنی ڕۆڵەشۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردلەبەشەکانی دیکەی وڵاتمان .دایکان وباوکانی کوردتان ڕەشپۆشنەکردولە پرسگەوشاروگوندەکانتان بێ ویژدانانەتیرۆرتان نەکردن وبەزیندووی ،یان بەبێ گیانکراوی تەسلیمی دوژمنانی کوردستانتانەکردنەوە. بەڵکوو زۆر سادقانەونیازپاکانەدەستی برایەتیتان نانە ناودەست وکردتانن بەخاوەن ماڵ وخاوەن دەسەڵات وخاوەن هێزی بێ جیاوازی.دووبارەهەزاران سڵاولەگیانی پاکتان ولەویژانی بێوێنەتان.دڵنیابن هەروابەزیندوی لەناودڵمانا دەمێننەوە ئەی خەمخۆرانی ڕاستەقینەی گەل ووڵات. هەرلەورۆژەپیرۆزەشداهەزاران سڵاوڕێزی بێ پایانم دەنێرم بۆتەک تەکی کادروپێشمەگەقارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوەفادارو ڕێبواری بەوەفای کۆماری کوردستانن.

بەرزوپیرۆزبێ یاد و بیرەوەریساڵرۆژی کۆماری کوردستان.

قەدەمت خێر ڕێبەندانم ،مانگەگەشەی چوارەرزانم
ڕۆژی شادی وموژدەبەخشی نیشتمانم
شادکەرەوەی گەلی کوردوچەساوانی کوردستانم
لەتۆدابونیشتمانم ڕازایەوە تۆوی هیوارواییەوە
لەکوردستانی خوێناوی زوڵم وستەم بۆ ١١ مانگسڕایەوە
گەلی کوردوکوردستانم گەشایەوە
ئاڵای ئاشتی وبەختەوەری لەوڵاتمان شەکایەوە
کۆتری سپی ونیازپاکی لەنیشتمان دەمبەخەندەو
بەسەربەرزی لەئاسمانی ساف وبێگەردسووڕایەوە
دوژمنی هارودڕندە وەکوبەفری سەرشەقامان
لەژێر زەبری شاسوارانی وڵاتپارێز توایەوە
دارودەوەن بەجلوبەرگی جوان ورەنگین
پەری ئاسارازایەوە وێنەی مانگی ١٤گەشایەوە
بگرەوبکوژەوزوڵموستەم بەهیممەتی
کۆمارەکەو پێشەوای ژیر بۆ ١١ مانگ لەوڵاتی
بەخوێن سوورمان بڕایەوە.

٢١ی ژانوییەی ٢٠١٣
ماڵپەری خاکەلێوە

## یادەوەریی یەکەم کۆماری کوردستان و چەند سەرنجێک:



بەختیاری شەمەیی

بەر لەهەر شتێک دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم چەند ووشەیە لێکۆڵینەوە یان باسکردن نییە لەکۆماری دێموکراتیی کوردستان، بەڵکوو تەنها بۆ یادکردنەوە و ڕێزگرتنە لەبیرەوەریی نەمری ئەو ڕووداوە گرنگ و پڕ لە شانازییەی مێژووی کورد،
چونکە یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە بیرەوەریی ڕووداوە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ڕابردووی نەتەوەکەمان، ئەرک و فەرمانێکی پێویستی سەرشانمانە و دەبێ هەمیشە بەوپەڕی بایەخ و ڕێز و شانازییەوە یادیان بکەینەوە و ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانە لە ئامێزی دڵمان بگرین و بیانکەینە سیمبوڵی کوردایەتی و یەکێتیی تێکۆشان و زیندوویەتیی مێژووەکەمان. ئێمەی کورد لەبەرئەوەی کە خاوەنی ئایینێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆمان نین (وەکوو هۆکارێکی سەرەکی بۆ مانەوە و یەکێتیی نەتەوەییمان)، زۆر پێویستمان بە هەبوون و دروستکردنی سیمبوڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی تایبەت بە خۆمان هەیە.
سەرباری ئەمەش، چونکە نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو و بێ دەوڵەتین، لە هەموو میللەتانی دیکە زۆرتر پێویستمان بە سیمبوڵی نەتەوەیی هەیە تا بتوانین بەهۆی ئەوەوە وەکوو (کورد) بمێنینەوە و لە بۆتەی نەتەوە دەوڵەتدار و سەردەستەکانی دەوروبەرماندا نەتوێنرێینەوە کە ئەوە چەند سەدەیەکە بە درێژایی مێژوو بە گەلێ شێوە و شێوازی جۆربەجۆر هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی هەموو بوونێک دەدەن کە بۆنی کورد و کوردستانی لێ بێت. بەکورتییەکەی لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی ڕێگای دوور، دەڵێم ئێمەی کورد چ وەکوو تاک و چ وەکوو نەتەوە، زۆر پێویستە و دەبێ کە ڕووداوە نەتەوەیی و مێژووییەکانی ڕابردووی خۆمان زۆرتر و زۆرتر گرنگی و بایەخی تەواویان پێبدەین و بە هەموو شێوەیەک بیانکەینە سیمبوڵی مانەوە و تێکۆشان و کوردایەتیمان.

لەڕەوەنـدی مێـژووی کـورد و بـزووتنەوەی کوردایەتیـدا گەلـێ ڕووداوی نەتەوەیـی و مێژوویـی گرنـگ هەن کە جێگـای داخە هەتـا ئێسـتا وەکـوو پێویسـت لێیـان نەکـۆڵراوەتەوە و ئەنجـامگیریی زانسـتە و بابەتییانەیان لێهەڵنەهێنجراوە کە بەڕاستی ئەمە بە یەکێ لەگەورەترین ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی سەرتاسەری مێژووی کورد دادەنرێت.

ئێمە هەتا ئێستا گرنگی و بایەخمان بە مێژووی خۆمان نەداوە و ئەمەش مەسەلەیەک نییە کە بتوانری چاوپۆشیی لێبکرێ.

گەلێ لەو کوردناسە بێگانانەی کە مێژوومان بـۆ دەنووسنەوە، ئەم مەسـەلەیەمان بەڕوودا دەدەنەوە و گلەیـی کەمتەرخەمی و فەرامۆشیی خۆمانمـان لێدەکەن و پێمـان دەڵـێن ، کورد هەتـا ئەمڕۆ نەیتوانیـوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە و کەڵک لە مێژوو و ئەزموونەکانی رابردووی خۆی وەربگرێت . ئەمەش تەواو راست و دروستە. لێرەدا ئەگەر بـۆ نمـوونە ژمـارەی مێژوونووسـانی کـورد (مێژوونـووس بەمانـای تەواوی وشەکە) بهێنینە نێو باسەوە، باشتر لە مەسـەلەکە تێـدەگەین و دەبـێ دان بەو راستییەدا بێنین کە زۆر بەداخەوە ژمـارەی مێژوونووسـانی کـورد لە پەنجەکـانی دەسـت زۆرتـر نین. هەتـا ئێستا نەمـانتوانیوە خۆمان مێژووی خۆمان بنووسینەوە و کێشەکانی رابردووی خۆمـان بەلایەکـدا بخەیـن. ئەوانەی کە نووسـراونەتەوە هەریەکەیـان لە ئـاوازێ دەخـوێنێ و هەموویـان نـاچنەوە سـەر شـارێیەکی تەواو کـوردانە. ئەم مەسەلەیە گەلێ گرنگە و دەبێ بە دووروودرێژی باسی لێوە بکرێ و لێیبکۆڵرێتەوە. لێرەدا ئەو مەودایە نییە و ئەم چەنـد وشـەیەش بـۆ ئەو مەسـەلەیە تەرخـان نەکـراوە و لابەلاکـردنەوەی ئەم کێشـەیە ئیشـی باسکاران و مێژوونووسانە.

ئەمڕۆ ئەوە پتر لە نیوسەدە بەسەر دامەزراندن و لەناوچوونی یەکەم کۆماری کوردستان، کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان، یان (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) دا تێپەڕ دەبـێ. راگەیانـدنی ئەو کۆمـارە کـوردییە لە ٢٢ ی ژانوییەی ١٩٤٦ دا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرۆک کۆمـارێتیی پێشـەوای شـەهید (قـازی محەمەد) ی نەمر، بە یەکـێ لە رووداوە مێژووییە هەرە گرنـگ و پـڕ لە شـانازییەکانی ئەم سـەدەیەی مێژووی کورد و کوردستان دادەنرێ. چونکە بۆ یەکەمجار لە مێـژووی نـوێی کـورددا، دەسەڵاتدارێتییەکی سیاسی– سـەربازیی نەتەوەیـی هـاوچەرخ، بە دەستپێشـخەری و پشـتیوانیی کـورد خـۆی لە نـاوچەیەکی ئـازادکراوی کوردسـتانـدا، دامەزرێنـرا. ئـاڵای دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی سـەربەخۆی کـورد لەژێـر ئـاسمانی بەشـێکی رزگـارکراوی نیشـتمانەکەمانـدا شـەکایەوە و جەمـاوەری ستەمدیدەی ئەو بەشـەی کوردسـتان بـۆ یەکەمجار بەو شێوەیە خۆیان بە سەربەرزی و سەرفرازی لەسەر خاکی ئازادکراوی خۆیان بینییەوە.

بۆ یەکەمجار هێزە ماددی و مانـاییەکانی یەکێ لە داگیرکەرانی کوردستان دەرپەڕێندران و سەربەخۆیی و ئـاشتی و ئـازادی، شوێنەوارە رەشەکانی سیستەمی کوڵۆنیالیستی و شەڕ و چەوساندنەوەیان سڕییەوە.

بەکورتییەکەی ئەو رووداوە مەزنە یەکێ لە گرنگترین گۆڕانکارییەکـان و پڕ لە شانازیترین رووداوە مێژووییەکانی نەتەوەی کـوردە لە هەمـوو مێـژووی نـوێی بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتانـدا. ئەو تەنهـا یانزە مانگەی دەسەڵاتـدارێتی و خۆبەڕێوەبەرێتیی ئەو بەشەی کوردستان، بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە کوردیش وەک گشت نەتەوەکانی تـر دەتـوانێ خۆی دەوڵـەتی سەربەخۆ و سیستـەمی سیاسی و سەربازیی خۆی بەڕێوەبەرێ و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و برایانە و دیمۆکراسیانە بژی و دۆستی ڕاستینەی نەتەوەکانی دراوسێشی بێ.

بە کۆکی و برایەتـی و تـەبایی لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکانی نێوخۆیشیدا پێکەوە بە ئاشتیانە بژین. هەر بـۆ نمـوونە ئەگەر ئەو دیـاردەیە لەبەرچاو بگـرین کە لەنـاو ئەو کۆمـارە سـاوایەدا، تەنـێ بـۆ چەنـد خێزانێکی جوولەکە کە لە مەهابادی پایتەختی کۆمارەکەدا دەژیان، فێرگەیەکی تـایبەتییان بەزمانی خۆیان بۆ لەبەرچاو گیرابوو تـا بتوانن خزمەتی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیـان بکەن کە لەڕاستیدا ئەوە مـافێکی رەوای خۆیشیان بـوو. هەر ئەوە باشـترین نمـوونەیە بـۆ هەبـوونی گیـانی برایەتـی و دۆستایەتی و تەبـایی کـورد لەگەڵ هەمـوو کەمەنەتەوەییەکـانی دانیشـتووی کوردسـتانـدا کە بە پرۆسێسێکی سروشتی و مێژوویی پێکەوە ژیانیان لەتەک کورددا هەڵبژاردووە.

ئەو ڕووداوە بۆ هەردوو نەتەوەکە ( کورد و جوولەکە) مایەی شانازییە.

بێگومان ئەو ماوە کەمەی ژیانی کۆمارەکە، بە هەموو کەموکوڕییەکی ناچاریشییەوە، لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا بە پیتی دروشت و زێڕین نەخشێنراوە و نەوە بە نەوەی کـورد و هەمـوو هاونیشتمانییەکی کوردستان هەمیشە بە ڕێز و شانازییەوە یادی دەکەنەوە.

لێرەدا هەر بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆز و نەمرەوە، پێویستە ئەگەرچی زۆر بە کورتیش بێ، لە چەند مەسەلەیەکی پێوەندیدا ر بەو رووداوە مێژووییەوە بـدوێین کە لە ڕاستیشدا شایانی بیرهێنـانەوە و ئـاماژە بۆکردنن. ئەویش ئەوەیە کە هەتـا ئێسـتاش هەنـدێ لایەنـی گرنـگ و مێژوویـی ئەو کۆمـارە بەنهێنـی مـاونەتەوە و بـوونەتە گرێکـوێرەی مێژووی ئەم سـەدەیەی کـورد. وەک گەلـێ بـاس و ڕووداوانـی دیکەی مێژووەکەمان کە هەتا ئەمڕۆش هەر پەردەیان لەسەر هەڵنەدراوەتەوە و بوونەتە تـابووی مێژووی کۆن و نوێی کورد.

بەداخەوە ئەوە پتر لە نیوسەدە بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕ بووەو کەچی هەتـا ئێستا ئەو نهێنیـانە لەپشت پەردەوە مـاونەتەوە و چاوەڕوانی خۆدەرخستن دەکەن. وەکـوو پێوەنـدی و کێشە سـەرەکییەکانی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و یەکێتیی سۆڤێت لەو سەردەمەدا. مەسەلەی کێشەی بارزانییەکـانی نێو کۆمار کە هێز و لەشکری بنچینەیـی کۆمـارەکە بـوون. هەروەهـا نێوانی پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) لەگەڵ ژێنەراڵ بارزانیی نەمر و هەموو بارزانییەکانی تردا.

کۆچڕەو و چارەنووسی جەنگاوەرانی بـارزانی بـۆ سۆڤێت و کێشـە و گیروگرفتەکانیـان لەوێ کە ئەو ڕووداوانەش هەر یەکـێ لەئەنجامەکـانی کارەساتە دڵتەزێنەکەی ڕووخـانی کۆمـارەکە بـوو. پێوەنـدییەکانی بارزانی و بارزانییەکان لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوکاتەی سۆڤێت و بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان لەماوەی مانەوەیاندا لەنێو کۆمارە جیاجیاکانی یەکێتیی سۆڤێتدا. هەروەها هۆکارە سـەرەکییەکانی دامەزرانـدن و ڕووخـانی کۆمـارەکە ، مەسـەلەی هەڵوەشـاندنەوەی (کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کـورد) و دروستکردنی (حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران) لەسـەر ڕاسـپێریی سـەرانی ئازەربایجـانی سۆڤێت و هەوڵـدانیان بـۆ بەپاشکۆکردنی ئەو کۆمارە سەربەخۆیەی کورد بەحکومەتی میللیی ئازەربایجانی ئێرانەوە. ئەمانەو گەلێ وردە ڕووداوی تری نێو کۆمار کە هەتـا ئێستا وەکوو پێویسـت بـاس نەکـراون و لەسـەریان نەنووسـراوە و وەکوو مێژوو تۆمار نەکراون.

ئەم مەسەلانە، بابەتی زۆر گرنگ و پڕ بایەخی مێژووی سیاسیی کوردن و دەبێ لەشەبەنگ و تـاریکستانی مێژووی کورددا نەمێننەوە و پێویستە ڕۆشناییان بخرێتە سەرو لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتییان

لەسەر بکرێت. لێرەدا دەبێ ئەوەش باس بکەین کە لێکۆڵینەوەو تۆمارکردنی ئەو مێژووە ئەرک و فەرمانی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەوەکانی ڕابردوو بوون، کە زۆر بەداخەوە لەم ڕووەوە چ هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوەو ئەو کێشە مێژووییانە چارەسەر بکەن و ئەمڕۆ بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتوو بیوونایەتە بەڵگەی مێژوویی و ئەو ئەرک و فەرمانانە ڕووبەڕووی نەوەکانی دوای خۆیان نەبوونایەتەوە.

هەرچەند ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بمانەوێ بڵێین هەرهیچ نەکراوەو هیچ هەوڵێ نەدراوە و کەس هیچی لەسەر ئەو ڕووداوانە نەنووسیوەو نەوەکانی ئەو سەردەمە لەخەون و خەڵوەتا بوون، لەگەڵ دەربڕینی ئەم ڕاز و گلەییانەشدا لەنەوەکانی ڕابردوو، کە ئەمە مافێکی ڕەوای ئەمڕۆی ئێمەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر دەتوانین ئاماژە بەچەندین نووسین و بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسیی بکەین کە لەسەر کۆمار و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە.

زۆر لە نووسەران و ڕووناکبیرانی دڵسۆزی کورد لەو پێناوەدا خۆیان ماندوو کردوە و بەرهەمی زۆر بەنرخ و پڕ زانیارییان لەسەر ئەو ڕووداوانە پێشکەشی مێژووی کورد کردووە. ئەمانە دەبێ باس بکرێن و ئەو هەوڵ و ماندووبوون و بەرهەمانەیان زۆر بەرێزەوە چاولێبکرێ و نرخی شیاوی خۆیانیان بدرێتێ. بەڵام ڕەخنەو گلەیی نەوەکانی ئەمڕۆ زۆرتر لە نەوەکانی ڕابردووە بەتایبەتی لەسەرانی ئەو کاتەیە کە ڕاستەوخۆ بەشداری کۆمارەکە بوون و خۆیان پێکهێنەری هەندێ لە ڕووداوەکان بوون.

ئەم ڕەخنانە پتر ڕووبەڕووی ئەو فەرماندە سەربازی و سەرکردە سیاسییە خوێندەوارانە دەبێنەوە کە پاش ڕووخانی کۆمارەکە دەرفەتی ڕزگاربوونیان بۆ ڕەخساوە و هەوڵیان نەداوە ئەو کارەسات و ڕووداوانە بنووسنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدەن، یان بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە تا ئەمڕۆ بیوونایەتە بەڵگەی مێژوویی و بابەتی لێکۆڵینەوە.

زۆر بەداخەوە زۆربەی ئەوانە ئەمڕۆ لەژیاندا نەماون و ئەو مێژووەیان لەگەڵ خۆیاندا بردۆتە ژێر گڵەوە. ئەوانەشیان کە بیرەوەرییەکانی خۆیانیان نووسیوەتەوە، ژمارەیان لە پەنجەکانی یەک دەست کەمترە. لێرەدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ڕەخنەگرتنی نەوەکانی ئەمڕۆ لە نەوەکانی ڕابردوو، کارێکی پێویست و ڕەوایەو نەوەکانی داهاتووش مافی خۆیانە ڕەخنە لە نەوەکانی ئەمڕۆ بگرن.

ڕاستی چەند ناخۆش و هەق چەند ڕەقیش بێ، هەر دەبی لە کات و شوێنی پێویستدا باس بکرێ. ئێمەی کورد نابێ هێندە ئاستی شارستانێتیی خۆمان بهێنینە خوارەوە کە لە باسکردن و تۆمارکردنی مێژووی خۆمان شەرم بکەین یان بترسین.

مێژوو سەرجەمی هەموو ئەو دیاردە و ڕووداوانەن کە لەسەردەمی تایبەتیی خۆیاندا پەیدا بوون و ڕوویان داوە، ئیدی چ باس بکرێن یان نەنووسرێنەوە، هیچ لە ڕابردوو ناتوانن بگۆڕن. بەڵام بەباسکردن و تۆمارکردنیان خزمەت بەئێستا و داهاتوو دەکرێ.

ئێستا با بێینەوە سەر باسەکەمان و مەبەستی ئەم ووشانە، زۆر بەداخەوەو لەڕاستیشدا زۆر جێگای شەرم و سەرسەڕمانیشە کەئەوە پتر لە پەنجا ساڵ بەسەر دروستبوون و لەناوچوونی کۆماری دیمۆکراتیی کوردستاندا تێپەڕ بووە، کەچی هەتا ئێستا نەمانتوانیوە تەنانەت پەنجا وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی و ئەکادیمیانە لەسەر ئەو ڕووداو و کارەساتە نەتەوەییە، مێژووییە گرنگە بەبەرهەم بهێنین. ئەمڕۆ ئەگەر ژمارەی خۆمان لەبەرچاو بگرین کە زۆرتر لە سی میلیۆنین، ئەوە دەبێ باشتر هەست بەم ناتەواوی و کەموکوڕییە مێژووییەی خۆمان بکەین. بەڕاستی ئەمە نەنگی و شەرمەزارییەکە کە ڕووی زۆربەی ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد دەگرێتەوە.

هەربۆیە لێرەدا ناچارین بۆ بیرهێنانەوە و ڕێزگرتن، ئاماژە بە بەرهەم و ماندووبوونی ئەو نووسەرە تێکۆشەر و دڵسۆزانە بکەین، چ خۆماڵی و چ بێگانە کە هەر یەکەیان لە سنووری توانای خۆیاندا، بە مەبەستی جیاوازەوە ، سەبارەت بەم مەسەلەیە جێپەنجەیان لە نامەخانەو مێژووی نەتەوەکەماندا دیارە و شایستەی ڕێز و سوپاسی زۆرن. وەکوو مامۆستایانی نەمر: هەژاری موکریانی، مام هێمن، حەسەنی قزڵجی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملۆ، کەریمی حیسامی، ڕەحیمی قازی، عەلادین سەجادی، محەمەد تۆفیق وەردی... هەروەها مامۆستایانی بەڕێز: سەید محەمەدی سەمەدی، مەحمودی مەلا عێزەت، جەلیلی گادانی، مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە، مام غەنی بلوریان، عەبدولقادری دەباغی... هەروەها بەڕێزان: ویلیام ئیگڵتن، ئارچی ڕۆزفێڵت، میخائیل لازاریف، ئۆلگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا، دەیڤید ماکدوۆڵ... نەمر ئەبولحەسەن تەفریشیان، ئەحمەد شەریفی، ( نەجەف قولی پسیان؟) ، مورتەزای زەربەخت... هتد.

ئەم نووسەرە بەڕێزانە هەموویان گەلێ زانیاریی بەکەڵکیان لەسەر کۆمار و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بۆ تۆمارکردووین و بەرهەمەکانیان بوونەتە سەرچاوەی مێژوویی و نێویان و بەرهەمەکانیان لە مێژووی کورد و کوردستاندا بەنەمری دەمێنێتەوە. بێگومان گەلێ لە نووسەرانی تریش سەبارەت بە کۆماری کوردستان نووسیویانە و بەرهەمەکانیان لەم ڕووەوە نامەخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، جا ئەگەر لێرەدا ناوی هەموو ئەوانە نەهاتووە، ئەوا هیوادارم بەهیچ مەبەستێکی نێگەتیفانە تێنەخوێندرێتەوە. چونکە لەم کورتە نووسینەدا هەر هێندە لە تواناداا بووە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە نووسەرانی خۆماڵی و بێگانەی دیکەش زۆر هەن کە لەنووسینەکانیاندا درۆ و دەلەسە و بوختانی زۆریان لەمەڕ کۆمار و سەرانی ئەوکاتەی کوردەوە هۆنیوەتەوە و وەکوو کەرەستەی بازرگانی و خۆژیاندن و خۆپێوەدەرخستن و دوژمنایەتیکردنی کورد بابەتەکانیان نووسیوە، بەڵام بێگومان ئەوانە هەرگیز ناچنە ڕیزی مێژوونووسانەوە و ناوهێنانیشیان لێرەدا پێویست نییە و شایستەی باسکردن نین. تەنێ هێندە دەبێ بڵێین کە درۆ و دەلەسە و بەختانەکانیان بەڵگەی نزمی و ڕیسوابوونیانە.

هەروەکوو باسمانکرد تا ئەندازەیەک نووسراوی مێژوویی و سیاسی لەسەر کۆمار و (ح . د . ک . ێ) نووسراون.... هەندێ لەو نووسەرانەش ئەگەرچی وەکوو تاکەکەس نیازپاک بوون و مەبەستیان دوژمنایەتیی کورد و مێژووی کورد نەبووە، بەڵام نووسینەکانیان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری و فەلسەفەی مارکسیزم– لێنینزم و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی باڵای سۆڤێت و کۆمینتێرنەوە نووسیوە و ڕووداوەکانیان شیکردۆتەوە و لێکۆڵینەوە و بەرهەمەکانیشیان هەر لەو ڕوانگەیەوە بەبەرهەم هێناوە، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم ئەکەر بە چەند ووشەیەکیش بێ، کەمێ لەسەر ئەم مەسەلەیە بدوێین و تێگەیشتن و بۆچوونی خۆمانی لەسەر دەربڕین. ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی و لە ڕوانگەی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردییەوە سەرنجی هەموو کێشەیەک دەدەین و گشت ئەنجامگیرییەک لە هەر تیۆری و فەلسەفە و دیاردە و ڕووداوێک، لەکڵاورۆژنەی بەرژەوەندیی باڵای کوردەوە وەردەگرین و کوردایەتی بۆ ئێمە پێوەری هەموو شتێکە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە کە نووسینەوەی مێژووی کورد، بەر لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە، ئەرک و فەرمانی کورد خۆیەتی. بەتایبەتی کەسان و لایەنە نەتەوەییە دڵسۆزەکانی کورد. ئێمە بەم ووشانە ڕەخنە لەو کەس و لایەنانە ناگرین هەر لەبەر ئەوەی کە لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم–لێنینیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمدا مێژووی کوردیش شیدەکەنەوە و ئەنجامگیریی چینایەتییانەیان لەو ڕووداوانە وەرگرتووە، ئەوە تەواو مافی ڕەوای خۆیانە.

بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە و ڕخنەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو کەس و لایەنانە، ئەو مێژووەیان بە شێواوی و ئاوەژوویی تۆمار کردووە. بەتایبەتی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا کە هاتوونەتە سەر مەسەلەی پێوەندییەکانی کۆماری دیمۆکراتیی کوردستان و یەکیتیی سۆڤێت، وەکوو نەخشی نێگەتیفانەی ستالین و جەعفەر باقرۆف لە ڕووخانی کۆمارەکەدا بە پشتکردنە جەماوەری چەوساوە و هەژار و بێدەرەتانی کوردستان بۆ وەرگرتنی بەشە پشکی نەوتی باکووری ئێران لە (قوام سەڵتەنە)ی سەرەک وەزیرانی ئەو دەمەی ئێران و هاوکاریکردنیان لە داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا. ئەگەرچی

هەڵخەڵەتان لە ئەنجامدا قوام سەڵتەنە دەستی برین و کڵاوی نایە سەر هەموو لایەکیان و پاشان بەڵێنەکەی خۆی بۆ نەهێنانە سەر، لەو سەودا و مامەڵەیەدا (بە خوێن و فرمێسک و چارەنووسی کورد و ئازەری)

و مایە پووچی بۆ سیاسەتی سۆڤێت مایەوە و ماڵوێرانی و سەرگەردانی و کوشتوبڕیش بۆ کورد و ئازەریی لێ شین بۆوە کە ئەنجامەکەی بە داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجان و ڕووخانی هەردوو کۆمارەکە شکایەوە. کرۆکی مەسەلەکە لێرەدایە کە ئەو کەس و لایەنانە لە ئەنجامگیری و نووسینەکانیاندا، مافەکان و بەرژەوەندییە ڕەواکانی هەژاران و ڕەشوڕووتی کوردستانیان کردووەتە قوربانیی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت و بەرژەوەندییە ناڕەواکانی ئەو لایەنانە.

لەمەش ناڕەواتر و سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە کە هەندێ لەو نووسەر و لایەنە کۆمۆنیستانە، میللەتی کوردیان قەرزاربارایش کردۆتەوە و بە بەهانەی پووچ و درۆی پاراستنی ئاشتی و سۆسیالیزم، دەستە چەورەکەی ئەو لایەنە بەرژەوەندپەرستانەیان بە کوردی هەژار و ماڵوێراندا سڕیوەتەوە و بە درۆ و دەلەسە و بڕوبیانووی بێ ناوەرۆک، پاکانەیان بۆ ستالین و سۆڤێت کردووە. بۆ نموونە پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی شیوعییەکان و توودەییەکان، بە مەبەستی پاساودانی سیاسەتی ڕەدووکەوتووانەی خۆیان و نامرۆڤدۆستانەی ئاغاکانیان، پاساوی هەموو ئەو تاوان و دەستدرێژی و کوشتوبڕەی کە بەرامبەر میللەتانی کورد و ئازەری کراوە، بەوە دەدەنەوە کە تاوانی تێشکان و ڕووخانی کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان و حکومەتی میلیی ئازەربایجان دەدەنە پاڵ هێزە ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و ئینگلستان و هاوپەیمانەکانیان. هەروەکوو یەکێتیی سۆڤێت و شەخسی ستالین، هیچ ڕۆڵێکی نامرۆڤدۆستانە و نێگەتیفانەیان لەو کارەساتانەدا نەبووبا؟. بێگومان ئەو نووسین و بۆچوونانەی کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵات، سەرچاوەکەی هەر دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتی وابەستەیی و ڕەدووکەوتنیان بۆ سۆڤێت و کۆمۆنیزم و کۆمینتێرن. پاشان بینیمان و مێژووش سەلماندی کە دۆڕاوترین و مایە پووچترین تیۆری و لایەن لە جیهاندا کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان بوون.

لە کۆتایی ئەم چەند ووشەیەدا، دەمەوێ بە زمانێکی کوردانە و سادە و ساکار بڵێم: – با هەمووان بۆ هەتا هەتایە هەر یادی پیرۆز و نەمری (کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان) و پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) ی نەمر بکەینەوە و پەند و وانە لەو ڕووداوە مەزنە وەربگرین و بیری دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردی بژێنینەوە.

- با هێز و توانا و تێکۆشانمان یەکخەین و لەنێو یەکدا کۆک و تەبابین، تا چیتر فاشیستە داگیرکەرەکانی ناو میللەتانی سەردەستەی تورک و عەرەب و فارس، نەتوانن بمانچەوسێننەوە و و بمانکوژن و نیشتمانەکەمان وێران بکەن و هەموو شتێکمان بەتاڵان بەرن.

- با ئێمەی کوردیش باوەڕمان بە توانای خۆمان هەبێ و ئەو مافە ڕەوایانەی نەتەوە دەوڵەتدار و ئازادەکانی جیهان هەیانە، ئێمەش هەمان ماف بە خۆمان ڕەوا ببینین و تەنها هەر بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە خەبات بکەین.

تێبینی : ئەم چەند ووشەیە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری ( هاوبیر) ، بڵاوکراوەی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) ، ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٨ دا بڵاوکراوەتەوە.

٢٤ی ژانوییەی ٢٠١٣

پێشمەرگەکان

## پێویست دەکا هەمووساڵێ یادی٢ی ڕێبەندان بکرێ ؟!



سەعیدکاوە ( کوێستانی )

چەندین ساڵە، هەمووساڵێ بەنهێنیو ئاشکرا یادی کۆماری کوردستانو لەسێدارەدانی پێشەواقازیو هاوڕێکانی لەدەرەوەی وڵات لەو شوێنانەی مۆڵەتی پێدەدری یادی دەکرێتەوەو لەرۆژنامەو چاپەمەنیەکاندا باس لەزوڵمو ستەمو گیرانو ئازارو ئاوارەیی ئازادیخوازان دەکرێو کەم تا زۆر کرداری نامرۆڤانەی دیکتاتۆرانی داگیرکەری کوردستان لەقاو دەدرێ .

لەیادو بیرەوەری٢ی ڕێبەندان،لەسێدارەدانی قازی محمدو هاوڕێکانیو نیشتمان پەروەرانو دڵسۆزانی کۆمار، وەبیرخەلک دێننەوەو یادیان لێدەکرێتەوە . وەبیرخەڵک دێتەوە کە کورد بۆ ماوەی یازدەمانگ کۆمارێکی هەبوو،ئاڵای هەبوو،هێزی پێشمەرگەی دروستکردبوو، بۆهەوەڵینجار سەر بەخۆیی خۆی ڕاگەیاندبوو، زمانی زگماکی خۆی لەقوتابخانەکان پەرە پێدەداو، ڕۆژنامەو گۆڤارلەچاپخانەی خۆی لەچاپدەدراو،دوورلەژێرچاوەدێری سەرنێزەی ژاندارم ژیانێکی ئاسوودو دوور لە دڵهورەو گیرانو ئازارو ئێعدام بەسەر دەبرد .

سەردێری ئەو نووسراوە کە نووسراوە ( پێویست دەکا هەمووساڵێ یادی٢ی ڕێبەندان بکرێتەوە ؟! ئەوە پرسیاری کەسانێکە لە نێوخۆماندا دەژین، بەڵام ئەوانە ئاگایان لە مێژووی نەتەوەکەی خۆیان نییەو گوییان نەداوەو نادەن بەناڵەو فرمێسکی دایکانی زگسووتاوی کوروکچ گیراو،هەستیان بەشکەنجەو ئێعدامو کرداری ناڕەوا نەکردووە کە لەسەرەتایی ترین مافی نەتەوەیی بێ بەشین، نازانن پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان، وێڕای تاڵانکردن و کاولکردنی ئەو وڵاتە ڕەنگینە چۆنمان دەچەوسێنەوە و...

شوورەییە بۆکەسێک نەزانێ لە وڵاتو نیشتمانی خۆیدا چڕادەبرێو هەروەها خۆی دووەرە پەرێزبگرێو، هاوکاری نەیارو ناحەزانی گەلو نیشتمان بکات و خۆی بەشەریکی خەمو پەژارەی زەجردیتوانی گەل نەزانێو هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانو دڵسۆزانی نیشتمانپەروەر نەکات .

لەوڵاتانی دەرەوەی کوردستان، حوکمرانانی چەندسەت ساڵ لەوە پێشی کە بە جەریمەو وەرگرتنی سووروسات لە هاونیشتمانانیان حوکمرانیان کردووە، ئێستا هەیکەلیان بۆسازکردوون و لەمەیدانو سەرشەقامەکانیان داناون شانازیان پێوە دەکەن . لە نێو ئێمەی کوردیشدا کەسانێکی خۆ بە کورد زان، بێخەبەر لە مێژوو، بێخەبەر لە شکەنجەو ئازارو ئێعدامو ئاوارە کردن ئەوانەی خۆیان کردۆتە قوربانی ئێمەو روحی شیرنی خۆیان فیدا کردووە، وەبەر چاو نایەنو تەنانەت ئاوارە بوونی خۆیانیش لەسەرکوتکردنو گوشاری لەمیزان بەدەری دوژمنانی داگیرکەرنازانن، زۆرشتی دیکەی ئاوا بەقەزاوقەدەر دەزانن !

یاداوەری ساڵوەگەڕی ٢ی ڕێبەندان وەبیرهێنانەوەو هەرگیزلە بیرنەکردنی کۆماری کوردستانو لەسێدارەدانی ڕێبەرانو مێژووی کۆماری کوردستانو، دروست کردنوسازدانی هێزی پێشمەرگەو، هەڵکردنی ئاڵای بەرزی٣ ڕەنگی کوردستانی خۆشەویستە . تۆبڵێی لەباری باییو نرخی مێژووی شتی لەوانە بە نرخترمان هەبێ؟ پێموایە دەبێ بە ئەرکی مەزنی نەتەوایەتی بزانینو بە گوێرەی توانا هەرچی لەتینو تواناماندا هەیە، بیرەوەری ئەو ڕۆژە مێژووییە بە هێند بگرین و لە دەوری یەکتر کۆببینەوە. بەخاتری ئەوشتانەی کەئاماژێکی بچوکیان پێکرا، یادەوەری ئەو ڕۆژە مێژووییە، نەک هەرپێویستە، بەڵکوو ئەرکێکی مێژووییە دەکەوێتە سەرشانی هەمووکوردێکی دلسۆزو نیشتمانپەروەر کە بەرەو پیری بچینو وەک ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەیی بەرێوەی بەرین .

سلاو لە سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان قازی محمدوهاورێکانیو گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادیو ڕزگاری کوردستان .

سلاو لە زێندانیانی سیاسی نێوڕەشەچاڵەکانی کۆماری ئێسلامی ئێران .

١٧ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری خاکەلێوە

## ٢ی ڕێبەندان ئەزموونێک بۆ هەمیشە!



ڕەحیم ڕەشیدی

ئاشکرایە، ٢ی ڕێبەندان لە مێژووی دوورو نزیکی پڕ لە خەباتی خەڵکی کوردستان دا، بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی، دێموکڕاسی و مافی نەتەوایەتی، هەمیشە جێگاو شوێنێکی بەرزو تایبەتی هەیە.

کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی مێژووی ئەوتۆ دا پێک هات، فاشیزم لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا تێکشکێندرا بوو، هێزی هاوپەیمانانو لەشکری سوور لە باکور، باشورەوە بە بێ هیچ چەشنە بەربەرەکانەیەک، بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێرانیان داگیر کرد بوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو ڕژیمی پاشایەتی، ئەو کات بە هەموو تواناوە هەر دەنگێکی ئازادی خوازانەی گەلانی ئێرانی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرد، لە ڕاستی دا خۆی وەکوو هێزێکی پۆلاینو لە شکان نەهاتوو بە جەماوەری ناڕازی نیشان دەدا.دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە پێشەوایەتی قازی موحەممەد و پشتیوانی هەمە لایەنەی گەلی کورد، لە حاڵێکدا بوو تەڤگەری ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کورد لە بێ ئاسۆیدا بوو، حکومەتی زۆرداری تورکیە بە ڕێبەرایەتی "ئەتا تورک" بزوتنەوەی کوردی لە تورکیە تاکوو ڕادەیەکی بەرچاو سەرکوت کرد بوو، دۆخی تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی کورد لەو وڵاتە بە چڕی لە ئارادا بوو، تەنانەت کار گەیشتبوە جێگایەک بە پانەوە حاشا لە بوونی نەتەوەی کوردمان لەو بەشەی کوردستان دەکرا.

حکومەتی سەرەڕۆی پەهلەوەی، بە لاسایی کردنەوەی کوێر کوێرانە لە دەسەڵاتدارانی تورکیە، هەوڵی خۆ پر چەک کردنی دەدا، هەر لە درێژەی ئەو لاسایی کردنەوەدا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک زمان، کولتوورو کەلەپووری کوردیان دایە بەر سیاسەتی تواندنەوەو هەر دەنگێکی ناڕازیان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرد.ڕوون و بەرچاوە لە هەلومەرجی ئەو کاتدا وەزعی هەمەلایەنەی کوردەکان لە سوریەو عێراق لە بارودۆخی نا لەباری ژیانی پڕ لە چەرمەسەری کوردەکان لە ئێران و تورکیە باشتر نەبوو. بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سالی١٣٢٤ی هەتاویدا، خوێندنەوەیەکی بەرچاو ڕوونانە و ژیرانە، هەوڵێکی ئازایانەو چاو نەترسانەو قۆستنەوەی دەرفەتی نێوخۆیی، نێوچەیی و نێونەتەویی بۆ وڵامدانەوە بەو بەستەڵەکە پڕ لە مەترسییە بوو کە نەیارانی کورد بە زەبری چەک، سەرکوتو سێدارە بۆ تووناکردنی نەتەوەی کورد هەوڵی زاڵ کردنیان دەدا.دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەو سەردەمە پڕ لە بێ هیوایی و تاریکی و تنووکیە دا، مانای ئەوە بوو بزوتنەوەی ماف خوازانەی بێ پشتیوانی کورد، گیانی بە بەردا کرایەوە، کورد لە باری دەرونی و ڕەوانییەوە وەرەی وەبەر هاتەوە، زمان، شانۆ، خوێندن، گۆڤارو ڕۆژنامە، بنکەو بونیادە پیشەیی و دێموکراتیکەکان، گەشەیان سەندو دامەزران، تیشکی بە تین وتاوی ئەم هەنگاوەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بۆ هەموو سەردەمەکان وەکوو ئەستێرەی پڕشنگدار هەمیشە دەبریسکێتەوە و ئێمە وەکوو ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ هەتا هەتایە پێوەی سەربەرزین.بەشێکی زۆر لە گەورە ئەدیب، نووسەر، زمانەوان، ڕێبەرە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان، ئەوانە بوون لە کۆماردا بەشدار بوون، بیری نەتەوە خوازی خۆیان لە کۆماری کوردستان؛ وەرگرت و هەر لە ژێر کاریگەری وانە بەنرخەکانی مرۆڤ دۆستی و دێموکڕاسی خوازی کۆمار دا بوو کە پاشتر بە تێکۆشانی بەرچاویان بۆ خزمەت بە کورد و کوردستان بوونە جێگای شانازی نیشتمان پەروەران و یادو ناویان لە مێژوو دا بە بەرزی و بەرێزی ماوەتەوەو دەمێنێتەوە. پاش دامەزراندنی کۆمار، بۆ یەکەم جار ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و ژنان دامەزران، زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمیی نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، لاوان بە مەبەستی خوێندن بۆ دەرەوە بەرێ کران و لە هەنگاوێکی داهێنەرانەی پێشکەوتوو دا لە لوتکەی بەرزی دەسەڵاتی سیاسیی و بەرێوەبەرایەتیی کۆمارا دا، بە متمانەوە ئەرکدار کران و بەرپرسایەتیی شایان و شیاویان پێ سپێردرا.سەرەڕای ئەوەی کورد بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئەزموونی دەوڵەتداری نەبوو، بەڵام لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵات داریەتی کۆمار دا، زۆر پێشکەوتنی دێموکراتیک و نەتەوەیی وەدی هاتن.دابین کردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کوردەکان لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا، قەت نەبووە هۆکاری بەرتەسک بوونەوەی دێمۆکراسی و پێشێل کردنی مافی خەڵکانی کوردستانی غەیرە کورد لە کوردستان دا، ئەمەش ئاکامی سیاسەت و ڕوانگەی دوروستی ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستان بوو، یەکێک لەو خاڵانەیە کوردەکان زۆری پێوە سەربەرزن، ئەم بەستێنە مرۆڤ تەوەرانەیە کە سیاسەتمەدارانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا پێکیان هێنا، لە حاڵێکدا بوو کە ئورووپای ئەمڕۆ لەو قۆناغە مێژوویەدا لە ژێر گڕی ئاگری شەڕی فاشیزم و نازیزمدا دەیناڵاند، زیانو ئازاری دەدیت و دەچێشت.بەڵام پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ دراوسێکانیان بۆ وێنە ئازەرییەکان کە بەرێبەری پێشەوەری فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان پێکهێنا بوو، لە ژێر ڕێبەری پێشەوای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، سەرۆک کۆماری ئەوەڵین دەسەلاتی مودێرنی کورد، هاوپەیمانەتیەکی دۆستانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لاینە هاتە ئاراوە، کە بۆ پێکەوە ژیانی ئەم دوو گەلە هاو چارەنووسە، دەکرێت بۆ سەرجەم قوناغە نزیکو دوورەکان کەریگەرو پڕ بایەخ بێت.ناکرێ باسی کۆماری کوردستان بکەین، بەڵام ئاورێک لە ڕۆلی دلێرانەو ئازایانەی کوردەکانی کوردستانی عێراق بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەدەینەوە. ڕۆڵێک کە وەکوو هاوپەیوەندی نەتەوەیی، جێگای شانازی کوردانی نیشتمانپەروەرە، هەموو کات بۆ لێ فێر بوون دەشێ.بارزاییەکان بۆ

پاراستنی کۆمارو دەستکەوتەکانی لە هیچ چەشنە فیداکاری یەک خۆیان نەپاراست. بەحەق ڕێبەرایەتی کۆماریش حیسابی خانەخوێی بۆ کردن، ئەوان لە بەڕێوەبەری کۆماردا بە گوێرەی لێ وەشاوەیی خۆیان بەشدار بوون.حوزوری ئەفسەرە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی ئەو کاتی سوپای عێراق، نوێنەرایەتی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەهاباد، مانای یەکیەتیی نەتەوەیی دەسەلماند، نیشاندەری ئەو ڕاستییەشە، کۆماری کوردستان نوێنەگەی ئاواتو خواستەکانی بزوتنەوەی کوردو خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان بووە، هاوکات درزدان بوو بە دیواری بێ هیوایی، شەکانەوەی ئاڵای کوردستان ئەو مانای دەبەخشیو دەبەخشێ، کە لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا دەکرێ بە یەکیەتیی و پێکەوە بوون دڕ بە شەوە زەنگی ئەنگوستە چاو بدرێ. ئێمە لە حاڵێکدا یادی ساڵوەگەڕی ڕووداوی مێژوویی ٢ی ڕێبەندان دەکەینەوە، ڕۆڵە وڵات پارێزەکانی کورد لە هەموو جێگایەک، بۆ وەدیهێنانەوەی ئاوات و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان تێ دەکۆشن.لە دەرەوەی وڵات بە گشتیی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، ئەویندارانی ڕێبازی کۆماری کوردستان، سەرەڕای هەبوونی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان، خەڵکی کورد لە ئیلامو کرماشانەوە بگرە، تاکوو سەڵماس و ماکۆ، لە ژێر سێبەری سەرە نێزە و تفەنگدا یادی دووی ڕێبەندان و پێشەواو کۆمار بەرز ڕادەگرن، بەم چەشە ئۆگری خۆیان بە ئامانجە بەرزەکانی کۆمارو ئەمگناسی خۆیان بۆ خەباتگێرانی بزوتنەوەی میللی_دێموکڕاتیکی کوردستان دووپات دەکەنەوە.دەیان کەس لە ئەویندارانی ڕێگای پێشەواو کۆمار، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە شاری مەهابادی خۆشەویست، پێتەختی مێژوویی کۆماری کوردستان، لانی کەم بە دڵ دەچنە سەر گڵگۆی پێشەوای نەمرو شەهیدانی کوردستان، پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ڕێبازە پڕ لە سەروەرییەکەیان نوێ دەکەنەوە.ئەم هەستە پیرۆزەییە سەرتاپای ئێران بە گشتیی، کوردستانی ئێرانی بە تایبەتی کردۆتە مەیدانێکی پان و بەرینی تێکۆشانی شێلگیرانە، دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانو نەیارانی نەتەوەی کورد.جێگای سەرنجە، لەم ڕۆژانەدا زۆربەی لاوان لە چالاکی دژی ڕێژیمدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارن، ئەو لاوانەی پاش هاتنە سەرکاری دەسەلاتی ئاخوندەکان لە ئێران دا، لە دایک بوون؛ ئەوانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی تژی لە نەگبەتی خۆیدا، لە ژێر بۆمبارانی فیکری و ئیسلامی تایبەت بە خۆی پەروەردەی کردوون، بە ئاشکرا دەبینین لەگەڵ پێوانەو باوەڕەکانی ئەم سیستەمو دەسەڵاتە بەتەواوەتی ناتەبان، کچان و کوڕانێک کە زۆرینەی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن کە لە هەموو ئازادییەک بێ بەشن، کەوایە حکومەتی ئیسلامی لەم بەستێنە چارە نووس سازەدا بە تەواوی ڕەنج بە خەسارە.لە ساڵوەگەڕی دووی ڕێبەندان، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، لە دامەزراندنی پارڵمان و دەسەڵاتی حکومەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەڕوانین و سەربەرزین کە لانی کەم بەشێک لە خەڵکی نیشتمانەکەمان ئەمڕۆ لە ژێر ئاڵای کوردستان دا بە برێک لە مافو ئازادییە ڕەواکانی گەیشتوە، کە بێ گومان ئەم دەسکەوتانە هەر لە ڕێڕەوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان دا شرۆڤە دەکرێن.تیشک تێڤی بە چاوێکی وەفادارانە ئاوڕ لەم برگە پڕ شکۆییەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و دیاری کردنی مافی چارەنووس دەداتەوە، ئەمەگناسانە بۆ تێکۆشانی پێشمەرگەکانی ڕێگای کۆماری کوردستان، وەدیهێنەرانی خواستە بەرزەکانی ئەو کۆمارە خەڵکییە دەڕوانێ، تێکۆشانی خۆی بە بەرهەمی هەوڵ و خەباتی ماندوویی نەناسانەی ئەوان دەزانێ.

سڵاو لە کۆماری کوردستان، چرای هەمیشە ڕووناکی ڕێگای پڕ کەندولەندی خەباتی خەڵکی کوردستان

٢٢ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری خاکەلێوە

## لەساڵیادی یادی کۆماری کوردستاندا- باسێک لە سەر ناسیۆنالیزمی رزگاریدەری گەلان، بۆ ئەزمون لێوەرگرتن! .



جەعفەر حامیدی

بەرکوڵی بەرهەم

لە سەرچاوەی نووسراوە نێونەتەوەییەکانی ئوروپایی دا هاتووە کە بیری نەتەوەیی؛ پاش شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسا، بوو بە هێزێکی گەلی و بەقودرەت و هەمە لایەنە.

لە سەر ئاستی ئوروپا، ئەم بیرۆکەیە تەواو ڕاستە چونکە زۆربە، یان هەموو گەلانی ئوروپا پاش شۆڕشی فەرانسا، لە سەر بنەمای بیری نەتەوەیی کەوتنە خۆ بۆ یەکگرتنەوە، رزگاریی وسەربەخۆیی.

لە بەر پڕ بایەخی وگرینگی راگەیەندراوی شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرانسا، لێرەدا دەقی راگەیەندراوەکە دەنووسرێتەوە

### ڕاگەیندراوی شۆڕشی فەڕانسا:

١- ئینسان بە ئازادی لە دایک بووەو دەبێ ئازاد بمێنێتەوەومافی یەکسانیی مافی هەموانە.

٢- مەبەست لە پێکهێنانی هەر چەشنە یەکێیەتییەکی سیاسیی پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. ئەو مافە سروشتیانە بریتین لە: ئازادی، خاوەنداریتی، ئەمنیەت و ڕاوەستان لە بەرانبەر زوڵم و زۆریدا.

٣- سەرچاوەی سەربەخۆیی بڕیاردان خەڵکە، نەتەوەیە، واتە قودرەتی نیهایی دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەوئارەزووەکانیی وبڕیاردەری نیهایی گەلە نەک شا.

راگەێندراوەکە هەر وەها بڕیاریی لەسەر ئەوە دا کە هەموان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن، هەموان دەتوانن بەشداریی بکەن لە تێکۆشانی سیاسییدا و دەبێ ئازادیی ئاینیی وئازادیی ڕادەربڕێن هەبێ.

بەڵام؛ باوەڕم وایە کە پرسی نەتەوەیی کورد وکوردستان بەر لە شۆڕشی فەرانسا دەستی پێکردووە وخەباتی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو نەتەوەیە و کوشتن و بڕینی لە لایەن نەیارانیەوە و داگیرکردنی کوردستان. شۆڕشی فەرانسا، شتێک زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لەوە پێشەوە ڕووی داوە بەڵام سەرکوت و خاک داگیرکردنی کوردوکوردستان مێژوویەکی درێژتری هەیە. وشەی کوردستان بۆ

یەکەم جار لە سەدەی چواردەیەمدا لە رۆژگاری فەرمانرەوایی سەلجوقییەکاندا بە کار هێنراوە. حەمدوڵا مستوەوفی لە کتێبی "نزهەت القلوب" کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٥- ١٣٤٠دا نووسیویەتی دەڵێ: کوردستان لە ١٦ ویلایەت پێکهاتوە، ئاووهەوای سازگارەولە گەڵ عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان ودیاربەکر هاوسنوورە. رەنگە ئەوکات دیاربەکرولایەتێکی سەربەخۆی بووبێ(کوردستان و کورد ل. ١٢). ئەولیای چەڵەبی، گەریدەی تورک، یش لە سەدەی حەڤدەیەمدا پاش گەرانی بە هەموو ناوچەکانی کوردستانداناوبانگی دەرکردو دەنووسێ: " کوردستان لە ویلایەتەکانی ئەرزرۆم و وان و هەکاری و دیاربەکرو جزیرەومووسڵ وشارەزوورو ئەردەڵان پێک دێ و رێی حەڤدە رۆژە". سەرچاوە:

*M. Fany: Nation Kurde et son Evolution Sociale Paris 1933, p.199*

گەزنەفۆن لە کتێبی ئاناباس دا دەڵێ:" کوردخۆییەکان کە لە چیاکان دەژین، هیچ کاتێک چ بۆ دەسەڵاتی کساکەس"خەشایارشا" و چ بۆ دەوڵەتی ئەرمەنی سەریان نەوی نەکردووە". (کوردستان و کورد ل. ٣٩).

کورد وکوردستانی هەر چەند لە سێ هێرشی دوابەدوای یەکی تورکانی سەلجوقی، مەغول و تەیمووری لەنگ دا کەوتنە بە درندانەترین زوڵم و زۆریی، بەڵام چەندەی لە دەستیان هاتبێ بەربەرەکانیان کردووە.

کەوابووەدەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بە درێژایی مێژوو کورد لە چوار چێوەی بەربەرەکانی وخۆپاراستن، دامەزراندنی ویلایەت وئیمیالەت وبە گشتی پاراستنی شوێنی ژیان وخاکی رەسەنی خۆی، چەشنێک لە بیری نەتەوەیی هەبووە کە دەچێتەوە دەیانساڵ پێش شۆڕشی ١٧٨٩ ی فەرانسا. ئەوەش کە کوردستان سەربەخۆ نەبووە یان یەکی نەگرتۆتەوە، نابێ ببێتە ئاکامی ئەم بیرۆکەیە کە کورد خاوەنی بیری نەتەوەیی نەبووە.

باس لە سەر شانازییەکانی کۆماری کوردستان و دامەزرانی لە رۆژی ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ ی هەتاوی، لێرە دا نایەتە گۆڕێ چونکە؛ یەکەم مێژووەکەی هاوچەرخە و زۆرمان لێی شارەزاین. دوویەم هێنانی ئەم ووتارە زیاتر کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی بیری نەتەوەیی گەلانی جیهانە. بەڵام هەرلە جێدا ئارەزوو دەخوازم کە کەس بە ناوی دڵسۆزی بۆ کۆمار ونووسین و پێناسەکردنی ئەو کۆمارە دژ بە خەباتی دڵسۆزانەی هۆگرانی رزگاری نەتەوەیی و سەربەستی کوردستان رانەوەستێ. ئەم جۆرە بیرۆکانە ئەگەر لە لایەک خزمەت بە ناساندنی زیاتری کۆمارە، لە لایەکی ترەوە وادەگەیێنێ کە نوسەرانی ئەو جۆرە نووسینانە هەر لە بەر سەرکوتکردن ودژایەتیکردن لە گەڵ خەباتکارانی پاش کۆمار بۆ کۆماردەنووسن. ئەوەش شتێکی شایستەو باش نییە.

وەک یەکچوون، هەست و خواستی بە کۆمەڵ، تێکەڵاوی دیاردە مێژوویییەکانی خاکەوایی. زمانەوانی و، هەروەها یەک بیرو ڕابوون لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان دەبنە هەوێنی پێکهاتنی نەتەوەیەک. ئەم کۆمەڵە پرسە وچەند نەریتێکی تری پێکەوە ژیان ولە گەڵ یەک هەڵکردن بیری خۆ ئیدارەکردن وسەربەخۆیی دەستەبەر دەکا. ئەگەر لەم روانگەیەوە پرسی بە نەتەوەبوون وسەربەخۆیی لێکبدەینەوە دیسانەوە دەگەینە ئەو ئاکامە کە لاواندنەوەی کۆمەڵی کوردەواری لە رێگای؛ گەلۆو حەیران، لاوک و هۆرەی جافی، لۆرانەوەی شماشاڵی شوانان و لایەلایەی دایکانی کورد و دەیان لاوژە و بێژراوی تری سۆز دەربڕ و بیر هەژێنی دڵداریی و خەباتکارانە دەست پێکی بیری نەتەوەیی کوردبوون.

دوابەدوای ئەو بیرانەش زمانی هاوبەشی عیشق بە سروشت وجێئۆگرافیای کوردستان، خەبات وبەربەرەکانیی بۆ خۆپاراستن لە هێرشی دوژمنان، شێعرو هۆزان ودارشتن وپەروەردەکردنی کلتووری جیا لە نەتەوەکانی جیران، کە خۆی لە تواندنەوە رزگارکردووە، بووەتە کۆڵەکەی هەرە بەهێزی دەوامی کوردایەتی ئێمەی کورد. کەوایەهەم بەپێی لاوازیی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان وهەم بە پێی هەڵقولاویی دەروونهەژێنی ئەم سۆزوبیروئارەزووانەش کە خۆماڵین، ناکرێ دەستپێکی بووژانەوەی بیری نەتەوەیی کورد بە پاش رووداوی شۆڕشی فەرانساوە گرێ بدەین. بۆیە باوەڕم ئەوەیە کە دیرۆکی نەتەوەخوازی ئێمە خۆ ڕسکبووەولە دێرزەمانەوە دەستی پێکردووە.

لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین کە مێژووی هاوبەش، زمانی وەک یەک، بە هەموو دیالێکتێکیەوە، کلتووری گشتی وەک یەک، شوێنی نیشتەجێبوونی لە بێگانەو داگیرکەر پارێزراو، بەسە بۆ ئەوەی دانیشتوانی شوێنێک خۆیان بە جیا لە خەڵکی تر بزانن و داوای هەمان ماف بکەن کە کۆمەڵی تر هەیانە. هەر چەشنە نکۆڵیکردنێکیش لەم نەتەوەیی بیرکردنەوەیە؛ ناحاڵی بوون، زوڵمخوڵقێنی وتەنانەت نائینسانیشە.

هێزی داگیرکارانەی ئیمپریالیستی، نیزامی ئیمڕاتۆری و پاشایەتی، داسپاندنی دەسەڵات لە رێگای دین و ئایین وبە ناوی دین وئاینەوە، خۆسپاندن بە ملهوڕیی وهتد، هیچکامیان لە رەوابوونی سروشتی خواستی نەتەوەیەک بۆ رزگاری خۆی کەم ناکەنەوە. هەرکات نەتەوەیەکیش بە زۆر، خواستەکانی خرابێتە بن پێ، دیسانەوە لە یەکەمین دەرفەت دا سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێناوەتەوە؛ ئاماژە بە خەباتی ڕزگاریی خوازانەی گەلی لیتاوێن کە وڵاتێکی تازە ڕزگار بووی ناوچەی باڵتیکومی ئوروپا یە راستیی ئەو بۆچونە دەردەخا:

لیتاوێن لە ساڵی ١٧٩٥ بە زۆریی قەیسەری رووس لکێندرا بەو روسییەوە. لە ساڵی ١٩١٨ لە دەرفەتی پێکهاتوو کەڵکی وەرگرت و خۆی رزگار کردەوە.دواتر دیسان لە لایەن ستالینی رووسەوە خرایە سەر دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت. بەڵام سەر ئەنجام لە ساڵی ١٩٩١سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنایەوە. ئەم وڵاتە ژمارەی حەشیمەتی ئێستای دەگاتە ٥,٣ میلیۆن کەس و، روبەری خاکەکەی ٦٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە یە. سەربەخۆیی نیهایی لیتاوێن لە کاتێک دا بەم رووبەروحەشیمەتە کەمەوە دێتە ئاراوە کە لە سەدەی چاردەیەم گەورەترین وڵاتی ئوروپایی بووەو، بەشێک لە رووسیە و ، لێهیستان و هەمونۆکراینا، و رووسیەی سپی لە ژێر ناوی لیتاوێن دابوون. واتە دەیان قۆرتی بە سەر هات وچەند جار لە بەر یەک دابرا، بەڵام لە گەڵ ئەو هەمووئەو قۆرتانە ش بە درێژایی مێژوو بۆی پێشهات، سەر ئەنجام توانی رزگار ببێ.

## پوختەیەک سەبارەت بە بیرکردنەوەی نەتەوەخوازانە

دەتواندرێ بیری نەتەوەخوازانە لە سێ،٣، خاڵی بناخەدانەر دا کۆبکرێتەوە:

١- بەشەرییەت بە شێوەیەکی سروشتی وئاسایی لە یەک نەتەوە پێکنەهاتووە، بەڵکە جیهانی بەشەرییەت بە سەر چەند نەتەوەیەکدا دابەش بووە.

٢- هێزی نەتەوەیی سەرچاوە لە زمان، کلتوور ونەریت، جوگرافیای هاوبەش ومێژووی هاوبەش دەگرێ.

٣- نەتەوەخوازیی نەتەوەیەک ئەو کاتە بە تەواوی بەهێزە کە بتوانێ خۆی لە ژێرباری چەوسانەوەی سەردەست وداگیرکەر دەربێنێ ومافی وەک یەکی ژیان بە خۆی بدا.

ئەوسێ خاڵەی سەرەوە دەرەتان بۆ رێبەرێکی ئایینی؛ کریستیان، موسوڵمان، هیندو، بۆدایی و جولەکە وهتد نایەڵێتەوە کە بڵێ لە بەر ئاینەکەت دەست لە ناسنامە و شوناسی نەتەوەییت هەڵبگرە. یان فاشیستی نەتەوەی سەردەست وداگیرکەر لە ژێرناوی پاراستنی سنووروبەبیانووی کەمایەتیی بوونی گەلێک مافت پێشێل بکا.

نەتەوەخوازیی وناسیۆنالیسم پێناسەی شانازی وئیفتیخار، قارەمانپەروەریی و دروشم و ئاڵا و گێڕانەوەی نەهامەتی وسەرکەوتنەکانی گەلێکە کە زۆر جار ترس ونەفرەت لە داگیرکەرانیی لە پرۆسەی خەباتی رزگاریی خۆیدا ئەوی زیاتر یەکگرتووکردووە. ناسیۆنالیسمی گەلێک هاواری ئەو گەلەیە کە لەبیر وکردەوەوزار وهونەری جۆراوجۆری رووناکبیر؛ مێژوو نوس، شانۆ ساز، موزیکژەن وهۆزان بیژان سەرچاوە دەگرێ. نکۆڵی ناکرێ کەهەر کات کۆمەڵێک لە خەڵک، ئازار ونەهامەتییەکانیی پرۆسەی ژیانیی، بە مێژوونووسییەوە و، داستان سەرایی خاک وزێدەکەی زیندوو بکاتەوە، ئەوە ئەو کۆمەڵەنەتەوەیە. گەلۆ داخوا کۆمەڵی کوردەواری لەم بوارەدا چەند جار بە نەتەوە دەژمێردرێ؟

دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوولە کتێبی کوردستان وکورداهێناویەتی: " ... چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتین لە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورددا هەن وژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ" کەوابو کورد نەتەوەیە.

لە سەر یەک دوو جۆرە ناسیۆنالیسم بوونی هەیە: ناسیۆنالیسمێک کە لایەنگرانیی پێکەوە ژیاون، پێکەوە خەباتیان کردووە وبە درێژایی مێژوو زەوزوویان کەوتۆتە بەینی وبوونەتە هاوخوێنی یەکتر. وێنەی هەرە بەهێزی ئەو شێوە ناسیۆنالیسمە لە کوردستان دەبیندرێ کە خەڵکەکەی هەزاران ساڵە لە یەک شوێن نیشتەجێن و پێکەوە دەژین. ناسیۆنالیسمێکیش لە چەند کۆمەڵ یان باشترە بڵێین وڵاتێکیش دا هەیە کە لە رەوەندی لاوەکی وپەنابەر پێکهاتوون.

بەڵام ئێستا نەتەوەی بەهێز ودەوڵەت و نەتەوەگەریی بەتوانایان لێپێکهاتووە. وەک: ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا وئارژانتین. رووتێکردوانی ئەو وڵاتانە پاش ماوەیەک ژیان، خوویان بە وڵاتەکەوە ( شوێنی تازەی نیشتەجێبوونیان) گرتووەو، وەچە دوای وەچە بیری پێشویان بە قازانجی کلتوری تازە تواوەتەوەوبوونەتە شارۆمەندی ئەو وڵاتە تازەیە.

لەم بارەوە سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا پرێزیدێنت تێئۆدۆر رۆزوێلت لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتیدا گوتی: پرسی ئەمریکایی بوونی دانیشتوانی ئەمریکا بەستراوەتەوە بە ئامانج وئارەزووەکانمان بۆ ئەمریکا وئەو هیزەی بۆ ئەمریکای بەکاردێنین. ئەمریکایی بوون بە مانای یەک نژادی، لە یەک جێ لە دایکبوون وشەجەرەی تایفی و هۆزەوایی نییە. جێئۆرج ئۆروێل نوسەری بریتانیایی لە زمانی سەرۆکێکی فەرانساییەوە دەنووسێ کە:

" ئارەزووی یەکیەتیخوازانەی من عیشق بە شوێنێکی تایبەت، شێوەژیانێکی تایبەتە کە مرۆڤ بیردەکاتەوە ئەوە باشترین شوێنی جیهان وباشترین شێوەژیانی جیهانە. بەڵام سەر چاوەی سەرەکی ناسیۆنالیسم بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات وسەروەریە نەک بۆ تاک وبۆ خۆی، بەڵکە بۆ نەتەوەکەی"

## چاوخشاندنێک بە سەر ناسیۆنالیسم ورزگاریی گەلان دا

زیاتر لە ٢٠ساڵ نیە دەیان وڵات یان یەکیان گرتۆتەوە یان رزگاربوون. وەک سەرەتایەک بۆ درێژەی باسەکە باشە ناوی کۆمەڵێک لەو وڵاتانە کە زۆر لە مێژ نییە ئازاد بوون بهێندرێ:

ساڵی ١٩٩٠ : نامیبیا و یەمەن

ساڵی ١٩٩١ : ئەرمەنیا، ئازەربایجان، ئیستۆنیا، جۆرجیا، رووسیەی سپی، قەزاقستان، قیرقیزستان، کرۆئاتیا، لاتڤیا، لیتاوێن، ماقەدونیە، مۆڵداویا، سلۆڤێنیا، تاجیکستان، تورکمەنیستان، ئۆکرایین و ئوزبەکستان.

ساڵی ١٩٩٢ : بۆسنییا- هەرزەگۆینا

ساڵی ١٩٩٣ : سلۆڤاکیا، چێک، ئێریتێریا

ساڵی ١٩٩٤ : پالاۆ ی میانمار

ساڵی ٢٠٠٢ : تیموری رۆژهەڵات

لە سەر رزگاری ئەم وڵاتانە پێویستە ئاماژە بە دوو شت بکرێ: یەکەم ئەوە کە بەشێکیان لە ژێر دەستی سۆڤیەت رزگاریان بوو.

دوویەم هەر چەند ئەو وڵاتانە رزگار بوون بەڵام لە بەشێکیان دا پرسی ئازادی ودێمۆکراسی هەر وا بێ وەڵام ماوەتەوە وەک رووسیەی سپی کە ئێستاش بە شێوەی دیکتاتۆریی بەڕێوە دەچێ.

گەشەی ناسیۆنالیسمی نوێ و یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی یەک یەکی وڵاتانی ئوروپایی، وڵاتانی عەرەبیی وجولەکە و ئەمریکا

سەرچاوەکانی مێژووی خەباتی گەلان بۆمان روونەدەکەنەوە کە نەتەوە خوازیی و نەتەوەیی بیرکردنەوە و، پێکهاتنی نەتەوەکان هەر وا بە سانایی و بێ گرفت نەهاتۆتە ئاراوە. زۆربەی نەتەوەکانیی تا ئێستا رزگار بوو، پێش ئەوە ببنە نەتەوەیەکی سەر بەخۆ، کۆڵێک گرفتی ناوخۆیی و دەرەکییان هەبووە؛ دیارە ناسیۆنالیسمی نوێ یانی ئەو ناسیۆنالیسمەی دەستپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ١٧٩٨ ی فەرانسا، یارمەتی داوە ئەو نەتەوانە کەسایەتی وپێناسەی خۆیان دەوام وقەوام پێبدەن.

جولەکەکان خۆیان بە نەتەوەیەک دەزانن کە خوا رێزی تایبەتیی لێگرتوون و، هەمووکات لە ژێر ئەو پەڕی چەوسانەوەی دینی ونەتەوەیی دا حەولیان داوە دین وزمانی خۆیان بپارێزن. ئەم ماوە لە ژیانی جولەکەکان زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵی کێشا، تا توانیان لە ساڵی ١٩٤٨ واتە کەمێک بە رلە ٦٠ ساڵ پێش ئێستا بە سەر بڵاوی خۆیان دا زاڵ ببن ولە هەموو جیهانەوە بەرەو شوێنی ئێستایان، ئیسرائیل، بگەڕێنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن.(ئەم دەوڵەتە بە یارمەتی وبڕیاری کۆمەڵی تازەدامەزراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێک هات).

ئیستۆنییەکان ( دانیشتوانی ئیستۆنیای ئێستا لە باڵتیک) تا سەرەتاکانی سەدەی ١٩ یەم، نەیان توانی ناوێک بۆ خۆیان دیاری بکەن وهەروەک تاقمێکی تایبەت مانەوە. بەڵام پاش ئەو سەردەمە بە خێرایی کەوتنە گەشەی بیری نەتەوەیی و توانیان کلتوورێکی زیندووی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن وپەرەی پێبدەن. ئەوان بە دروستکردنی مۆزەیەکی ئیتۆگرافیایی توانیان نزیک بە میلیۆنێک کەل وپەلی کلتووری کۆبکەنەوەو بە نەتەوەبوونی خۆیان بسەلمێنن.( ئێرنەست گێڵنێرفەیلەسوفی بریتانیایی).

هەروەها دانیشتوانی نزیک بە ٣٠٠ ناوچەی ورد ودرشتی یۆنانی هەموویان بە دین، وەرزش، سیاسەت و باسی فەلسەفی خۆیانەوە شاد بوون وشانازیان پێوە دەکرد. یۆنانیەکان لە بەر لێکبڵاوی نەیاندەتوانی ببنە، نەتەوەیەکی یەکگرتووی مەزن. ئەوان تەنیا جارێک خۆیان وەک نەتەوەیەکی مەزن یەکخست؛ ئەو جارەش راوەستان و، بەربەرەکانیان بوو لە بەرانبەر دژمنانی ئێرانیدا. یۆنانییەکان لە بەر یەکنەگرتوویی و پرژوبڵاوی سیاسیی خۆیان؛ لە لایەن مەقدونیا، رۆما ودواتریش لە لایەن عوسمانیەکانەوە داگیرکران. ئەوەی ئەورۆ بەناوی یۆنانی یەکگرتوو دەیبینین، ئاکامی هەموو ئەو

نەهامەتی وتاڵ وسوێریانەیە بەسەر ئەو گەلەداهاتووە.

دوورنەڕۆین، لە ڕۆمی قەدیمیش تەنیا دانیشتوانی ڕۆم وەک گروپێکی خاوەن دەسەڵات مافی شارۆمەندیان هەبوو، باقی دانیشتوانی شارەکانی دیکەی نزیکی ڕۆم دەبوو، گوێڕایەڵ وبەڕێوەبەری ئەرکی ڕۆمییەکان بن. پاشتر لە ئاکامی نیاز بەبوونی نەتەوەیەکی گەورەتر، نەک تەنیا دانیشتووی شارەکانی دەرەوەی ڕۆم، بەڵکە ئەو کەسانەش کە خزمەتی سەربازیان کردبوو، بەشدار دەبوون لە بڕیاری چارەنووس ساز دا.

لە لایەکیترەوە باکووری وڵاتی چەند ناوچەیی و بەش بەشی ئەمریکا بۆ ماوی ١٠٠ ساڵ لە ژێر دەستی بریتانیایەکان دابوو. بریتانیا توانی لە وێدا ١٣ ناوچەی موستەعمەرە بکاتەوە. هەر چەند ئەو ناوچانە شێوە ئۆتۆنۆمییەکیان هەبوو؛ بەڵام دەبوو باج و خەراج بدەن بە لەندەن و بۆ کاری گەورەی تیجارەت و شەڕکردنیش هەر دەبوو بە گوێی لەندەن بکەن. خەڵکی باکووری ئەمریکا لە خەبات دژی بریتانیایەکان دا بوون بە دوو بەشەوە؛ بەشێکی کەمیان شەری ڕزگاریان دەست پێکرد و زۆرینەش وەک چاولێکەر مانەوە تا شەڕەکە گەیشتە سنووری خۆشیان.

ئەم جارعەزابی ویژدان ئەوانیشی هەژاند و، بە پشتیوانی پاپۆڕی جەنگیی فەرانسایەکان کە دوژمنی لە مێژینەی بریتانیایەکان بوون دەستیان دایە شەڕو توانیان لە ساڵی ١٧٨٣ چۆک بە لەندەن دابدەن و سەربەخۆیی رابگەیەنن. تازە ڕزگاربووەکان، دەستبەجێ پاش سەر بەخۆیی، ناوی ئەمریکایان بۆ خۆیان هەڵبژارد. بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا کۆمەڵێک ناوچە بەشێوەی ناوخۆیی داوای خەرج و باجیان لە وانی تر دەکرد. ئەوەبوو کە بە پێکهێنانی پارلیمان و دەوڵەت، یاسایان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد.

سناتۆر و جێگری سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، جۆن ک. کالهۆن لە ساڵی ١٨٤٩ دا کوتی:" ئێمە یەک نەتەوە نین، بەڵام یەکیەتییەکی سەربەخۆوین و هاوبەش وهاو پلەین" دواتر لە جێژنی ساڵانەی سەربەخۆیی ئەمریکادا، سەناتۆر کارڵ شۆرزلە ١٨٥٩ دا ڕایگەیاند: " نەتەوەی ئەمریکا نەتەوەیەکە کە لە یەک بنەماڵە، یەک عەشیرە یان لە یەک وڵاتەوە نەهاتووە، بەڵام هەڵگری چەندین بنەمای گرینگ و بەهێزی ژیانە لە هەموو نەتەوەکانی جیهانەوە" . جۆرج واشینگتۆن کە سەرۆکی سپای ڕزگاریی ئەمریکا بووبوو بە یەکەم سەرۆککۆماری ئەمریکا. جێی سەرنجە، بگوترێ سروودی نیشتیمانی ئەمریکا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣١ واتە ٨٠ ساڵ بەر لە ئێستا پەسەند کرا.

بەمجۆرە سەدەی نۆزدەیەم بوو بە سەدەیەکی زۆر گرینگ بۆ سەرخستنی بیری ناسیۆنالیستی لە ئوروپاوئەمریکا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە وە، شۆڕشی ناسیۆنالیستی خۆی بە ئوروپاوە سنووردار نەکرد و وڵاتانی تریشی گرتەوە. لە ئوروپادا بیری ناسیۆنالیستی بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ناوچەی باڵکانی گرتەوە؛ ڕۆمانیا، بوڵغاریا، سەربیا و مۆتێنێگرۆش بە چاولێکەری لە یۆنان لە ژێر دەستی ئیمپڕاتۆری عوسمانی هاتنە دەر. یەکیەتی ئوتریش- مەجارستان ترسی سەربەکانیان لە دڵ نیشت و کەوتنە خۆ. لە مانگی ٦ ساڵی١٩١٤ دا سەرۆکی یەکیەتی ئوتریش- مەجارستان بە دەستی خوێندکارێکی سەربی کوژرا.

هەر چەند سەربەکان بێ ئاگایی خۆیان لەم کردەوەیە ڕاگەیاند بەڵام ئەوە بوو بە هۆی بیری داگیرکردنی سەربیای تازەڕزگاربوو لە دەستی ئیمپڕاتۆری عوسمانی. بۆیە لە لایەک رووسەکان یارمەتی سەربەکانیان دا و، لە لایەکی تریشەوە، بریتانیا و فەڕانەسە کە پێشتر لە بەرەیەک دابوون، دژی رووسەکان وەستانەوە، ئەوەش وای کرد کە ئیتالیاوئاڵمان کە دۆستایەتییان لە گەڵ یەکیەتی مەجار ئوتریش هەبوو نازناوی دەسەڵاتی ناوەندییان پێ ببڕێ، ئەوان حەولیان دا خۆیان بێلایەن نیشان بدەن. بەڵام عەوسمانیە برینداڕەکان و بلژیک کەوتنە بەرەی ئیتالیاو ئاڵمان و بەو جۆرە شەڕی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد.

بەدەست پێکردنی شەر، سۆسیالیستەکانی بریتانیا، فەرانسا و ئاڵمان دەستیانکرد بەدژایەتی و رایانگەیاند کە" کرێکارانی وڵاتانی لە حاڵی شەردا، خاڵی چینایەتی هاوبەشی زیاتریان لە گەڵ یەکتر هەیە، لەوە کە هەرکام لە وڵاتی خۆیانەوە و لە ژێر فەرمانی ڕێبەری وڵاتەکەیاندا بکەونە شەرکردن لە دژی یەکترەوە." (Gellner Ernest nasionalisme 1998 )

بەڵام شەڕی جیهانی یەکەم بە هەموانی نیشاندا کە ناسیۆنالیسمی ناوخۆیی هەر کام لە وڵاتەکان زۆر بە هێزترە لە پشتیوانی کرێکارانی وڵاتانی لە حاڵی شەر لە یەکتر. وەک بەڵگەیەک بۆ ئەم بۆچونە کە مێژوویەکی بە سەر دا ڕابردووە دەتوانین داوای حکومەتی بریتانیا لە هاووڵاتیانی بە وێنە بێنینەوە:

کاتێک کە حکومەت داوای لە خەڵک کرد بۆ شەر خۆیان ناونووسی بکەن، ٧٥٠٠٠٠ حەوتسەدو پەنجا هەزار کەس ئامادەبوونی خۆیان راگەیاند، ئەم ژمارەیە هێندە زۆر بوو کە حکومەت نە دەرەتانی بارهێنانی سەربازییان هەبوو و نە لیباس و کەرەسەی شەریان دەتواندرا بۆ دابین بکرێ. ئیتالیا لە بەرەی شەردا ٣٠٠٠٠٠ ،سێسەد هەزار، سەربازی لە دەست دا. وڵاتی ئەمریکاش لە بەر ئەوە کە ژێردەریایی ئاڵمان لە پەستا هێرشی دەکردە سەر پاپۆڕە تیجارییەکانی، بەدەستووری ویڵسۆن لە ساڵی ١٩١٧ شەری راگەیاند و کەوتە بەرەی بریتانیا وفەرانساوە. ئەمریکا بە زوویی دەسەڵاتی تەواوی بە سەر شەڕەکەدا پەیدا کرد و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە لە کۆنفرانسی سوڵحی پاریس ببێتە بڕیاردەری ئەسڵی شەڕی جیهانی یەکەم.

شکستی بەرەی لایەنگرانی سەربیا و پرسی شۆڕشی سۆسیالیستی رووسیە، بوو بە هۆی شکستی تەواوی یەکیەتی مەجار- ئوتریش و هەروەها عوسمانیەکان. مەجار و ئوتریش لە بەر یەکترازان. وڵاتەکانی لێهیستان، ئیستۆنیا، فینلاند، لیتاوێن و لاتڤیا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. هاوکات چێک و سلۆڤاکیا یەکیان گرت. بەشی باڵکانی ژێر دەستی عوسمانیەکان یەکیان گرت و وڵاتی یۆگۆسلاڤیا پێک هات. مستەفا کەماڵیش تورکیەی لە سەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دامەزراند. کردەوەیەک کە پڕبوو لە نەهامەتی و سەرکوت بۆ گەلی کورد.

لەولاشەوە بریتانیا مەجبور بوو، جگە لە ٦ پارێزگای کاتۆلیک کە ئێستاش لەژێردەستی داماوە، مل راکێشێ بۆ سەربەخۆیی ئیرلاند.

دیارە کۆنفرانسی سوڵحی پاریس نەیتوانی بەتەواوی سنوورەکان بە پێی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکان دیاری بکا و کۆمەڵێک تێک و پێکهەڵکێشان هەر مایەوە، بۆ وێنە هەموو مەجاریەکان نەیان توانی بکەونە سەر وڵاتی تازە دامەزراوی مەجار، بەشێک لە ئاڵمانیەکان لە چێکوسلۆڤاکیا، لێهیستان و لیتاوێن دا دەژیان. هەوەها کوردستان کە تا ئەو کات دوو بەش بوو دوو بەشی تری لێپێکهات ولە سەر دەستی داگیرکەرانی جیهانی هەموو مافێکی نەتەوەیی کورد خرا بن پێ.

ناسیۆنالیسمی ئوروپایی لە بەرەی دژی ئازادی بە شکستی ئەمجارەی ڕانەوەستاو ئیتالیای موسولینی پشتی هیتلێری لەدایکبووی ئوتریشی ، لە ئاڵمان گرت. موسولینی خەیاڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەفریقای لە مێشک دابوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٦ وڵاتی ئیتۆپیای داگیر کرد. لە ڕووسیەش لەژێرناوی خەباتی سۆسیالیستی و کرێکاریدا، یەکەیەتی سۆڤیەت( USSR ) دامەزرا. هەر چەند بیرو ئایدیای ئەم یەکیەتییە لە تێئۆریدا سەرخستنی چینی کرێکاری وڵاتەکانی ژێر چەتری یەکیەتی یەکە بوو.

بەڵام هەر وەک مێژوو سەلماندی، بیری نەتەوەخوازی رووسەکان بەسەر ئایدیای لێنینی داسەرکەوت و دەسەڵاتی گشتی لە دەستی نەتەوەی رووسیدا کۆبۆوە. دیارە وڵاتەکانی ژێر چەتری سۆڤییەت کەمە ئازادییەکیان هەبوو؛ وەک ئازادی کلتووریی. بەڵام چ لە بواری ئاینیدا وچ لە لەهەربوارێکی دیکەدا بیانویستبایە، دژی دەسەڵاتی رووسەکان بوەستێننەوە سەزای مەرگیان بە سەر دادەسەپا. هەر وەک دیتمان ئەم یەکیتی سۆسیالیستیش کەوتەبەرهێرشی هێزی بیری ناسیۆنالیستی و سەرئەنجام هەڵوەشایەوە.

لە راستیدا رووداوی شەری دوویەمی جیهانیش درێژەی شەری یەکەمە و هەر دوو شەڕەکەش بنەماکەی لە سەر رزگاری نەتەوەیی دامەزرا کە دواتر هەر وەک هەموان ئاگادارین سەری کێشایە نازیسم و فاشیزم. لە درێژەی بە قودرەتبوونی ئاڵمانیەکان و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە لایەن هیتلێرەوە، ناوبراو حەزی لەوە بوو یەکەم جار بگەڕێتەوە شوێنی لە دایکبوونی خۆی ، وڵاتی ئوتریش، بەڵام ئەم جارەیان وەک سەرۆکی ئاڵمان و وەک داگیرکەر! بەداوی رێژەی نیزامی ئاڵمان لە ئوتریش، هیتلێر داوای کرد کە ئەو سێ میلیۆن ئاڵمانییەی لە چێکوسلۆڤاکیا دەژین، دەبێ بکەونە ژێردەسەڵاتی ئاڵمانەوە.

بریتانیاو فەڕانسا کە پێشتر لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس بەشداربوون لە پێشدا سەبارەت بەم هەڕەشە بێلایەنییان هەڵبژارد. بۆیە چێکوسلۆڤاکیایەکان رێگاچارەیەکیان لەبەر نەما و خۆیان دا بەدەستەوە. ئاڵمانییەکان بەوەشەوە رانەوەستان و نەک هەر چەکیای ئاڵمانی نشین بەڵەکە شارێکی لیتاوێن شیان داگیر کرد. بۆیە بریتانیا و فەرانسا بەڵێنیان دا بە لێهیستانییەکان کە مەترسی هێرشی نازییان لە سەر بوو کە ئەگەر هێرشیان بکرێتە سەر پشتیان دەگرن.

بەمجۆرە شەڕی جیهانی دوویەمیش دەستی پێکرد. ئاڵمانییەکان لە کارتی دژایەتی ناسیۆنالیستی سلۆڤاک دژ بە چێک، کرۆئات دژ بە سەرب و ئۆکرائینی دژ بە رووس کەڵکیان وەرگرت. هەر چەند نازییەکان بەڵێنی ئازادیی سیاسیان دابوو بەم نەتەوانە بەڵام دواتر دەرکەوت کە لە رووسەکان درۆزنتر هەر ئەوانن.

ژاپۆنییەکانیش کە ئاگاداری شەری بەرەی فەرانسا، بریتانیا دژ بە هیتلێر بوون، لە دەرفەت کەڵکیان وەرگرت و هەر بەو جۆرە کە هیتلێر دروشمی دەدا؛ ژاپۆنیەکانیش گوتیان : ئاسیا بۆ ئاسیایی. ژاپۆن حەولی دا هەموو وڵاتە ژێردەستەکانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیاو هۆلەند لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بخاتە ژێر دەسەڵاتیی خۆیەوە.

ئاڵمان هێرشی کردە سەر سۆڤیەت بەڵام سەرئەنجام تێکشکا وکەوتە بەر تەوژمی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتانی دژبەر. نیوەی ئاڵمان داگیر کراو لە ژێرناوی ئاڵمانی رۆژهەلات و لەژێر ئۆتۆریتەی سۆڤیەت دا بوو بەوڵاتێکی کۆمونیستی. ئەمجارەیان سۆڤیەت هێرشی زیاتری کردە سەر پاشماوەی دەسەڵاتی هیتلێر و دەسەڵاتی کۆمونیستی لە وڵاتەکانیی لێهیستان، مەجارستان، چێکوسلۆڤاکیا و رۆمانی لە لایەن سۆڤیەتەوە دامەزراند. بەڵام پرسی سەربەخۆیی نەتەوەیی هەر بێ وەڵام مایەوە!

ئەم وڵاتانە ئەم جارەیان ناچارکران بۆ پشتیوانی لە بیری کرێکاریی، خەونی سەربەخۆیی خۆیان لە بیربەرنەوە. ئاڵبانی و یۆگوسلاڤیا، بەبێ ئەوەی یارمەتی سۆڤیەت وەربگرن پاشماوەکانی ئیتالیای فاشیست و ئاڵمانی نازی یان راونا. دوابەدوای ئەم شەڕە فەرانساو بریتانیە کانیش کە دەسەلاتیان لە شەر لە دژی بەرەی فاشیست لاواز ببو، ناچار بوون، بەسیاسەتی ئیستیعماری خۆیان دابچنەوەو ئەوەش بو بە هۆی ئازاد بوونی کۆمەڵە وڵاتێکی تر!

لە ئاسیا ئیستیعماری بریتانی بەتەواوی کز بووناچار بوو دەست لە شێوەدورگەی هیندوستان هەڵبگرێ. بۆیە وڵاتەکانی هیندوستان، پاکستان و بورمە، یان میانماری ئێستا، ئازاد بوون. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا جولەکەکان سەربەخۆییان درایە(هەوەک گوترا بەیارمەتیی وپشتیوانی کۆمەڵی تازەدامەزراوی نەتەوەیەکگرتووەکان). ئەمەش بوو بە هۆی نەهامەتی فەلەستینییەکان و ئاگری شەری لێ هەڵگیرسا کە تائێستاش نەکوژاوەتەوە.

فەرانساییەکان شەریان درێژە دا بۆ هێشتنەوەی ویەتنام لە ژێر دەسلاتی خۆیان دا. بەڵام سەرئەنجام شکستی هێنا. فەرانسا لە ئەلجەزایریش شکستی هێنا. پارتیزانە رزگاریدەرەکانی ئیندونێزیاش دژی دەسەڵاتی ئیستیعماری هۆلەند شەریان کرد تا لە ساڵی ١٩٤٩ سەربەخۆبوون. ئیستیعماری ئوروپا لە ئەفریقاش شکستێکی گەورەیان بەنسیب بوو. وڵاتەکانی ئەفریقایی بەپێی بەرژەوەندی ناوچەیی و خزمایەتی هۆزەوایی و مێژووی تایبەت بەخۆیان، وڵاتەکانیی ئەفریقایان پێکهێنا. بەڵام لە هێندێک شوێنی وەک؛ کۆنگۆ، ئانگۆلا، مۆزامبیک، سودان و نێجیریا شەری توندی ناوخۆیی پەرەی ستاند. لە سەریەک بەداخەوە دەتوانین بڵێین کە وڵاتە رەهابووەکانی ئاسیایی و ئەفریقایی پاش ئیستیعمار نەیان توانی سیستمی خوێندن، ئازادی و ئاسایش دابین بکەن و بەشێکیان تا ئێستاش هەر وابە فەقیری ماونەتەوە!

لە ئازادیی هیندوستان دا ناکرێ رۆڵ و کاریگەری رێبەری بەتوانای هیندییەکان، گاندی نەمر، کە بووەتە سەمبولی ئازادی نەتەوەکانی تریش لە سەرانسەری جیهاندا لەبەر چاونەگرین. گاندی کە لەلایەن هیندیەکانەوە ناوی مهاتما ی لەسەر داندرا، پاش تەواوکردنی خوێندنی قەزاوەت لە بریتانیا چووە وڵاتی ئەفریقای باشور بۆ پشتیوانی کردنی ئەو هیندییانەی ئاوارەی ئەم وڵاتە ببون. بەڵام دواتر گەڕایەوە بۆ هیندوستان و بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە و جەماوەریی، دژی دەسەڵاتی بریتانییەکان لە شێوەدورگەی هیندوستان خەباتی کرد.

مهاتما گاندی ئارەزووی ئەوەی بوو کە هەموو هیندوستانیی گەورە پێکەوە ببنە وڵاتێک و موسوڵمان و هیندووهتد پێکەوە بژین. بەڵام ئەو بیرۆکەیەی گاندی سەری نەگرت و، وڵاتی پاکستان لە هیندوستان دابرا.( مهاتما گاندی بە دەستی لاوێکی هیندی کە پێی وابوو گاندی زیاد لە ئەندازە لایەنگری لەموسوڵمانەکان دەکا، تێرۆر کرا).

## چاوێک بە سەر ناسیۆنالیسم و کۆمونیسم، لە ژێر کاریگەری کردەوەکانیان دا

بەشێکی زۆر باوەڕیان وابووکە، کۆمونیسم وەک بیرێکی تازەتر لە ناسیۆنالسم، دەتوانێ دنیایەکی باشتر لە رزگاریی نەتەوەیی پێشکێش بکا. یاساکانی کۆمونیسم بەڵێنی بە هەموان دەدا کە لە رێی تیئۆری هاوکاری کرێکاریی و هاوبەشی ئابووریدا، دەتواندرێ هەموو جیهان لە ژێر چەترێک دا کۆبکرێتەوەو کۆتایی بە نەهامەتیەکانی بەشەرییەت بهێندرێ. بەڵام بە کردەوە دەرکەوت کە کۆمونیسم هەر گیز نەیتوانی لە ژێر بیری ناسیۆنالیستی بێتە دەر و خۆی رزگار بکا.

بیری کۆمونیستی بە ئاشکرا لە ناسیۆ نالیستێکەوە گوێزرایەوە بۆ ناسیۆنالیستێکی دیکە. بەو جیاوازییە کە ناسیۆنالیستی دوویەم ناسیۆنالیستی گەلی حاکمە و ئازادی رەچاوناکا. دووونەی بەرچاوی ئەم بۆچونە دەسەڵاتی رووسەکانی رووسیە بەسەر حیزبە کۆمونیستەکەیان دا و دەسەڵاتی شۆڤێەنیستی چەپی نەتەوەی حاکمی ئێرانە دژی ئازادی بەکردەوەی گەلانیی دانیشتووی شوێنێک بەناوی ئێران.

کۆمونیستە دەسەڵاتدارەکان کە بەڵێنییان دەدا، بەقازانجی بەرژەوەندی، کرێکارانی دانیشتووی وڵاتە جیاوازەکان سنووری وڵاتەکان نەیڵن و بەرابەری و دەسەڵاتی کرێکاری لە هەموو جیهان دا دابین بکەن؛

لە بەرهەڵاتنی هاوڵاتیانی خۆیان لە زوڵم و زۆری و دیکتاتۆری ئەوان، ناچار بوون سنووری ئەو وڵاتانەش دابخەن کە لەژێر دەستیاندابوو. دەسەڵاتی سۆڤیەت بە سەر وڵاتەکانی ئاڵمانی رۆژهەڵات، چێکوسلۆڤاکیا، مەجارستان، چەندین جار هێرشی نارەواو ناجوامێرانەیان کردە سەرهێزە نەتەوە ییەکانی ئەو وڵاتانە. بەهاری ١٨٦٨ پراگ ی پێتەختی ئێستای چێک لەبیر کەس نەچۆتەوە.

کاتێک لە ساڵی ١٩٤٩ دا رژێمی کۆمونیستی لە چین دامەزرا، روسیە بەڵێنی هاوکاریی پێدان و. یارمەتیکردن بۆ دروستکردنی سەنعەتی نوێ و زۆر زانیارو پسپۆری بواری بیناسازی نارد بۆ چین. بەڵام زۆری پێنەچوو لەبەر جیاوازی لە بیردا کە سەرچاوەی ناسیۆنالیستی هەبوو، روسیە دەستی لە هاوکاری چین کێشایەوەو دواتریش بوون بە دژمنی یەکترین. روسەکان دەستیان دایە یارمەتی هیندوستان، لە حاڵێکدا چینییەکان، یارمەتی پاکستانیان دەکرد. هەروەها ئەو دووڵاتە کۆمونیستی یە، لە پرسی ڤیەتنام و کامبۆجیش دا بە پێی عەلاقەی ناسیۆنالیستی خۆیان دژمنایەتییان لە گەڵ یەکترکرد. کەوایە هەڵە نەبووین کە دەڵێین کە بیری کۆمونیستی هەرگیز نەیتوانی خۆی لە بن قورسایی ناسیۆنالیزم خلاس بکا!

وەک ئەنجامی لەبەریەک بڵاو بوونی یەکیەتی سۆڤیەت لە مەودای ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ١٩٩١ زۆربەی کۆماری یۆگوسلاڤیا لە بەریەک هەڵوەشایەوە. دوو نەتەوەی چێک و سلۆڤاکیا کە پێشتر یەک وڵات بوون، لێکجیابوونەوە. دووئاڵمانی رۆژئاوورۆژهەڵات یەکیان گرتەوە. هەروەها کۆمەڵێک وڵاتی ئاسیای ناوەراست ئازادبوون. وڵاتی تێبێت کە لە ساڵی ١٧٢٠ بە دەستووری قەیسەری چین خرایە سەر ئەو وڵاتە، چەندین جار سەرهەڵدانی کرد.

پاشان لە ساڵی ١٩٥٩ پەنجا هەزار تێبێتی و رێبەرەکەیان دالای لاما ناچاربوون لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری چینییەکان رابکەن و روو بکەنە وڵاتی هیند. ئەم کۆمەڵە خەڵکە زەوزووی زۆریان تێکەوتووەولە ١٩٥٩ وە تا ئێستاش هەر لە شوێنی پەنابەریی لە شاری نیودێلهی پێتەختی هیدوستان ژیان بە سەر دەبەن.

تەوژمی ناسیۆنالیسمی ئوروپایی پەلی راکێشا بۆ ئەفریقا وپاش ماوەیەکی کورت وڵاتەکانی کۆنگۆ، تونیس، نامیبیا، کامێرۆن، تۆگۆ، زامبیا و تەنانەت میسر لە لایەن وڵاتەکانی بیلژیک، فەرانسا وئاڵمانەوە داگیرکران. بەو شێوەیە ناسیۆنالیزمی ئوروپایی بوو بەهێزێکی ئیستیعماری وئەمپریالیستی. هەرچەند بیری ئیستیعماری لە مێژ بوو ریشەی داکوتابوو، بەڵام پێناسەکردنی هێزە ئیستیعمارییەکان، پاش داگیر کردنی ئەفریقا، وەک ئەمپریالیزم روونتر هاتەئاراوە. بۆیە ئەمپریالیزمی ئوروپایی لە جێدا ئانتی ئەمپریالیزمیشی لێکەوتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بریتانیای گەورە، لە ساڵی ١٨٥٧ بە دواوە کۆنترۆڵی شێوەدورگەی هیندوستانی بەدەستەوەگرت. هیندوستان تا ئەوکاتە لە بن دەستی پاشماوەکانی مەغول دابوو. بەڵام لە مێژوو شاردراوەنیە، کە داگیرکرانی هیندوستان بە دەستی بریتانیا بوو بە مایەی بەختەوەری ئەو ناوچەیە، چونکە بریتانیاییەکان بە پێچەوانەی مەغولە، دواکەوتووەکان، حەولیان دا، رێگای ئاسن، قوتابخانە، رۆژنامە وسیاسەتی تەندرووستی تارادەیەک باش لە هیندوستان دا بنیات بنێن.

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، هیندیەکان لە رێگای کۆنگرەی نەتەوەیی تازە پێکهاتووی خۆیان،١٨٨٥ ، داوایان لە بریتانیانیەکان کرد کە دەسەڵاتی ئیدارەی وەڵاتەکەی خۆیان لە گەڵ دابەش بکاو، بۆ سەرخستنی ئەو مەبەستە، کۆمەڵێکیش لە بریتانیاییەکان بە هاوکاریکردن بۆ پێکهێنانی ئۆرگانی ناوچەیی خوازیاری دەسەڵاتی زیاتر بۆ هیندیەکان بوون. دیارە هەموو ئۆرگانەناوچەییەکان بە شێوەی ئاشتیخوازانە تێدەکۆشان.

سەرئەنجام هیندوستان دوا بەدوای کۆتایی شەڕی جیهانی دوویەم، لە ساڵی ١٩٤٧ لە بن دەستی ئیستیعماری ئینگلیس هاتە دەر. پاشان بۆ خۆشی بو بە دووبەشەوە. واتە وڵاتی پاکستانی لێجیابۆوە.

وڵاتێکی دیکەش لە ساڵی ١٩٧١ بە ناوی پاکستانی رۆژئاوا یان بەنگلادیش ی ئەمرۆ لە پاکستان جیابۆوە.

هاوکات لە گەڵ رووداوی سەرەوە بریتانیایەکان، لە ناوەندی دەسەڵاتدارییەتیان دا دوژمنی بندەستیان لێپەیدابوو. بەشێکی زۆری ئیرلاندیەکان کە پێشتر مەجبوورکرابوون ببنە پەنابەری ئەمریکا، بەناردنەوەی پارە وپووڵێکی زۆر لە ئەمریکاوە ، هێزی نهێنی تەقێنەر وتیرهاوێژیان رێکخست ودژی داگیرکەرانی بریتانیا کەوتنە کار.

ئوروپاییەکان لە مێژ بووخۆیان گەیاندبۆ ژاپۆنی پچڕ، پچڕ وماندوو لە کێشەی ناوخۆیی. بەڵام سەرئەنجام ژاپۆنیەکان توانیان لە بەرانبەر مەسیحییەت و دەسەڵاتی سیاسی ئوروپاییەکان بەربەرەکانی بکەن و هەموو دەسەڵاتێکی ئوروپاییەکان بە نایاسایی وقەدەغە لە قەڵەم بدەن. بەڵام پاش ماوەیەک و پاش ئەوە کە چینیەکان خۆیان تەیار کرد بە زانستی ئوروپاییەکانیشەوە، ژاپۆن بۆ ئەوە لە چین بەجێ نەمێنێ، سنوورەکانی بەرووی تێکنۆلۆژی رۆژئاواداکردەوە وپسپۆڕی زۆری لە رۆژئاواوە بانگهێشتی وڵاتەکەی کرد.

ئەم وێنەهەڵگرتن ونوێسازییەی ژاپۆنیەکان، ئەوانی تارادەیەک بە تواناکرد کە بتوانن تایوان وکورە داگیر بکەن. هەروەها شەر دژی روسیە وچین دەست پێبکەن. ژاپۆنیەکان توانیان بە بەستنی پەیمانی دۆستی لە گەڵ بریتانیایەکان لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، لە ماوەی کەمتر لە نیوسەدە خۆیان بگەیننە ئەو ئاستە کە هەموومان دەیبینین.

لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتەکانی کانادا، ئوسترالیا ونیوزلاند توانیان بە پێکهێنانی رێکخستنی ناسیۆنالیستی ئاشتیخواز، کلتور ونەریتی ناتەوەیی خۆیان پەروەردە بکەن وبە پشتیوانی کردنی کردەوەی قارەمانانەی نەتەوەخوازەکانیان، جیاوازی لە نێوان خۆیان ودەسەڵاتی داگیکەردا پێکبێنن.

وڵاتی نۆرویژ کە تاساڵی١٨١٤ لە ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی دانمارک دابوو، بە پێی پێکهاتنی وڵاتەگەورەئوروپاییەکانی دیکە، لە دانمارک دابڕاوو، خرا سەر وڵاتی سوئێد. هەر چەند ئەم پێوەلکاندنە بە یەکگرتن لە قەڵەم دەدرا، بەڵام نۆرویژییەکان هەر گیز بە تەواوی ملیان بۆ ئەم زۆرە ملی یە رانەکێشا وڵاتی نۆرویژ سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٠٥ سەربەخۆیی وەدەست هێنا. ئەم وڵاتە بۆ ئەوە وەک وڵاتەکانی قەدیم داگیرکەریی خۆی وەک دانمارک وسوئێد ببێتە نیزامێکی پادشایی، شازادەیەکیان لە دانمارکەوە هێنا وکردیانە پادشای خۆیان. نۆرویژ ئێستاش بە شێوەی پادشایی بەرێوە دەچێ.

بەو جۆرە کەدیتمان، ناسیۆنالیزم کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، زیاتر لە ئوروپادا بەهێز بوو ، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بوبە ناسیۆنالیزمی گەلانیی وڵات داگیرکراو، دژ بە ئیستیعمار وئیمپریالیزم لە سەرانسەری جیهان دا. دیارە ئەوەش لە بەرچاو ون نابێ کە هەر دووشەڕی جیهانیی لە ئوروپا سەرچاوەیان گرت و لە سەدەی بیستەم دا روویان دا.

وەک بیری ناسیۆنالیستی دیکە، دەتوانین پان عەرەبیسمی عەرەبەکان وەک وێنە بێنینەوە؛ ناسیۆنالیسمی عەرەب بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە زۆر خاک ونەتەوەی جیاواز بەبێ رەزامەندی خۆیان لە درێژەی ئەوکارەساتانەی بە درێژایی مێژوو بەسەریان هاتووە، کەوتۆنەتە سەر ناوچە عەرەبییەکان، بۆ وێنە کوردستان، حەولیان دا کە بەرەیەکی یەکگرتوولە نەتەوەی عەرەبی ناوچە عەرەبنشینەکان پێک بێنن و بەرە بەرە ببنە هێزێکی جیهانی گەورە یان وەک باوە سوپێرماکت.

تەنانەت میسر وسوریە کە جارێک لە جاران هاوسنوورنەبوون، لە ١٩٥٨حکومەتێکی یەکگرتوویان پێک هێنا! ئەم حوکمەتە بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەو دووخاکە لێکجیایەی، لەژێر یەک دەسەڵات داهێشتەوە.

پاشان قەزافی لیبی چەند جارێک داوای یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەبی کرد، ئەم ئیدەیەش قەت لە لایەن وڵاتە عەرەبییەکانەوە بەهێند نەگیرا. بۆیە هەر بەو جۆرە ئێستاش دەیبینین ئەم بیرە هەر وەک ئارەزوو ماوەتەوە.

وڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵی ١٩٤٥، سێ ساڵ پێش دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەرەیەکی عەرەبییان دانا کە لەهێندێک بواری وەک پۆست وگەیاندن، پێوەندییە تەلەفونیەکان و هاوکاری بانکی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بەڵام هەرگیز نەیتوانی بڕیارێکی سیاسی کاریگەر لە سەر کێشە ئابووری- سیاسیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدا.

لە سەر یەک ناسیۆنالیزمی عەرەبەکان لە نیوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بە سەر دوو بۆچووندا دابەش کرا، زۆرینەی عەرەب یان بەعسی بوون،( بەعسیبوون بیرێکە کە لە سوریە بە دەستی میشێل ئەفڵەق خرایە سەر یەک وحیزبی بۆدامەزرا. ئاماژە بەوە بکرێ باشە کە بەعسی واتە عەفلەقییەکان زۆرترین نەهامەتیان لە عێراق و سوریە بەسەرکورد دا هێنا.) یان ناسری واتە لایەنگرانی جەماڵ عەبدولناسری میسربوون. ئەم دوو گروپەش جارێک لە جاران لە گەڵ یەکتر نەگەیشتنە دۆستایەتیەک بەقازانجی ناسیۆنالیزمەکەیان واتە ناسیۆنالیسمی عەرەبی.

پێویستە ئاماژە بەوە ش بکرێ کە زۆر جار ناوی عەرەب لە گەڵ ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێت. ئەوەش ڕەنگە بە هەڵەتێگەیشتنی بۆ کۆمەڵێک گەنجی خۆمان هەبێ. عەرەبەکان زیاتر لە ٢٠ وڵاتن و بەشێکی زۆریان کەوتوونەتە کیشوەری ئەفریقاوە. لە ڕاستیدا شوێنێکی دیار و سنووردار بە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستاش نە هاتۆتە سەر نەخشەی جیهان و تاریفێکی ڕوونیشی هەیە: کۆمەڵێک سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەیەننە، وڵاتی مەراکیش لە ڕۆژئاوا و ئەفغانستان لە ڕۆژهەڵات.

کۆمەڵێکیش وڵاتی سودان، تورکیە و تا کۆمارە تازە ڕزگاربووەکانی سۆڤیەتی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەقەبڵێنن. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وڵاتەکانی؛ میسر، ئیسرائیل، ئۆردۆن، سوریە، لوبنان، ئێران و ئەمیرنشینەکانی دوبەی و دەوروبەری پێکهاتووە ووەک دەزانین کوردستانیش کە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا هەڵکەوتووە کەوتۆتە بن دەست چوار وڵاتەوە.

لە ئەفریقا وڵاتەکانی تازە ڕزگارەبووی ژێر دەستی ئیستیعمار وئەوانەش کە لە حاڵی خەبات بۆ ڕزگاری دابوون هەوڵیان دا، بەرەیەکی یەکگتوو پێکبێنن. بەڵام دوو وڵاتی دیاری ئەفریقایی؛ نێجیریا کە لە باری نەوتەوە دەوڵەمەندە و غانا کە لە سەریەک دەوڵەمەندتربوو لە ٥١ وڵاتەکەی دیکەی ئەفریقا، هیچکامیان نەیان توانی ئەم ئارەزوویە بە ئەنجام بگەیەنن. ئەوەندە نەبێ کە بە هیمەتی کەسێک بە ناوی؛ کوامە نکروما، توایان لە غانا بە مەبەستی یەکگرتن کۆببنەوە.

سەرئەنجام لە ئەفریقاش بەرە بەرە، بەرەیەکی گرینگ لە هەموو وڵاتەکان پێک بێ، ئەم بەرەیە توانیی زۆر کێشەی ناوخۆیی وتایفی بەینی وڵاتەکان چارەسەر بکا. کۆڕی وڵاتانی ٥٣ ئەندامی ئەفریقا، لە ساڵی ٢٠٠٢ دا کۆبوونەوەیەکی گرینگیان پێک هێناو بەڵێنیان دا یەکیەتییەک وەک یەکیەتی ئەروپا ڕێکبخەن. ئەو بڕیارە تا چەندە دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ دەبێ قەزاوەتەکەی بسپێرین بە داهاتوو.

لە نووسینێکی جیاواز دا کە بەر لە ٥ ساڵ لە زۆربەی سایتەکاندا بڵاو کرایەوەو قەراربوو لەلایەن جیناحی بەڕێز ع. حەسەنزادەوە پێش کۆنگرەی١٤ دەیان چاپ و بڵاوبکرێتەوە. بەڵام بە دەستووری ناوبراو پێش بەچاپکردنی گیرا؛ بە وردی باسی یەکیەتی ئوروپاوچۆنیەتی پێکهاتەی تازەی ئەوکیشوەرم کردووە. بۆیە لەوە زیاتر کە لەسەرەوە هاتووەناچمە سەر باسی ئوروپا. کتێبی ئێلێکترۆنی باسکراو لە داهاتوویەکی نزیکدا بە شێوەی کتێبی چاپی بڵاو دەکرێتەوە.

لە درێژەی باسی تا ئێستاماندا، باشترە ئەوەش بڵێین کە کۆمەڵێک لە خەڵکی جیهان خۆیان بە خۆجێی و ڕەسەنتر لەوای دیکە دەزانن و پێیان وایە کە نەتەوە پەنابەر، هێرشکەر و کوچکردووکۆچپێکراوەکان، وڵاتیی ئەوانیان داگیرکردوە و، نەریت و کلتوریان لە بەین بردوون. لەم نەتەوەخۆجێیانە دەتوانین؛ ئینذیانەر لە ئەمریکا، سامی لە سکاندیناویا و ڕوسسیە، ابوریجینەکان لە ئوسترالیا و ماوۆرنەکان لە نیوزلاند نابەرین. ساڵی ١٩٩٢ خەڵکە خۆجێییەکانی ئەمریکا بە بۆنەی ٥٠٠ ساڵەی هاتنی کۆلۆمبوس خۆپیشاندانی گەورەیان سازداو داوای مافی زیاتریان کرد.

سەرهەڵدانیی ناسیۆنالیستی لە کۆمارییەکانی سۆڤیەتی پێشوو بەتایبەت لە چیاکانی قەفقاز، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوروپا، بەرەبەرە خەریکە دەبێتە سەرئێشەیەکی تەواو بۆ وڵاتانی ناوچەکە. لەوانە دەتوانین؛ ئەبخاز و ئۆسێتای باشووری لکاو بە جێئۆرجیا، ناگۆرنۆقەرەباخی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنیا و چێچێ نەکان لە دژی ڕووسیە ناوبەرین.

١٠ی ژانوییەی ٢٠١٣

سەرچاوەکان:


١- David Downing : midtøsten fra oldtid til nå tid

٢- Hodne, Bjarne: "Norsk nasjonalkultur", 2002. I kap.2 ...

٣- Peter Normann Waage:

Jeg, vi og de andre.

Om nasjonalisme og nasjonalisme i Europa

Cappelen 1993.

٤- Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism by Benedict R.O'G. Anderson, Nations And National

٥- Nasjonalisme og nasjonal identitet (9788245600063) Norbert Elias:

٦- Hva er nasjonalisme :Øyvind Østerud

٨- midtøsten Imperiefall, Statsutvikling, kriger IBSN: 9788215006871

٩- A modern history of the Kurds David McDOWALL

١٠- ڕێگوزەری بیری سیاسی وەرگێڕانی: ئاسۆس کەماڵ نوسینی:Sven- Eric Liedman

١١- کوردستان وکورد نووسینی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

١٢- OXFORD ADVANCED LEARNINER`S DICTIONARY, OXFORT UNIVERSITY PRESS 1989

١٣- ئێران و تورکیە وەرگێڕانی لە عەرەبی یەوە: بەهادین جەلال مستەفا

١٤- کورتە باسێک لە سەر یەکیەتی ئوروپا، نووسەری ئەم وتارە

١٥- مێژووی ئەدەبی کوردی نووسینی پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ

١٦- Den usynlige verden , HENRIK DAHL

١٧- بە عەیب نەبێ من ناسۆنالیستم! نووسەری ئەم وتارە.

ماڵپەری گیارەنگ

## سەرۆک کۆماری کوردستان



سۆران کەرباسیان

دەوڵەتی جمهوری کوردستان کە لە سەر ئیرادە و ویستی زۆرینەی ئێلیت و نوێنەرانی نەتەوەی کورد بە پێی بوار و هەل و مەرجی رەخساو راگەیێندرا، لە جوانترین وێنەکانی شۆڕشی ڕامیاری نەتەوەی کورد دەژمێردرێ. ئەو ڕاگەیاندنەش پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ وەک پێشینەی ویستی نەتەوەی کورد، نەبوونی هیچ چەشنە دڵخۆشییەک بە وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، ئێلیت و ڕووناکبیر، سەرکردەی ووشیار و کاریزماتیک، هەل و مەرجی تایبەتی رەخساو لە لایەن هێزی نێوخۆی کورد و زلهێزانی ئەو سەردەم و ...هەبوو. حەوجی دەکا لە سەر هەر کام لە فاکتەرە کاریگەرەکان شرۆڤە و وردبوونەوە بکرێ تا بتوانین وێنەیەکی زۆر نزیکتر لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆمار ساز کەینەوە. لێرە هەوڵ دەدرێ بە کورتی ئاوڕێک لە سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان بدرێتەوە و پێداچوونەوەی مژارەکانی دیکە دەهێڵینەوە بۆ داهاتوو.

ناوی سەرۆکی کۆماری کوردستان کە زۆرینە بە ناوەکانی قازی موحەممەد و پێشەوای ناو دەبەن، «محمد همام قازی» بوو. رەوانشاد «میرزا خلیل فتاح قازی» کە پەرتووکی مێژووی بنەماڵەی «قازی» لە ڕووی یادداشتەکانی ئەو بە چاپ گەییشتووە، لەم پێوەندیەدا فەرمووبووی: «خوالێخۆشبوو میرزا عەلی قازی، دوو کوڕی هەبوو: ١- میرزا محەمەدی هومامی قازی کە دواتر بە قازی محەمەد، نێوبانگی دەرکرد. ٢- ئەبولقاسمی سەدری قازی.» [١][٢][٣]

پێشەوای کوردان یەکەم چالاکیی رامیاری خۆی بە فەرمی کاتێک دەست پێ کرد کە پاش داواکارییەکی زۆر لە لایەن نیشتمانپەروەران و ئێلیتی کورد، قبووڵی کرد تا سەرۆکایەتی ک. ژ. ک بە دەست بگرێ. لە دواییشدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر هەمان بنەمای تەشکیلاتیی ک. ژ. ک لە ساڵرۆژی دامەزراندنی ک. ژ. ک ڕاگەیەندرا، وەک سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا.[٤] لە دەرفەتێکی گونجاودا پاش هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە و پێویستییەکی مێژوویی، ئەم حیزبە وەک یەکەم حیزبی مۆدێرنی نەتەوەی کورد توانی بە هاریکاری سەرجەم ئەو کوردانەی کە بواری بەشدارییان هەبوو، دەوڵەتی جمهوری کوردستان ڕابگەیێنن و جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمدا سەروەرترین ئاڵتێرناتیڤی نەتەوەی کورد بوو، وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا.

پێشەوای کوردان لە بنەماڵەیەکی زانا، دەوڵەمەند و خاوەن ڕێز پەروەردە ببوو بەڵام ئەمانە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو وەک ڕێبەری نەتەوەکەی نەبوون، بەڵکوو کەسایەتی تایبەتی ئەو و لێهاتوویی و توانای بەرزی ئەو هاندەری سەرەکی جەماوەر بوون تا ئەو وەک سەرۆکی خۆیان هەڵبژێرن.

یەک لە ئەرکەکانی سەرۆک ئەوەیە کە کۆمەڵگا وشیار بکاتەوە، ورەیەکی بەرزی هەبێ و لە بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانیدا بە سەر گرفتەکاندا زاڵ بێ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا هەڵسووکەوت بکا. جەنابی پێشەوا وەک بەڵگەکانی کۆماری کوردستان پشتڕاستی دەکەنەوە، بەردەوام لە ڕێگەی قسەکردن و بەڕێوەبردنی کۆڕەوە، هەوڵی وشیارکردنەوەی جەماوەری دەدا.[٥] ئەو بە تێبینی و هەڵسەنگاندنی دروستەوە کەسایەتییەکانی بۆ پراکتیزەکردنی پلانەکانی هەڵدەبژراد کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی، رامیاری، ئابووری و ئەرتەشیدا ڕەنگیان داوە. سەرۆکێکی سەرکەوتوو لە ڕەوشی نالەبار و شپرزەدا هەوڵ دەدا کەمترین ئازار و زەرەر بە کۆمەڵگا بگا. زۆرینەی سەرچاوەکان و فاکتی بەر دەست ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە سەرۆک کۆماری کوردستان لە کاتێکدا کە ئیتر ڕێگەی درێژەی ژیان بۆ دەوڵەتی کوردستان نەمابوو، خۆی کردە قوربانی هەموو نەتەوەکەی،[٦] و قبووڵی ئەوەی نەکرد نەتەوەکەی وڵامدەری بەرپرسیارەتییەک بێ کە خۆی پەژراندبووی. جەنابی پێشەوا لە دوایین قسەکردنی دەگەڵ جەنابی ژێنێراڵ مستەفا بارزانی، کاتێک کە داوای لێ کرابوو تا دەگەڵیان بڕوات، فەرموویووی: «پێم باشترە لە نیشتمانی باب و باپیرانی خۆم بکوژرێم و خەڵک لە ناخۆشی و تەنگانەدا بە تەنێ بەجێ نەهێڵم.»[٧] سەرکردەیەکی سەرکەوتوو هەرکات هەوڵ بۆ یەکگرتوویی دەدا، بڕوای بە ئامانج و قازانجی گشتی نەتەوەکەی هەیە و لە پێناو بەرپرسیارەتیدا ڕادەوەستێ و خۆی ناشارێتەوە. نوتقەکانی جەنابی پێشەوا کە بەشێکی بەرچاویان لە ڕۆژنامەی کوردستان بە چاپ گەیشتبوون، ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە جەنابی پێشەوا لە هەر دەرفەتێک بۆ پتەوکردنی ڕۆحی یەکگرتوویی و تەبایی نێوان هێزی کوردی لە تێکۆشان دابوو.

سەرۆک پێویستە خۆشەویست بێ و لە ڕووی پلەی سامان و زۆرەوە خۆی بە سەر کۆمەڵگادا نەسەپێنێ. زۆر ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەکن لە ئەوین و خۆشەویستی جەماوەری کورد بەرانبەر سەرۆک کۆماری کوردستان. کاتێک سەرنج بە ڕەوشی ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە لەو سەردەمدا دەدەین، گومان لەوەدا نامێنێتەوە کە ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی کۆمەڵگا بەرانبەر جەنابی پێشەوا نەک لە ڕووی ترس،بەڵکوو لە بەر هەڵسووکەوتی دێمۆکراتانە و ژیاری جەنابی «محمد همام قازی» بوو و دەسەڵاتی کۆماریان بۆ داسەپاندنی بۆچوون و حەزی خۆیان بە سەر زۆرینە دەکار نەگرتبوو. کۆماری کوردستان بە مەبەستی دابینکردنی گارانتییەک بۆ بەرگری لە تواناکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و ئاسایەشیان ڕاگەیێندرابوو، نەک بە مەبەستی بەرژەوەندی بنەماڵەیی یان تاکەکەسی.[٨] هونەری

سەرۆکایەتی جەنابی پێشەواش زۆرتر لەوەدا ڕەنگی دابۆوە کە هەڵسووکەوتەکانی هەڵگری پەیامی شارستانی نەتەوەکەی بوون. دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار نەک بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی ئەو پێک نەهاتبوو، بەڵکوو لە زۆر بوارەوە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەشی خستە پێناو بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی. جیا لەوە کە بیری نیشتمانپەروەری سەرۆک کۆمار هاندەری ئەو بوو تا لە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا هەنگاو بنێ، بە هۆی ئەوە کە پێشتر دادوەرێکی لێهاتوو و کارامە بوو، توانیبووی لە سەر ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی تاک لە کۆمەڵگادا کاریگەری بێ وێنەی هەبێ. زۆرینەی نوتقەکانی جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمدا تۆمار کران، سەلمێنەری ئەوەن کە گوتاری ئەو لە سەر بنەمای ماف و دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی ساغ ببۆوە. زۆر کەس لە مێژوودا بە مێدالیا و تاج و نیشانی سەیر و سەمەرە هەوڵی ئەوەیاندا خۆیان لە بەر چاوی کۆمەڵگادا زەق و بەرچاو و جوان نیشان بدەن بەڵام خۆشەویستی و ڕێزێک کە ئەمرۆکە لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە جەنابی پێشەوا دەنوێنرێت، تەنیا لە بەر دادپەروەری و خۆقوربانیکردنی ئەوە. بە کورتی دەکرێ بگوترێ کە سەرۆکی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا وێنەی ئیرادەی نەتەوەکەی دەنەخشاند و ئێستاش لە خۆشەویستترین سەرکردەکانی نەتەوەکەی دێتە ئەژمار.

بڕیاری کۆتایی جەنابی پێشەوا کە خۆبەختکردن لە پێناو پاراستنی ئاسایەشی نەتەوەکەی بوو، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە کە لە لای ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتی، سەروەری بە سەر خۆخوازی و بەرژەوەندی شەخسیدا هەبوو. سەرۆکێکی سەرکەوتوو هەرکات هەست بە لێپرسینەوە لە بەرانبەر گەل و مێژوودا دەکا، هەر بۆیە لە هیچ چەشنە سزا و خەسارێکی شەخسی ناترسێ و خۆبەختکردن لە پێناو بەرپرسیارەتیدا بە گیان و دڵ قبووڵ دەکا.

بوێری و غیرەت پێویستە لە گوتار و هەڵسووکەوتی سەرۆکێکدا بوونی هەبێ. ئەمە هێزی بەرزی ڕوانین و هزری سەرکردە دەگەڵ شێوەی دەربڕینەکەیەتی کە لە ناو گەل و مێژوودا دێتە بەر هەڵسەنگاندن. سەرۆک لە دەربڕینی گوتارێک کە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی تێدا بەدی بکرێ، ڕاناوەستێ. هەموو هەڵسووکەوت و گوتارە تۆمارکراوەکانی جەنابی پێشەوا و بڕیارەکانی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە جەنابی پێشەوای کوردان، نەک هەر زانا، خاوەن ڕێز و دڵسۆز، بەڵکوو سەرکردەیەکی بە غیرەت بوو و لە بڕیارەکانیدا بەرژەوەندی نەتەوەکەی بە سەر هەموو هێزی داگیرکەر و زلهێزانی جیهانیدا سەروەر کرد.

بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستان پێویستی بە سەرۆکێک هەبوو کە هەم زانایانە هەڵسەنگاندنی لە سەر ڕەوش و ڕووداوەکان کردبا، هەم بڕوای بە دیسیپلین و یاسا هەبوایە و هاوکات لە ناسینی کەسانی دەورووبەری خۆیدا سەرکەوتوو بووبا و زۆر واقعبینانە هەنگاوی نابا. ئەمانە دەبوا بە شێوەیەک لە دەسەڵاتداریدا گڵاڵە کرابان کە سۆز و خۆشەویستی و دادپەروەری بەرانبەر نەتەوە و نیشتمان لە بەر چاو بگیردرێن. ئەرکێکی قورس کە دەگمەن سەرۆکێک لە مێژوودا توانیوێتی سەربەرزانە وەک پێشەوای کوردان، «جنابی حەزرەتی قازی محمد» مێژوو لە پاش خۆی تۆمار بکا.

سەرچاوە و ژێدەر:

[١] خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، هەولێر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، چاپی ئاراس، لاپەڕەی ٩٠

[٢] دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٠١٢ی زایینی کۆپی سێ نوسخەی دەستخەت و ئیمزای ڕاستەقینەی جەنابی پێشەوام بڵاو کردەوە و سەلمێندراش کە هەموو ئەو نامە سیاسییانەی کە بە ناوی سەرۆک کۆماری کوردستان بڵاو بوونەوە، ساختە، جعل و سازکراون.

بڕوانە: سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و «مستقل»ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، دووی ڕێبەندانی ٢٠١٢ی زایینی ئۆسلو، لاپەڕەکانی ٤٧ تا ٥١

تێبینی: جیا لەم سێ نوسخەیە نوسخەی دیکەش بۆ بەڵگە لە بەر دەست دایە کە لە داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە.

[٣] نامەیەکی دەستنووسی میرزا «رحمن اویسی»ش لە سەرچاوەی پێشوودا خستراوە بەر چاو کە هەمان زانیاری دروست پشتڕاست دەکاتەوە.

[٤] سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و «مستقل»ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، دووی ڕێبەندانی ٢٠١٢ی زایینی ئۆسلو، لاپەڕەکانی ١٢ تا ١٤

[٥] بڕوانە دەقی قسەکانی سەرۆک کۆماری کوردستان لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ وێنە: ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاپی مەهاباد، ژمارە ١١، ساڵی یەکەم، بەرواری ٦ی ٢ی ١٩٤٦ای زایینی، لاپەڕەی یەکەم.

[٦] سەرچاوە بۆ ئاماژەکردن لەم پێوەندییەوە زۆرن. هەر بۆ وێنە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، هەولێر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، چاپی ئاراس، لاپەڕەی ١٥١ و پێشووتر

حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤، لاپەڕەی ١٢٩

فاکتێکی مێژوویی گەلێک بەهێز بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم دەربڕینە هەیە کە پێویستی بە مژاری سەربەخۆ و لێوردبوونەوەی تایبەت هەیە. کاتێک کە حکومەتی پاشایەتی هێرشیان بردە سەر شاری تەورێز تا حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بڕووخێنن، لە هیچ چەشنە جەنایەت و پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ خۆیان نەپاراست. بە سەدان خەڵکی سیڤیل و بێ چەکی تورکیان لە تەورێز کوشت. پەرتووکەکانیان ئاگر تێبەردان و زۆر مەخابن بەزەییان بە ژنان و کچانی بێ تاوانیشدا نەهاتەوە و خستیاننە بەر دەستدرێژی جنسی. بە دڵنیاییەوە گەر پێشەوا خۆی نەکردبا بە قوربانی نەتەوەکەی، هەمان کارەساتی تەورێز لە کوردستانیشدا دوپات دەبۆوە. دوکتوور جمال نەبەز گوتەنی، پێشەوای کوردان گیانی لە سەر بڕوا و ڕێبازی دانا.

[٧] بڕوانە یەکەم ناو و نیشانی ئاماژە پێکراو لە سەرچاوەی پێشوو.

[٨] بڕواننە ژمارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە کۆمەڵێک وتار، دروشم و بابەتی تێدایە کە کەسانی جۆراوجۆر خۆشەویستی جەنابی پێشەوایان لە نێو کۆمەڵگادا هێنابوو سەر زمان و کاغەز.

٢٤ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری کوردستان میدیا

# پەیامی هێزو رێکخراوە سیاسییەکان :



## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی رێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

هاونیشتمانانی بەرێز!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە کاتێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا چەند مانگێک بوو وەک پێویستی‌یەکی مێژوویی بۆ رێبەری کردنی خەباتی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتبوو، هەلومەرجی سیاسیی سەردەمی پاش شەری دووهەمی جیهانیی قۆستەوەو لە دووی رێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی و لە ژێر رێبەریی پێشەوای نەمردا لە دایکبوونی یەکەم کۆماری کوردی لە مەهاباد بە دنیا راگەیاند. بەم بۆنەیەوە و لە ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

دیارە ئەگەر دامەزرانی کۆماری کوردستان یەکێک لە شانازیە نەتەوەیی‌یەکانی کوردە، پێش هەمووان ئەم شانازییە بۆ رێبەران و تێکۆشەرانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکرات و لە سەرووی هەموانەوە بۆ پێشەوای زانا، قازی محەممەد دەگەرێتەوە کە توانیان لەگەڵ هەموو بێئیمکاناتی و سنووردار بوونی دەسەڵات و ناوچەی ژێردەسەڵاتیاندا، ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بقۆزنەوە کە بە هۆی کێشە جیهانی‌یەکان و تێکچوونی پارسەنگی هێز و بێ دەسەڵاتبوونی حکوومەتی ناوەندی دروست ببوو. ئەوان بەم کردەوەیان توانیان لاپەرەیەکی زێرین لە مێژووی کورددا بنووسنەوە.

ئەم رووداوە مێژوویی‌یەی نەتەوەی کورد ئەگەر سەردەمانێک لەژێر تیغی سانسۆر و سەرکوت و کەڵک وەرگرتنی دەسەڵاتدارانی دژە کورد لە ناوچەدا لە هەموو هۆوکەرەسەیەک بۆ پێشگیری لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد، رووداوێک بوو تایبەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەمرۆ بەهۆی ئەو گۆرانانەی ناوچەیان گرتۆتەوە، بۆتە هێمایەکی نەتەوەیی کورد. دەبینین کە ئەم یادە لەلایەن هەموو کوردێکی نەتەوەپەرست لە پانتایی کوردستاندا و بگرە لەسەرانسەری جیهاندا هەموو ساڵێک لە دووی رێبەندان دا بە شانازی‌یەوە بەرز رادەگیرێ.

هەرچەند بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوووبە هۆی هێرش و پیلانەکانی حکوومەتی سەرەرۆی حەمەرەزا شا کە ئەمریکا و بریتانیا پشتگیری‌یان دەکرد کۆتایی پێهات، بەڵام هەر لە سەرەتاوە رێبەرانی حیزب و دامەزرێنەرانی کۆمار بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد لە رێگای ئەم دەسەڵاتەوە لە هیچ شتێک کۆتاییان نەکرد. ئەوان بە پەرەپێدانی فێربوونی زمان و کولتووری کوردی، دامەزراندنی دامودەزگای یاسایی، دانانی قوتابخانەی کوردی و وەکارخستنی چاپخانە و چاپ وبڵاو کردنەوەی کتێب وگۆڤار و رۆژنامەی کوردی و سازماندانی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گەل و کۆمار تەنیالە ١١ مانگ دا نموونەیەکی نوێی دەسەڵاتداریی دێموکراتیکیان لە ناوچەیەکدا کە تا ئەو سەردەمە رەنگی دێموکراسیی بە خۆیەوە نەدیبوو، خستە بەرچاوی هەموو جیهان.

بەدوای رووخانی کۆماری کوردستان و شەهید کرانی رێبەرانی کۆمار و بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری‌کوردستان، گەلی کورد نەتەنیا لە خەبات رانەوەستا بەڵکو بیر و ئامانجەکانی کۆمار و رێبەرەکانی بووە هەوێنی درێژەدانی خەباتێکی بەردەوام کە سەرەنجام رووخانی رێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتیی لێکەوتەوە.

**ئۆگرانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان!**

ئەمرۆکە لە دووی رێبەندانێکی دیکەدا یادی ٦٧مین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە گۆرانێکی قووڵ بەسەر سیستمی دەسەڵاتداریی جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هاتوە. ئێستا سیستمی پیوەندییەکانی نێوان زلهێزەکان و دەسەڵاتدارانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا تووشی گۆران بووەو وڵاتە بە هێزەکانی جیهان لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا کوێرانە پشتی دیکتاتۆرەسەرەرۆکان ناگرن. ئەوان دەزانن سەردەمی سەرکوتی بێبەزەیی‌یانە و شاردنەوەو حاشا لێکردن بەسەرچووە و راپەرینی کۆمەڵانی خەڵک هەمیشە دەتوانێ مەترسی‌یەک بێ بۆ تێکدانی ئەوەی ئەوان بە ئاسایشی جیهانی ناوی دەبەن. هەربۆیە لەم چەند ساڵەی رابردوودا راپەرینی خەڵک لە دژی سیستمە دیکتاتۆرەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان لە ئاسیاو ئەفریقاو تەنانەت بەشێک لە ئورووپاش کۆمەڵێک گۆرانی سیاسیی لێکەوتەوە.

تازەترین ئەزموون لەرەوتی گۆرانەکان دا ئەزموونی راپەرینی خەڵکی و ڵاتانی عەرەبی‌یە کە بەشێکی بەرچاوو گرینگی ئەو وڵاتانەی گرتۆتەوە. لەم ماوە کورتەدا شاهیدی رووخانی کۆشکی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ژمارەیەک لەو وڵاتانەدا بووین. هەرچەند لە هەریەک لەو وڵاتانە بەربەست لەسەر رێی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی کە ئامانجی گشتیی خەڵکەکەیانە، دروست کراوە، بەڵام هیوای دەستەبەر بوونی ئاواتەکانیان ووەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی لە نێونەچووە. لە سووریا دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بنەماڵەی ئەسەد رووبەرووی راپەرینی بەرینی خەڵک بۆتەوە. هەتا ئێستاش و زیاتر لە ساڵێکە بێبەزەیی‌یانە سیاسەتی بە کۆمەڵکوشتنی خەڵک بەردەوامە. بەڵام وەک دەبینین بەمجۆرەش ئەم دیکتاتۆرییە نەیتوانیوە پێش بە بەردەوامیی راپەرینی خەڵکی سووریە بگرێ و رۆژ لە دوای رۆژ ئەم خەڵکە راپەریوە بەهێزتر بەرەو رووخانی دیکتاتۆری دەچنە پێش.

گەلی کورد لە سووریا کە چەند دەیەیە لەلایەن دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەدەوە تەنانەت لە مافی هاووڵاتی بوون بێ بەشکرابوون، ئەمرۆ هیوای گەیشتنیان بە ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانیان زیاتر بووەو خەبات بۆئەم مەبەستە لە لایەن گەلی راپەریوی کوردەوە لە پەرەسەندن دایە. بەداخەوە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا هێندێک ناتەبایی لە نێوان هێزی نیشتمانی‌یەکانی رۆژئاوای کوردستان دەبینرێ کە بێگومان دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی خەباتی نەتەوەیی لە رۆژئاوای کوردستان. ئێمە هیواداریـن وداواکارین لەم هەلومەرجە ناسکەدا هەمووڵایەک بەهەستبەبەرپرسایەتی و لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەنەتەوەیی‌یە لە مێژینەکانی کورد لە سووریادا هەوڵی هاودەنگی و یەکیەتیی رێزەکانی کورد لە سووریا بدەن وئەم هەلە مێژوویی‌یە کە دوای دەیان ساڵ هاتۆتە پێش لەبەرژەوەندی کوردا بقۆزنەوە.

هاونیشتمانانی بەرێز!

کە باس لە گۆڕانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕینی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان دەکرێ، ناکرێ ئێران و کۆماری ئیسلامی لە پێش هەمووانەوە نەبینین. ڕاستییەکی‌حاشاهەڵنەگرمان گوتوە ئەگەر بڵێین لە ۳ دەیەی ڕابردوودا ئەم ڕێژیمە نوێنگەی سیستمێکی سەرەڕۆو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو بێبەزەیی لە سەرکوتی خەڵکدا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ۳۳ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆی دا لە نێو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا لە زۆربەی بوارەکاندا پلەی یەکەمی بۆ خۆی دابینکردوە.
ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیانەوە لە ژێر ناوی «ناردنە دەرەوەی شۆڕش» دەستیان کرد بە دروستکردنی گرووپی چەکداری بەستراوە بەخۆیان وەک حیزبوڵڵا، پاوەڕێخستن و درێژەدانی شەڕی ماڵوێرانکەر بە خەیاڵی گەیشتن بەقودس لە ڕێگەی کەربەلاوە. وێڕای ئەو هەمووە زیانە گیانییە، هەزاران میلیۆن دۆلار لە پارەی خەڵکی ئێرانیان بە فیڕۆ دا. هەمووشی بەو ئامانجە بوو کە ڕێبەرایەتیی جیهانی ئیسلام بە تایبەتی لەو وڵاتانە کە پەیرەوانی ئایینی شیعەیان لی دەژین وەک لوبنان، سووریە، عیراق، و بەحرەین بگرنە دەست. لەنێو موسوڵمانانی ئەفغانستان، پاکستان، یەمەن، سعوودیە، کویەت و زۆر شوێنی دیکە لە دانانی گەرای شەڕی دینی درێغیان نەکرد. بەڵام ئەوەی بۆیان ماوەتەوە شکست و ناکامی لە درێژەدانی ئەو سیاسەتەیە. لەم ساڵانەی دوایی دا کشانەوەی پەیتاپەیتای ئەوانمان لەم ولاتانەدا دیوەو ئێستاکە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد گەورەترین هاوپەیمانی ناوچەیی‌یان لە سووریە بەرەو رووخان دەروا خۆشیان بەتەواوی هەست بەشکستی ئەم سیاسەتەیان دەکەن و خۆیان لەهەموو کات بە تەنیاتردەبیننەوە.
ئەمە لەکاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران سەرەڕای ئیدیعای ڕێبەرانی بەتایبەت خامنەیی، لە نێوکۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا بە تەواوی تەریک کەوتۆتەوەو دۆستە دوور و نزیکەکانیشی ئێستا زۆر خۆیان لە کێشەکانی بە خاوەن ناکەن. کۆماری ئیسلامی کە لە تەواوی ساڵانی تەمەنی‌دا بە دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ سەرمایەگوزارانی دەرەوە بەتایبەت چین و ڕوسیە و ئورووپا هەوڵی‌دا کە بتوانێ بە بەخشینی سەرمایەیەکی زۆری ئێران پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی لە بواری دیپلۆماسی‌دا بەهێز بکا. لەم ساڵانەی دوایی دا بەسەرمایەدانانی بەربڵاو لە وڵاتانی پاشکەوتووی ئەفریقایی و باشووری ئەمریکا، بەدانی یارمەتیی‌دارایی چەند میلیارد دۆلاریی بێ بەهرەوزۆر جار بە خۆڕایی بە وڵاتانی هاوپەیمانی لە ناوچە وەک عیراق وسووریە و لوبنان و هتد، بە بەستنی ڕێککەوتننامەی زۆر قورس لەگەڵ هاوپەیمانانی چینی و ڕووسی، هەوڵی پاراستنی دۆستایەتیی ئەوان بە هەر نرخێک دەدا! ئەویش تەنیا بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوپەیمانەتییەکان و هاوردەکردنی کەرەسەی خاو و چەک وچۆڵی نیزامی و یارمەتی وەرگرتن بۆ تەواو کردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکەیانە! ئەمە نیشانە و بەرهەمی شکست و ناکامیی کۆماری ئیسلامی لە هەموو هەوڵە دیپلۆماسی‌یەکانی‌دایە.
بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایە، لاساری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵامنەدانەوە بە داواکارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئێرانی بەرەو تەریککەوتنەوەیەکی یەکجاری پاڵ پێوە نا. ئاکامی ئەم سیاسەتە لە چەند ساڵی ڕابردوو داسەپاندنی سزایەک لە دوای یەکەکانی بانکی، دارایی و پێشگرتن لە فرۆشی نەوت و هەنارده و هاوردەکردنی زۆر لە کالاکان بوون بە سەریاندا. ئێستا کە هاتنەخوارەوەی نرخی پووڵی ئێران و نەمانی کەرەسەی خاو بۆتە هۆی پەککەوتنی چەرخی ئابووری و بازرگانیی ئێران و داخرانی دەیان کارخانە و بێکاریی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و کەمبوونەوەی توانای دەوڵەت لە پێدانی حقووق و نەمانی زەخیرەی بانکی دەوڵەتیی لێکەوتۆتەوە بە جۆرێک کە گەڵاڵە پڕ هەراوهوریاکەیان واتە گەڵاڵەی یارانەکانیان هەڵوەشاندنەوە، ئیتر جێگەیەک بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان نەماوەو ئەو جار هەرکامیان بەجۆرێک دان بەشوێنەواری ئەو سزایانە دادەنێن. ئەمە لە حاڵێک دایە لە ساڵی داهاتوودا کە چاوەڕوانی سەپاندنی سزای زیاتر بە سەر کۆماری ئیسلامی دادەکرێ گرفتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دەبێتە گرفتێکی گەورە کە یەخەی کۆماری ئیسلامی‌دەگرێتەوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم هەلومەرجە ناسکەو لە چاوەڕوانیی ڕوودانی هەر ئەگەرێک کە بە دڵنیایی‌یەوە ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەبا، لێکنزیکبوونەوەی هەموو هێزەو لایەنە نیشتمانییەکان کە لە پێناوی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتدا وبۆ دەستەبەرکردنی تێکرای ماف و ئازادی‌یەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران تێدەکۆشن، لە هەموو کات زیاتر بە پیویست دەزانێ. گومان لەوە دانییە یەکگرتوویی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەتوانێ بۆ ڕووخانی یەکجاریی پەیکەری لەرزۆکی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدەست گەلانی ئەو وڵاتە گورزێکی کاریگەر بێ.

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!

ڕاستە دوای ۶۷ ساڵ لە دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردی، ئێستاش کورد نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ. بەڵام بەخۆشییەوە ئەوە زیاتر لە دوو دەیەیە کە لە ئەنجامی خۆڕاگری و خەباتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و بە دوای ئەو ئاڵۆگۆرە قووڵانەی ناوچەکەمانی گرتۆتەوە، زیاتر لە ۲۰ ساڵە باشووری کوردستان بە هۆی حکوومەتێکی کوردی‌یەوە بەڕێوە دەچێ وپ ێشکەوتنەکانی ئەم حکوومەتە لە بواری دیپلۆماسی، ئابووری، فەرهەنگی و پێشمەرگایەتی‌یەوە جێگەی سەرنجی هەموو لایەکە. ئەگەرچی بۆ جارێکی دیکەش شووینیزم و زیدەخوازیی هێندێک لایەنی عێراقی دیسان خەریکە دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەردەسکەوتە نەتەوەیی‌یەکانی کورد لەم پارچەیە لە کوردستان، بەڵام شک لەوە دانییە هەڵوێستی یەکگرتووانەی کورد بەرامبەر بەم هەڕەشانە لە هەلومەرجی سیاسیی ئێستای ناوچەدا دەتوانێ پاشەکشە بە هەر دوژمنکارییەک بکا و کۆمەڵێک دەسکەوتی دیکە بخاتە سەرخەرمانی دەسکەوتەکانیان.
لە باکووری کوردستانیش سەرەڕای زۆر کەندوکۆسپی گرینگ بەخۆشییەوە ئەمرۆ دەبینین پێگەی کورد فاکتەرێکی بە هێزە کە لە چارەسەری کێشە لە مێژینەکانی تورکیادا ناکرێ پشتگوێ بخرێ. پەیامی ئاشتەوایی بە مەسەلەی کورد و هەنگاونان بۆ دیالۆگ و چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگای ئاشتخوازانەدا , ، ئەو ڕەوتەیە کە دەتوانێ مژدەدەری چارەسەری کێشەکانی ئەم بەشە لە کوردستان لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردابێ. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیدارەکانی ئەم دوایی‌یانەی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ بەرێز ئوجەلان بە ئەرێنی چاولێ دەکا و پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکا کە لەخزمەت چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیە دابێت.
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای زیاتر لە ۳ دەیە خۆراگری لە بەرامبەر زۆرترین هێرش و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لاوازکردن و لە نێوبردنی حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەرامبەر دا خەباتی بێوچانی راستەقینە لە سەنگەری جۆراوجۆردا، ئەمڕۆ بەخۆشییەوە کورد گەیوەتە قۆناغێک لەژیانی خەباتگێرانە کە دەتوانێ بەبێ دوو دڵی بڕوانێتە داهاتوویەکی ڕوون. هەلومەرجێک کە کۆماری ئیسلامی تێیدا دەژی، لەداهاتوویەکی نزیکدا دەرفەتی پێویست دەرخەسێنێ هەتا خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی، ڕیزەکانیان زیاتر یەک بخەن و لە مەیدانی خەباتێکی بەربڵاودا بە هێز و توانایەکی زیاترەوە کار بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەگەشبینییەوە دەڕوانێتە داهاتوو، بەپێویست دەزانێ جارێکی دی وەبیر هەموو لایەک بێنێتەوە ئەم ئاوات و ئامانجانە دەستەبەر نابن ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەتوانن ڕێگەی هاوکاری و هاودەنگیی پێویست لە هەموو ئاستەکاندا بگرنەبەر. لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکاندا نوقم بووە، پێویستە پێگەی کورد چ لە نێو هێزە ئێرانییەکان و چ لە ناوچەدا لە هەمیشە قایمتر بێ بۆ ئەوەی ئەم گەلە بتوانێ دەرفەتەکان بە قازانجی پرسە ڕەواکەی خۆی بقۆزێتەوە. چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانیش لە هەمووان هەرئەوە دەخوازێ کە وەک پێویستییەکی ئەم سەردەمەی خەبات هەوڵی یەکگرتوویی و لانیکەم ساغ بوونەوە لە سەر بەرنامەی کاری هاوبەش لەهەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا بدرێ.

ئێمە جارێکی دیکە لە سەرپابەندبوونی خۆمان بەهاوکاری و هاودەنگیی هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدادەگرین و نەبوونی هاودەنگی، هاوکاری و یەکگرتوویی بە کەلێنێکی گەورە لە نێو ڕیزەکانی خەباتگێرانی کوردستان دا دەزانین. ئەم ئەرکە پێش هەمووان دەکەوێتە ئەستۆی دێموکراتەکان. هەر بۆیەچاوەڕوانیمان لە هاوڕێیانی پێشوومان ئەوەیە زیاترلەجاران و بەشێوەیەکی جیددیتر بە دەنگ بانگەوازی یەکیەتیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بێن.

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

خەڵکی خۆراگری کوردستان!

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا وەک هەمیشە پێبەندبوونی خۆی بە خەبات تا وەدیهێنانەوەی ئامانجی نەتەوەی کورد ئەویش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و فیدرالدا دووپات دەکاتەوە. باوەڕمان وایە هەر وەک خۆراگریمان کۆماری ئیسلامیی بەرەو کۆتایی ژیانی بردوە، درێژەی خەباتیشمان وەدیهێنانی ئامانجەکانمانی لێ دەکەوێتەوە.

پیرۆزبێ بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستان

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و درێژەدەری ڕێگا پڕشانازییەکەی کۆماری کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان دەفتەری سیاسی

کۆتایی بەفرانباری ١٣٩١ / ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری کوردستان و کورد

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٧ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە.

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!

٢ی ڕێبەندانی ئەم ساڵ ٦٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەلایەن پێشەوای مەزنی کورد، قازی محەممەدی نەمرەوە تێدەپەڕێ.

لەو ڕۆژەدا قۆناغێکی گرنگ و زێڕین لە مێژووی کورد دەست پێ دەکا و، لە ماوەیەکی کورتدا گەلێک دەسکەوتی بە نرخ بەدی هاتن کە زۆر دەوڵەت لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا بەدەستی نەهێناون. کۆمار ١١ مانگی زیاتر نەخایاند بەڵام لەو ١١ مانگەدا جگە لە دەسەکەوتە سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان لە بواری کۆمەڵایەتیشدا بە تایبەتی لە بواری مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە، گەلێک هەنگاوی بەکەڵک هەڵگیران و ڕوانگەیەکی نوێ بە قازانجی ژنان سەری هەڵدا.

یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان دامەزرانی دوو ڕێکخراوی سینفیی تایبەت بە ژنان و لاوان بوو کە هەنگاوێکی نوێ بوو لەو کاتەدا بۆ ئەوەی ڕێز لە کەسایەتیی ئەندامانی ئەو دوو توێژە کۆمەڵایەتییە بگیرێ و ڕێگا خۆش بکرێ بۆ ئەوەی بێنە نێو مەیدانی کارو تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. بۆیە بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەرزداری کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوا قازیە کە بنەماڵەکەی بەردی بناغەی ڕێکخراوی ژنانیان دانا. لە ژمارە٢٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤دا ئیشارە بە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان یان بە قەولی ئەو کات " حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان" کراوە. لەو ژمارەیەی " کوردستان" دا هاتوە: " ڕۆژی جومعە ٢٤ . ١٢ ـ ١٣٢٤ لەلایەن یای پێشەوای کوردستان لە ژمارەیەکی زۆر لە یایانی تێگەیشتووی کوردستانی گێرڕدرایەوە و لە ساتی ٣ی پاشنێوەڕۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوە و بە سەرۆکایەتیی یای پێشەوای کوردستان ( یای مینا ) حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژمارەیەکی زۆر لە یایان نێونووسیان کرد. " ئێستاش یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان خۆی بەقەرزداری بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانێ کە بە پشتیوانیی ئەم حیزبە دیفاع لە مافە ئینسانی و بنەڕەتییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا کە لەلایەن ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیەوە پێشێل دەکرێن.

بەڕێزان!

لە کاتێکدا جێژنی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەگرین، کە بەداخەوە کۆمەڵگای کورد لە فەزای لەدەستچوونی ٣ ژنە تێکۆشەری کوردی باکووری کوردستان دایە کە چەند ڕۆژ لەوەپێش بە دەستی تێرۆریست یان تێرۆریستانی نەناسراوەوە لە پاریس تێرۆرکران و شەهید بوون.
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئەم کردەوە دڕندە و تێرۆریستانەیە مەحکووم دەکا و هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری ئەو پۆلە شەهیدە دەردەبڕێ. بە هیواین هەرچی زووتر ئەو دەستانە بناسرێن کە لە پشت ئەو کارەساتە بوون و بە دەستی عەداڵت بسپێردرێن.

* بەرزو پیرۆز بێ یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان
* سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان
* وەدی بێن ئامانجەکانی کۆماری کوردستان.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

دوو شەممە, ٢١ ژانویری ٢٠١٣

ماڵپەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان

کۆمەڵانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان!

لاوانی تێکۆشەر و وڵاتپارێز!

٦٧ ساڵ پێش ئێستا، ئیرادەی نەتەوەیی و خولیای کپکراوی ڕەسەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دێرینترین نەتەوەی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی مۆدێڕن و دێموکڕاتیک واتە کۆماری کوردستان خۆی دەرخست. کۆمارێک کە هەم هەڵگری شوناسی مەدەنی بوو و هەمیش بە موبیلیزەکردنی توانای مرۆیی و هزریی هاووڵاتیانی نموونەیەکی بێهاوتای لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ چارەسەری پرسی نەتەوە ژێردەستەکان هێنا ئاراوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مۆدێلی کۆماری کوردستان بە گونجاوترین ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دەزانێ. هەر ئێستاکەش ئەگەرچی بە هۆی دەسەڵاتی دوگم و کۆنەپەرەستانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرفەتی تاقیکردنەوە و بەڕێوەبردنی ئەم مۆدێلە لە ئارادا نییە، بەڵام بە خۆشییەوە ڕەوتی ڕووداوەکان لە پارچەکانی تری کوردستان، موژدەی وەدیهاتنی مۆدێلی کۆماری کوردستان لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوامان پێدەبەخشێ.
ئاکامی کێشە و ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا و تەریک کەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری سیاسییەکانی بەغدا لە ئاست سیاسەتی جیهانی و بلۆک بەندی ناوچەیی نیشانەی سەرکەوتنی گوتاری سەردەمیانەی سیاسییەکانی هەولێر و نزیکبوونەوە لە ئاواتی لە مێژینەی کورد و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لەو بەشە لە کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکە. لە باکووری کوردستان پرۆسەی وتوویژ و ئاشتەوایی لە نێوان ڕێبەرانی شۆرشی کورد لەو بەشە لە کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا دیسان وەگەرکەوتۆتەوە و سەرەرای لەمپەڕ و ئاستەنگەکان و تەنانەت تێرۆری شۆرشگێرانی کورد و بەردەوامی شەر و پێکدادانەی چەکدارییەکان، هیوای گەیشتن بە خالی چارەسەری لە نێوان دیاربەکر و ئانکارا پتر لە هەر کاتێک بەدی دەکرێ. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کورد بە خۆشی یەوە تا رادەیەکی زۆر لە ئاگری شەری تایفی و خوێناوی خۆی بە دوور راگرتووە و بەڕێوەبەرییەکی خۆجەیی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئاراوە و هەوڵەکان بۆ یەکگرتووی زیاتر لە نێوان لایەنە سیاسییەکان درێژەی هەیە و دەسکەوتەکانی کورد لەو بەشە لە کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک کە دەسەڵاتی داهاتوو لە دیمەشق ناتوانێ بە ئاسانی قامیشلوو لە پەراوێز بخات.

بەڕێزان!

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە یەکێک لە بەنرخترین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانە، خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە شانبەشانی ڕێبوارانی ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، ٦٧ ساڵە بێ پسانەوە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی پێش خستووە و تا گەیشتن بە ڕۆژێک کە سەرلە نوێ کۆماری ئازاد و دێموکڕاتیک و مەدەنی کوردستان دابمەزرێنێ، لە تێکۆشان سڵ ناکاتەوە.

بەرزو پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان!

بەر و بەردەوام بێ خەباتی لاوانی خۆراگری کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزرێنەرانی کۆمار!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٢ی کوردی

ماڵپەری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## پەیامی ریکخراوەکانی لاوان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٧مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان.



ماڵپەری لاوان : خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لاوانی نیشتمانپەروەری هەر چوار پارچەی کوردستان

ئەورۆ ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢١ی ژانوییەی ٢٠١٣ی زایینیی ٦٧ ساڵ ،بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان کە پێتەختەکەی شاری نیشتمانپەروەر و خۆراگری مەهاباد بوو تێدەپەڕێ .لە ناخی دڵەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی ئێوی بەشدارانی هێژا و خەڵکی خوراگری کوردستان بەگشتی و لاوانی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی دەکەین. دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک نوختە گۆرانێک لە بزاڤی نەتەوەیی - دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان دا توانی لە گەلێک بواری بەرچاو و گرینگ دا هەنگاوی مەزن هەڵبگرێت و هەنوکەش پاش ٦٧ ساڵ بەشێکی زۆر لە بیر و ئەندێشە و پلان و بەرنامەکانی کۆمار وەکوو: دیموکراسی ، مافی نەتەویی ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافی ژنان و سیکۆلاریزم و..... بوونەتە هژمونی زاڵ بەسەر ناوچەکە و جیهان دا . ئەوەی لە مێژووی ١١ مانگ کار و تێکۆشانی کۆماردا جێگای سەرنج و تێرامانە بەشداری بەرچاوی کوردانی نیشتمانپەروەری کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستان بوو.کۆمار بووبە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی هێز و توانای کوردستان و کورد، مەرحووم مەلا مستەفای بارزانی (ژنراڵی کۆمار)و هاورێیانی لە باشووری نیشتمانەوە و ئەویندارانی ئاشتی و ئازادی لە باکوور و ڕۆژئاوای وڵاتەوە ، هەموو بە تێکرا لە ڕۆژهەڵاتی چاوی نیشتمانی وێرای بەستنی عەهد و پەیمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەگەڵ یەکەم سەرکۆماری کورد پێشەوا قازی محمدی ئەمر بە نەیارانی رەنگا و رەنگی نەتەوەکەمانیان راگەیاند کە کەس نەڵێ کورد مردووە ، کورد زیندووە ، زیندووە قەد نانەوێ ئالاکەمان. بیر و ئەندێشەی بەڕێوەبەرانی کۆمار بەگشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محمد بە تایبەتی زیاتر لە ٦٧ ساڵ لەو پێش بە دنیای سەلماند کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخوازە و لە هەردەرفەتێکدا کە بۆی بەرەخسێ ڕۆڵی مێحوەری دەبێ و یەکیەتیی و تەبایی و پێکەوە ژیانە و ئەزموونی حکومرانی حکوومەتی هەرێم و کوماری کوردستان نیشانەی ئەو راستیە حاشاهەڵنگرەیە. لەو دەرفەتە کەمەدا ناکرێ ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بکەین بەڵام بەگشتی دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بدەین کە توانییەتی باندۆر لە راستای بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەماندا دابنێت □ دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان □ خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی □ پەرەدان بە کلتوری نەتەوەیی و شانۆی کوردی □ پشتیوانی لە توێژەکانی کۆمەڵ وەک ژنان و لاوان و دامەزرانی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان پاش دامەزرانی کۆمار □ پەرەدان بە ئازادی قەڵەم و ئەندێشە و ڕۆژنامەگەری کوردی لە کۆتایی دا ئێمە ڕێکخراوەکانی لاوان لە هەرچوار پارچەی کوردستان کە لە دوهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاواندا ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانمان وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی ناساندوە ئاواتە خوازین سەرجەم خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێز و لایەنە سیاسیەکان بە تایبەتی وێرای بەرزراگرتنی ئامانجەکانی کۆمار بە یەکیەتیی و یەکریزی و تەبایی و برایەتی خەونی سەرجەم کوردستانیان کە دەستبەر بوونی مافە نەتەوەیەکانمان لە ٣ پارچە ئازیزەکەی تری کوردستان و گەرانەوەی کەرکوکی هەمیشە کوردستان و باقی ناوچەکان بۆ سەرحکومەتی هەرێمی کوردستانە.

بەرز و پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

بژی ئازادی بژی کوردستان و کورد - یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان - ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان - کوم جوان لە ئوروپا (کۆمکار) - لاوانی پارتی سوسیالیستی کوردستان - لاوانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریە-الپارتی - کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان - لاوانی پارتی ئازادی کوردی سوریە - لاوانی یەکیەتی دیموکراتی کورد لە سوریە - تەڤگەری لاوانی کوردستانی سوریە - یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق - یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات - ناوەندی لاوانی پێشرەو - لاوانی یەکیەتی دیموکراتی کوردستان - لاوانی یەکیەتیی شۆرشگێرانی کوردستان - ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران - یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی

ماڵپەری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

کوردستان میدیا: ئەم پەیامە لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان، لەلایەن بەڕێز "مستەفا هیجری"یەوە پێشکەش کراوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

ئامادە بوانی بەڕێز!




خوشک و برایانی خۆشەویست!

وەک هەموو لایەک ئاگادارن ٦٧ساڵ لەوە پێش لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا لە رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتێک کە هەڵومەرجی ناوچەیی و نێونەتەوەیی خولقاندبووی لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستانی بە سەرۆکایەتیی پێشەوای هەمیشە زیندوو، قازی محەممەد راگەیاند، ئەوە لە کاتێکدا بوو کەلە ٢٥ی گەلاوێژی هەمان ساڵ یانی چەند مانگ پێش راگەیاندنی کۆمار حیزبی دێمۆکرات بە سەرۆکایەتیی پێشەوا پێکهاتبوو. بێگومان پێکهاتنی حیزبی دێمۆکرات بۆ خۆی دەوری تایبەتی لە دامەزراندنی کۆماردا هەبوو.

کۆمار کەمتر لە ساڵێکی خایاند، بەڵام لەو ماوە کورتەدا سیاسەت و بەرنامە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمار بوون بە جێی هیوای کورد لە هەموو بەشەکاندا و لە راستیدا هەموو لایەک ئامادەی بەشداری و خزمەت کردن لە کۆماردا بوون، بەشداریی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفا کە فەرماندەی هێزەکانی کۆمار بوو، هەروەها سەردانی ژمارەیەک لە کوردەکانی کوردستانی تورکیە بۆ کۆمار ئەو راستییە دەسەلمێنن، هەر بۆیەش دەبینین دوای رووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و باقی رێبەرانی کۆمار، لە تەواوی ماوەی ٦٧ ساڵی رابردوودا لە هەر جێگا و کاتێکدا دەرفەتێک خولقا بێ گەلی کورد بۆنە و رێورەسمی بۆ پیرۆز کردنی ئەو یادە پێکهێناوە و سەرکوت و زەبر و زەنگی دیکتاتۆرەکان ئەو یاد و نوستالژیایەی بەهێز کردووە. شوێندانەریی کۆمار نەک هەر لەسەر تاکی کورد، بەڵکوو لەسەر بیگانەکانیش کە شارەزای مێژووی کۆمار و رووداوەکانی ئەو سەردەمەن بەرچاو بووە و مەزاری پێشەواش بووەتە زیارەتگای ئەویندارانی کۆمار و پێشەوا لە دوور و نێزیکەوە، لەو پێوەندییەدا ئیشارە بە دوو فاکت دەکەم:

- رۆزولت سەبارەت بە شوێندانەر بوونی کۆمار دەنوسێ: "پەیدابوون و گۆڕانی کۆماری بچووکی مەهاباد و مێژووی کورت و تۆفانییەکەی و لە نێوچوونی لە ناکاوی، یەکێک لە رووناکترین رووداوەکانی مێژووی تازەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە".
- ویلیام دوگلاس دەڵێ پیاو "حەق بڵێ گۆڕی قازی محەممەد زیارتگەیە کە هەموو حەوتوویەک سەدان کورد رووی تێدەکەن"، ئەو دەگێڕێتەوە: لاوێکی کورد بە خۆی و ژنەکەیەوە بە ڕێگایەکدا دەرۆیشتن کە دار و درەخت سێبەریان لێ کردبوو، پیاوەکە سواری گوێدرێژێک بوو، ژنەکەش بە سەر و رووخۆشی لە تەنیشتییەوە دەرۆیشت، سڵاومان لە یەکتر کرد و لێم پرسی:

خەڵکی کوێی؟ وڵامی دامەوە خەڵکی جێگایەکی دوورم لە شیمال نێزیک خۆی لێرە چ دەکەن؟

وڵامی دامەوە: "ئێمە کوردین، دەچینە زیارەت بۆ سەر گلکۆی قازی محەممەد". دوگلاس لە درێژەدا دەنووسێ: لە دەنگیدا، رق و ئامادەیی بۆ بەربەرەکانی دەر دەکەوت. هەروەها لە چاوەکان و خەنجەرەکەی بەرپشتێنیدا دیار بوو، کە هەرکەس ڕێگای ئەو سەفەرەی پێبگرێ بەگژیدا دەچێتەوە.

بەڕێزان!

رووداوە مێژوویی و چارەنووس‌سازەکان لە بیرەوەریی تاکەکانی هەر نەتەوەیەکدا دەبنە سەرچاوە و وزەی شوناس‌بەخش بۆ ژیانی سەربەخۆیی ئەو نەتەوە و لە لایەکی دیکەوە دروست بوونی هەستی شانازی و سەربەرزی لە نێوان تاکەکان بەهۆی پەیوەست بوونیانەوە بەو نەتەوە تایبەتەوە.

٢ی رێبەندان و دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش بووەتە ئەو سەرچاوە ناسنامەبەخشە بۆ مرۆڤی کورد (نەک لە رۆژهەڵات بەڵکوو لە پارچەکانی‌تری کوردستانیش)، ٢ی رێبەندان تەنیا رووداوێکی ئاسایی نەبوو، ئەوەی ئەم رۆژ و ئەو رووداوە، لە بۆنە نەتەوەیی‌یەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و گرینگی و بایەخی تایبەتی پێ دەبەخشێت، خۆی لە کۆمەڵێک کاریگەری و شوێندانەری لە دامەزراندنی ئەم کۆمارە و لە هزر و بیرەوەریی هاوبەشی تاکەکانی نەتەوەی کورددا دەبینێتەوە، کە هەتا ئەمڕۆش بوون و حوزووری خۆیان بە شێواز و فۆرمی جۆراوجۆر لە مانای کردەوە سیاسییەکانی تاک و حیزب و لایەنە کوردییەکاندا دەردەخا. تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی، یان تیۆریک و دوور لە هەست و سۆزی کوردانەش ئاوڕێک لە ٢ی رێبەندان بدەینەوە، دیسانەوە ئەم گرینگییەمان بۆ دەردەکەوێت.

بۆ نموونە کاتێک کە ئاوڕێک لە ماناکانی نەتەوە بوونی، "نەتەوەی فەڕانسی" دەدەینەوە، کۆمار یان "جمهوری و جمهوریەت" دەبێتە کۆڵەکەی یەکگرتوویی و بیرەوەرییە مۆدێرن و هاوبەشەکانیان، هەر وایە رۆڵی پاشایەتی لە بریتانیا و شانازییەکانی بۆ "نەتەوەی بریتانی".

کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار لە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ، لە هەست بە ژێردەستەیی و مرۆڤی پلە دووهەم بوون لە لای تاکی کوردەوە دەبێتە هەوێنێک بۆ دووبارە زیندوو بوونەوەی یەکێک لە بنەماکانی بونیات نانی کەسایەتیی تاک و نەتەوەی کورد بە دروست بوونی قەوارەیەکی بەڕێوە بردن و حوکمرانی مۆدێرن کەلە چوارچێوەی سیاسەت بە مانا مۆدێرنەکەیدا لە کۆماری کوردستان بەرجەستە دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە کورد بەتایبەت لەم بەشەی کوردستاندا، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی مۆدێرن و یان هاوچەرخدا، جەوهەری هەوڵ و داواکارییەکانی "سیاسین"، نەک ئابووری، کولتووری یان لە هەموویان گرینگتر "ئایینی" بۆیە نابێتە بەشێک لە ململانێی ئایینی و مەزهەبی، بەڵکوو "نەتەوە و دەسەڵاتی نەتەوە" لە ڕێگەی ئامرازە مۆدێرنەکانەوە کە "حکوومەت و دەسەڵاتداریەتییە" لە کۆماردا فۆرم دەگرێت.

خاڵێکی‌تر ئەوەیە کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەو کۆمەڵگە خەیاڵییەی کە زۆر لە پێش کۆمارەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا فیداکاری بۆ کراوە لە ئەرزی واقیعدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک دام و دەزگا و دامەزراوەوە، فۆرمێکی عەینی (واقعی) وەردەگرێت و لێرەوە هەر دوو رەهەندی (subjective زهنی) و(objective عینی) پێکەوە گرێ دەدرێن و لە کۆماری کوردستاندا نموود پەیدا دەکەن. تاکی کورد دەبێتە خاوەن شوناسێکی فەرمی نەتەوەیی و "کۆمار" دەبێتە سەرچاوەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم شوناسە.

یەکێک لە بەرهەمە گرنیگەکانی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی تاکوو ئێستاش، "مرۆڤی کورد" دەرک بەو راستییە بکات کە تەنیا لە ڕێگەی بەدەستەوە گرتنی "چارەنووسی خۆی" و

پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی و حوکمڕانییەکی مۆدێرنەوە، دەتوانێت مافە تاک و کۆیە نەتەوەیی‌یەکانی بپارێزێت و موومارسەی ئەو مانایانە بکات، بۆیەش کۆمار بۆوەتە سەرچاوەیەکی "مانایی" بۆ شوناس پێدان "بە" کرداری سیاسیی کورد بۆ دروست بوونی دەسەڵاتداریەتی و حوکمڕانی خۆی و دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتی و بە هاونیشتمانیی پلە ٢ بە ئەژمار هاتن. بەم چەشنە ئیرادەی تاکی کورد لە ڕێگەی دامەزراوەی نەتەوەیی (کۆمار) دەبێتە بنەمای "ئازادی" و ئەم ئازادییەش دەبێتە سەرچاوەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی مرۆڤی کورد، لێرەدا ئازادی و ناسیۆنالیزم پێکەوە گرێ دەدرێت و دەبێتە بەشێک لە هوییەت یان شوناسی مرۆڤی کورد.

خاڵێکی‌تری گرینگ ئەوەیە کە نوخبەکانی کورد هەست بەوە دەکەن کە دەبێت لە هەموو بوار و ئاستەکانەوە، بەرەو "مۆدێرن بوون" هەنگاو بنێن. بۆیە دەبینین کە کۆمار لە ڕێگەی بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە و عەقلانییەت کە "حیزب" لە لایەک و بەڕێوەبردن و "بیرۆکراسی" و لە لایەکی‌ترەوە هەوڵی دەست پێکردن بە پرۆسەی "مۆدێرنیزاسیۆن" (بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە و بەپێی توانا و ئیمکانیاتی) دەدات، لە بوارەکانی سیاسییەوە هەوڵی: دروست کردنی ئیدارە و بیرۆکراسی و ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوە بردن و کاری حیزبی، ڕێکخراوەی و ... دەدات، ئەوەی کە لەو کۆمارەدا سەرکۆمار کەسایەتی یەکەمی حیزبی دێموکراتە لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمار دەبێتە هۆکاری ڕەخساندنی دەرفەتێک (کە هەرچەند سەرەتاییش بێ) بۆ دووبارە بونیات نانەوەی کۆمەڵگای نوێی کوردستان بە گۆڕینی پێکهاتەی عەشایری و خێلەکییەکەی و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای "هاووڵاتی بوون" کە یەکێک لە حەیاتی‌ترین و گرینگ‌ترین بەرهەمەکانی کۆمارە کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. لێرەوەیە کە چەمکی "هاووڵاتی بوون" لە جیهانی مۆدێرندا بۆ تاکی کورد بە هۆی پەیوەست بوون بە "نەتەوە" لە دایک دەبێت، بەبێ گوێ دان بە رەگەز، چین، تایفە، شوێن، ئاستی دارایی، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، ئەمەش رەگەزێکی شوێندانەرە لە "پرۆژەی ناسیۆنالیزم" و بەرجەستە بوونی لە "دەوڵەت ـ نەتەوە"دا، کە بە فۆرمێکی‌تر لە "کۆماری کوردستان"دا بەرە و بەرجەستە بوون دەچێ و کاریگەریی قووڵی لەسەر سایکۆلۆژیی تاکی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە جێی دێڵێت، بە جۆرێک کە ئێمە ئاسەوارەکانی دەتوانین ئەمڕۆش لەسەر تاکی کوردی ئەو بەشە ببینین.

لە رووی کولتوورییەوە کۆمار بە پەروەردەی نوێ و سەردەمیانە دەرفەتی مۆدێرنیزاسیۆنی فەرهەنگی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە رەخساند، ئێمە ئەوە لە چاپی کتێبی کوردی، راکێشانی منداڵان بۆ خوێندن، هەوڵدان بۆ ریشەکێش کردنی نەخوێندەواری و بەشداری کردنی چالاکانەی ژنان لە کۆمەڵگەدا بە روونی دەبینن.

بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی دیکە کۆمارە، کە دەبێتە واتادار بوونی ئەم پرۆژە نەتەوەییە و کۆڵەکەی سەرەکی گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد لەو پارچەیەدا کە، بەپێی هەموو تیۆری و روانگە زانستییەکان، لەمەو بەدوا لەژێر شوێندانەری ئەو واتایەوە رەفتاری تاکەکان یان بابەتەکان "مانا" پەیدا دەکەن و "شۆناسێک"ی کوردی وەردەگرن، کە ئەوە لە جەوهەری خۆیدا هەنگاوێکی جیدییە بۆ بونیات نانی نەتەوە (بە مانا مۆدێرنەکەی).

خاڵێکی دیکەی کۆماری کوردستان، درووست بوونی ئەو شوناسە مۆدێرنە کوردی، یان (کوردستانییە) کە بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی رەخساو سنووری (ئەوی‌تر)ی دیاری کرد و خۆی پێ پێناسە کرد، واتە (خود) و (ئەوی‌تر) و پێناسەیەک کە لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان بە تایبەت لەگەڵ نەتەوەی (تورکی ئازەربایجانی) پێکهات.

بەگشتی هێماکانی گوتاری یەکگرتووی نەتەوە لە کۆماردا لە زمانی فەرمی، ئاڵا و سروودی نەتەوەیی، هێزی پێشمەرگە و دێموکراسیخوازیدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها کۆمار هەوڵ دەدات کە کۆمەڵگەی کوردی لە (جماعت community) بگوازێتەوە بۆ (جامعە/ کۆمەڵ society) لە ڕێگەی بیرۆکراسی و ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێرن کە بە حیزب بوونە، لێرەوە دەوری حیزبی سیاسی بەرجەستە دەبێت و بەپێی تیۆرییەکانی گوتار (دیسکۆرس) سازییەوە، مەفسەل بەندی "گۆتاری نەتەوەیی" کامڵ دەبێت و کۆماری کوردستان دەتوانێت، مانایەکی روون و گشتگیر لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای "کورد بوون و شوناسی کوردی" بە دەستەوە بدا، واتە دەسەڵاتی کوردی و کۆمار، هێژمۆنی پەیدا دەکات و "سەقامگیرییەکی مانایی" بۆ هەموو بوار و دیاردە و رەفتارەکان لە چوارچێوەی "گوتاری نەتەوەیی" دروست دەبێت و گوتاری ئێرانی بە مانای فارس، لەق دەکات و بەم شێوەیە پێکهاتەشکێنی گوتاری فەرمی ئێرانی دەکات.

نوخبە سیاسی و نەتەوەیی‌یەکان لەو سەردەم و هەلومەرجەدا، بە خوێندنەوەی واقیعی نێودەوڵەتی و دابەش بوونی هێز لە پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتیدا، سوودیان وەرگرت و ئەم کۆمارەیان دامەزراند، لە ئێستاشدا بە جۆر و فۆرمێکی‌تر پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی، یان لانیکەم رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕاوە و هێشتا شکڵ و فۆرمی سابتی وەرنەگرتووە و ئەمەش دەرفەتە بۆ ئێمەی کورد و ئەحزاب و رووناکبیران و ... لەم شەپۆلەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووتەوە و لە لایەکی‌تر، لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمی "بەجیهانی بوون" و ئامرازە مۆدێرنەکانی تەکنۆلۆژی و راگەیاندن و پێوەندی و بەگشتی "هێزی نەرم" کەڵک وەربگرین. ئەوەش یەکێکی دیکە لە ئەزموون یان دەرسەکانی کۆمار بۆ ئێمەی کورد و حیزبەکان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو:

بەڵام دەرسێکی" رووخانی کۆمار" ئەوەیەکە بەبێ دروست بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێران کە ڕێز لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنەماکان دێمۆکراسی بگرێت، ئەو بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا ناتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات، بۆیە دروشمی (بنیات نانی ئێرانێکی دێموکراتێکی فیدراڵ) ئەو خوێندنەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵی گرتووە و لە پێناویدا خەبات دەکا، خەباتێک لە دوو بەرەدا:

ـ لە لایەک چەسپاندن و مسۆگەر کردنی دیاری کردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران بە یارمەتی هەموو نەتەوەکان.

ـ لە لایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ بەشداری لە بونیات نانەوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ.

خۆشەویستان!

ئێمە رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات شانازی دەکەین کە دوای ٦٧ ساڵ لە رووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوای سەربەرزی کورد و باقی کەسایەتییەکانی ئەو کۆمارە، بە پێشکەش کردنی هەزاران رۆڵەی نیشتمانپەروەر و قارەمان کەلە رێزی ئەواندا رێبەرانی هەڵکەوتووی وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەبینرێن لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروا ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ وەدەست هێنانەوەی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانین و هەوراز و نشێوە سەختەکانی ئەو ڕێگایە بۆ ساتێکیش گۆمانی لە دڵماندا پێک نەهێناوە.

سڵاوی گەرم و نیشتمانپەروەریمان پێشکەش بە هەموو ئەو شەهید و کەمەندام و دوورە وڵاتانە بێ کە درێژەدەری ئەو ڕێگایە بوون و بە کۆڵنەدانیان خەون و خەیاڵی ڕێژیمە سەرکوتکەرەکانیان پووچەڵ کردووەتەوە.

سڵاو لە هەموو زیندانیانی سیاسی کورد بە تایبەت ئەو رۆڵە قارەمان و چاونەترسانەی ڕێبازی کۆمار کە ئێستا بە تاوانی کورد بوون و وەفاداری بە ڕێبازی پێشەوا و حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زیندانە بەدناوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون.

سڵاو و سپاسی دووبارە بۆ ئێوەی خۆشەویست کە بە ئامادە بوونتان، ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیەتان رازاندەوە و بە دوژمنی نەتەوەکەمانتان نیشان دا کە ئەگەر لە مەهاباد پێتەختی خوێناوی و سەربەرزی

کۆماردا، خەڵکی مهاباد و باقی شارەکانی کوردستان لە بەر زەبر و زەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیان پێ نادریت لە مەیدانی چوارچرا بە ئاشکرا یادی کۆمارە ساواکەیان بکەنەوە لە هەولێر پێتەختی بەشێکی دیکەی کوردستان و لە هۆڵی پێشەوا و بە بەشداریی کوردەکانی هەموو پارچەکان ئەو یادە بەرز ڕادەگیرێ و سنوورەکان و زۆرداری دیکتاتورەکان ناتوانی هیچ شتێک لەو ڕاستییە بگۆڕی کە کورد یەک نەتەوە و کوردستان یەک خاکە.

بەرزو پیرۆز بێ یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان

هەر شەکاوە بێ ئاڵای کۆمار لە سەرتاسەری خاکی کوردستان

کوردستان میدیا

## ٢ی ڕێبەندان شەست و حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز و بەرێز بێ

خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان!

٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ی کۆچی خۆری، بە هەوڵی پێشەوا قازی موحەممەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد کۆماری کوردستان بوونی خۆی ڕاگەیاند و خۆشی و شادی خستە ناو دڵی هەموو تاکێکی کورد. ٦٧ ساڵ لەمەوبەر لەئەنجامی گۆرانکارییە ناوچەیی و نیودەوڵەتیەکان بۆشاییێک لە سیستەمی دەسەڵاتداریەتی وەڵاتی ئێران دروست بوو کە گەلی کورد بە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە خەونی مێژوویی ....
خۆی بۆ پێکهینانی حکومەت و دەستبەر کردنی ئازادی و مافی خۆبەڕێوەبەریی بەدەست هێنا. پێکهێنانی کۆماری کوردستان لەو کاتەدا بە لەبەرچاو گرتنی مێژووی پڕ لە نەهامەتی و بێ مافیەکانی خەڵکی کوردستان و سەپاندنی دەسەڵاتی زاڵمانەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان، ڕووداوێکی مێژوویی و نوقتە گۆرانێک لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دێتە ئەژمار. تێنوویەتی بۆ ئازادی و خەباتی چەندین ساڵەی خەڵکی کورد بۆ ڕزگاری و مافی سەرەتایی ومرۆیی بۆ دانیشتوانی کورد لەچوارچێوەی سنوورەکانی کوماری کوردستان هاتە دی و دەرفەتێک بۆ هاتنەدی هەموو ئامانجە لەمێژینەکانی کورد ڕەخسا، بەخۆشیەوە لەماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا,شێوەییکی باش لە ئەزموونی دەسەڵاتداری بەڕێوەچوو، سەرەرای ئەوەی کوّماری کوردستان,ماوەی ١١ مانگ تەمەنی کرد، بەڵام بە ووشیاری و ژیری و تێگەیشتوویی بەڕێوەبەرانی کۆمارو بەتایبەتی کەسایەتی ئازادیخوازانەی قازی محەممەد گەلێک دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخ لەکارنامەی کاری کۆمار تۆمار کرا . کۆماری کوردستان سەرەرای ئەوەی کە بێ کەم و کوری و هەڵە نەبوو، بەڵام بە گشتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەمەو وەک یەکێک لەئەزموونەسەرتایییەکانی کورد لە حکومەتداریدا، دەتواندرێ بە ئەزموونێکی باش لە جۆری خۆی بزاندرێ و شانازی پێوەبکرێ و ئەزموونی لێوەربگیردرێ...
گەورەترین کەم و کوری کۆمار کە بەداخەوە بوو بە هۆی لەناوچوونی ئەزموونەکەش پشت ئەستووری بە سیاسەتی فریوکارانەی یەکێتی سۆڤیەت و پشت گوێ خستنی فاکتۆرە گرینگەکانی تری ناوخۆیی و نێوەوڵەتی بوو. یەکێتی سۆڤیەت بە هۆی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بەلێنی چۆلکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی ئێران پشتی لە کۆماری کوردستان کرد و لەراستی دا لەبری چەندین ڕێکەوتننامەی ئابووری کۆمار بوو بە لایەنێکی موعامەلەکە و پێش کەش بە دژمنانی کۆمار کران.
لەدوای ٦٧ ساڵ گەلی کورد هەروا سوور و پێداگرە لەسەر دەستبەرکرانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و هیچ پیلانێکی نیودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی و هیچ زەبر و زەنگ و سەرکووت و جینایەتێک ناتوانێ پێش بەو خولیا و ئامانجە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگرێ. جێگەی سەرنجە کە ئەمرۆ خەباتی کورد پێش کەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە و ووشیاری سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستان یەکجار زۆر بەرەوسەر هەڵکشاوە و ئەو ئیرادەیەی خوڵقێنەری ئەزموونی کۆماری کوردستان بوو گەرمتر و بە تەوژمتر لەرابردوو بوونی هەیە. سەرەرای ئەوەش رژیمی دیکتاتۆر و دژە کوردی ئاخوندی زیاتر لە هەر کاتێکی تر تووشی شکست و دارمان بووە و ئەوەی پێویستە بکرێ یەکگرتووی و یەکریزی گشتی بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتە نگریسەیە.
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە ساڵیادی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان سڵاو و درود دەنێرێ بۆ سەرجەم شەهیدانی کۆمار و دوای کۆمار و هەروەها درو دەنێرێ بۆ ڕوحی پاکی پیشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان. ئومێد دەخوازین بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانمان ڕەوتی خەبات بۆ ئازادی گەلەکەمان پێش بخەین و سێبەری دەسەڵاتدارانی ئاخوندی ئێران نەمێنێ و ئازادی و ئاشتی باڵ بکێشێ بە سەر کوردستاندا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

١ی ڕێبەندانی ١٣٩١

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی PAK بە بۆنەی ٦٧ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان

سڵاو لە ڕۆژی بەدەوڵەتبوونی کورد

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

کوردستانییە وڵاتپارێزەکان!

تێکۆشەرانی ڕێگای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان!

٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٢ کوردی، ٢١ ژانوییەی ٢٠١٣ زایینی، ٦٧ ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستاندا، ڕادەبرێ.

٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا، گۆڕەپانی چوارچرای شاری مهاباد بووە مەکۆی بڕیارێکی مێژوویی نەتەوەی کورد. ئەو ڕۆژە، ڕۆڵەکانی کوردستانی ئازاد، لە میتینگێکی جەماوەرییدا لە چەشنی ڕێفراندۆمێک، بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەممەد و "زەعیمی شۆرشی بارزان" و خەباتگێڕانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەوڵەتی جمهوری کوردستانیان ڕاگەیاند. پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقێکی مێژوویدا ئاماژەی بە جوغرافیای کوردستان، خەباتی نەتەوەی کورد، میرنشینەکانی کورد و وەدەسهێنانی "استقلال و آزادی نەتەوەی کورد" کرد.

هەروەها وەک سەرۆک کۆمار، سوێندی خوارد کە: "تا ئاخر هەناسە و ئاخر تنۆکی خوێن، بەگیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا"تێبکۆشێ. پێشەوای کورد لەو نوتق و سوێندەدا لە حاڵێکدا کلیل واژەی وتەکانی حکومەت و نەتەوە و ئیستیقلال و ئازادیی و زمانی کوردی یە، بە تاکە وشەیەکیش، مانەوە لە چوارچێوەی ئێران و بە ئێرانی پێناسە کردنی کوردی بە زماندا نایە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان هێمای سوور بوونی کورد لەسەر ئەستاندنی ئازادی و وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی بوو؛ پچڕاندنی ئەو کۆت و بەندە بوو خرابووە ملی و ڕەتکردنەوەی لکاندنی زۆردارەکیی خۆی و خاکی بە دەوڵەتی ئێران و هەڵتەکاندنی ئەو تەرتیباتە سیاسییە بوو کە لە دوای کۆتایی شەڕی چاڵدێران و شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بەسەر کورددا سەپێندرابوو.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان، دەریخست کە کورد بە سەرکوت و زەبروزەنگ و تێرۆر و هەڵواسینی سەرکردەکانی، لە ئامانجی ڕزگاریی یەکجاریی و بەدەوڵەتبوون دەسهەڵناگرێ و هەر دەبێ وەدیی بێنێ. کۆماری کوردستان وەدیهاتنی ئاواتەکانی حەزرەتی خانی و حاجی قادری کۆیی و بەری خەباتی دوور درێژی کورد و ڕەنج و خوێنی سەرکردە مێژوویییەکانی: میربەدرخان، شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، شێخ عەبدوسەلام بارزانی، شێخ سەعیدی پیران، سەیدڕەزای دەرسیم، سمایل ئاغای سمکۆی و مەلیکی کوردستان شێخ مەحمود و هەڵۆکەی ئارارات ژێنێراڵ ئیحسان نووری پاشا بوو لەو هەلومەرجە هەڵکەوتووە نێودەوڵەتی و هەرێمییەدا.

بەدامەزراندنی جمهوری کوردستان، نەتەوەی کورد لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا بووە خاوەن سەرەوەریی سیاسیی و دەوڵەتێکی مۆدێڕنی نەتەوەیی بنیات نا.

دەوڵەتی جمهوری کوردستان متمانە و باوەڕبەخۆ بوونی بۆ مرۆڤی کورد گەڕاندەوە، نیشانە و هێما سیاسی و کولتورییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری لە کوردستانی ئازاد سڕییەوە، کوردی کردە خاوەن ئاڵا و سروودی نیشتمانیی و ئەرتەشی تایبەت بە خۆی؛ ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێو خەڵک و خێڵەکان بەرەو نەمان برد؛ زمانی بە زۆر سەپاوی فارسی لە خوێندن و خوێندنگاکان هەڵگرت؛ زمانی کوردیی فەرمیی کرد؛ ڕەێنی بە خوێندن و خوێندەواری دا؛ چاپخانە و ڕادیۆ و سینەما و شانۆ و کتێبخانەی نەتەوایەتی دامەزراند؛ لەگەڵ دەوڵەتان کەوتە وتووێژی ڕاستەوخۆی سیاسی و مامەڵەی ئابووریی؛ ڕۆژنامە و کۆواری کوردی لەدایکبوون و فەرهەنگ و وێژەی نەتەوەیی قۆناخێکی پڕشنگداری بەخۆوە دیت. بێجگە لەوانەش، ژنان مافی بەشداریی لە ژیانی سیاسیی و پێکهێنانی ڕێکخراوەی تایبەت بەخۆیان دەسکەوت، کەمایەتییە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبییەکانی ناوچەکانی بەرفەرمانی کۆمار وەک هاونیشتمانیی یەکسان لەگەڵ کورد هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کرا و لەگەڵ کۆماری ئازەربایجانیشدا پەیمانی هاوکاریی دراوسێتی بەسترا.

کۆماری کوردستان لە هەرێمێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا، بەڵام ئامانج و ئاواتی هەموو کوردی لەخۆ گرتبوو. کۆمار بە تەما بوو، پڕشنگی ڕووناکییەکەی بگاتە هەموو پارچە و بەشەکانی نیشتمانی داگیر کراو. هەر بۆیە ببووە هێمای یەکبوونی نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی کورد لە پارچەکانی دیکەی نیشتمانەوە بە پیر و هانایەوە هاتن و کۆماریش باوەشی بۆ ئاواڵە کردن.

هەموو ئەو دەسکەوتانە تەنیا لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی دەوڵەتی جمهوری کوردستاندا وەدیهاتن؛ ماوەیەک کە بۆ خۆڕێکخستن و خۆ بەڕێوەبردنی نەتەوەیەک تەنیا چرکەیەک لە مێژوو دەژمێردرێ؛ ئەوەش لە کردن نەدەهات ئەگەر ژیریی و دڵسۆزیی گەورە سەرکردەیەکی وەک پێشەوا قازی محەمەد نەبایە.

بەمجۆرە لە ژینگە و پێکهاتەیەکی کشتووکاڵی و خێڵەکییدا، کۆماری کوردستان ڕەشماڵی دەوڵەتی مۆدێڕنی نەتەوەیی و سیستەمی دیمۆکراسیی هەڵدا و وەک چرایەک لە تاریکستانی دیکتاتۆریی شاهەنشاهی ئێران و تووتالیتاریزمی ناوچەکەدا، درەوشایەوە .

بەڵام مخابن، کۆماری کوردستان بوو بە قوربانیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و سیاسەتی جیهانی و سات و سەوداکانی ڕێژیمی داگیرکەری تاران لەگەڵ ئوردوگای فرت و فێڵی ستالینی. ئاستی توانای کوردیش نەیتوانی هاوکێشەکان بە قازانجی خۆی ڕابگرێ و پیلان و تەون و بەستە سیاسییەکان پووچەڵ بکاتەوە. سەرەنجام کۆمار ڕووخا؛ سەرۆک کۆمار و ژمارەیەک لە باشترین کاربەدەست و ئەفسەرانی کۆمار لە مهاباد و بۆکان و سەقز لە لایان ڕێژیمی شا و ٤ ئەفسەرەکەی هەیئەتی ئازادییش، لە عێراق لە سێدارە دران. خەباتگێڕانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ماڵیان لێتێکچوو و پەڕەوازە بوون.

ڕووخانی کۆماری کوردستان گورزێکی کاریگەری سیاسی و سایکۆلۆژی بوو لە کورد و ئاکام و خەساری گەورە و گرانی بۆ بە دواداهات. بەم کەوتنە، دەسەڵات و سەروەریی سیاسی کورد شکستی هێنا و هەموو دەسکەوتەکانی لە کیسچوون.

بێجگە لەوەش بزووتنەوەی سیاسی کورد، لە ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی ترازا و ئامانجی ڕوونی "استقلال و آزادی" لە نەتەوەیەک لێڵ بوو؛ ئێرانچێتی و ئایدۆلۆژیای بێگانە ترنجێنرایە نێو بزووتنەوەی کورد و ئەو بنەما فکرییانەی کۆمارییان لە سەر بنیات نرا، کرچ و کاڵ بوونەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە "ئێرانی" کرا. لەو ساوە ڕێڕەوی خەبات لە پێناو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، گۆڕا بە حەولێکی بێئاکام بەڵام پڕ خەرج و قوربانیی لە ڕێگای دێموکراتیزە کردنی ئێران، لە جێی "استقلال و آزادی"یەکەی قازی محەمەد کە لە مێژوو و ئازارەکانی کوردی هەڵگوێستبوو، "دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بۆ کوردی داگیرکراو، لە حیزبی توودەی ئێران وەرگیرا.

بەو حاڵەوە و سەرەڕای ئەو نسکۆیە، هەرگیز ئەو چرایەی لە چوارچرا هەڵکرا لەدڵی ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی ئەم نەتەوەیەدا نەکوژایەوە؛ تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان لە دۆخ و قۆناخی جۆراوجۆر و هەرجارەی لە پارچەیەکی نیشتماندا ئاڵای خەباتیان هەڵکردەوە. وا ئێستا پاش تێپەڕینی ٦٦ ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستاندا، کورد لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا خاوەن حکومەت و پارلمانە و بەشێک لە هێما و سیمبۆلەکانی ئەو کۆمارەی بۆ گوێزراوەتەوە.ڕۆژاوای کوردستان لە هێز و دام و دەزگای دەوڵەتی داگیرکەری سووریا ئازاد بووە، ئاڵای کوردستانی لێ دەشەکێتەوە و منداڵانی کورد بەیانان سروودی ئەی ڕەقیب دەچڕن.لە پارچە داگیرکراوەکانیشدا خەباتی کوردایەتی لە سەدان خانەی ژیاندا لە جووڵەدایە.

لەم بۆنە مێژووییەدا، پارتی ئازادیی کوردستان، وەک هێزێکی نەتەوەیی و ڕێبوارێکی شێلگیری ئامانجەکانی کۆمار و ئاواتەکانی پێشەوا، لەسەر گەڕانەوە بۆ بنەما فکرییەکانی دامەزراندنی کۆمار و ئەو ڕێفراندۆمەی کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووی ڕێبەندان دا بەڕێوەچوو و دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان پێدادەگرێتەوە.

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

ڕێبوارانی ڕێگای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان!

ئێمە لە کاتێکدا ٦٧ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان یاد دەکەینەوە کە گووتاری بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەر دوو جەمسەر دا دابەش بووە.
جەمسەری یەکەم کە زۆربەی پێکهێناوە، هەموو ئەو حیزبە سیاسیانەن کە سەرەڕای جیاوازیی و ناکۆکییەکانیان، خۆیان بە پابەندی"یەکێتی ئێران" دەزانن، کاری سیاسیی خۆیان لە سەر بنەمای دێموکراتیزە کردنی دەوڵەتی ڕەزا شایی ئێران داناوە و لەم ڕێگایەشدا چەنە لێدان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی فارس لە گرینگترین پرۆژەکانیانە؛ بۆ پاراستنی تەواویەتی خاک و تێکنەچوونی یەکێتی ئێران، فیدرالیزم دروشمیانە و چەمکێک بە ناوی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوونی کورد لە دەزگای فکری و سیاسییاندا نییە و لە سەر ئەم بنەمایانە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان دۆزیەوەتەوە. ئەدەبیاتی سیاسیی ئەم جەمسەرە، ناشەفاف، دوو فاقی و تەژی لە پارادۆکسە: ڕوو لە ناوخۆ جۆرێک، ڕوو لە خەڵکی کوردستان جۆرێک، ڕوو لە فارسەکان جۆرێک، ڕوو لە جیهانی دەرەوە جۆرێکی دیکەیە.
جەمسەری دووهەم کەلە کەمایەتیدایە و بە پێچەوانەی شەپۆلی باو لە خەباتدایە، پارتی ئازادیی کوردستانە کە ستراتیژی دێموکراتیزە کردنی ئێران بە تراویلکە و بە هەدەر دانی هێز و وزەی کورد دادەنێ، لە سەر بنەمای ستراتیژی سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی کوردستان خەبات دەکا، دروشمی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستانی هەڵگرتووە و یەکێتی و هاوپەیمانی کوردستانی لە لایەک و هاوپەیمانی ل گەڵ نەتەوە بندەستەکانی ئێران بۆ بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ هەمووان لە پرۆژە سیاسییە سەرەکییەکانیەتی.لە باسی چەمکی دێموکراسی و دێموکراتیزە کردندا، پەرژین و هێڵی جیاکەرەوەی خۆی لەگەڵ ئەوان هەیە. ئەم جەمسەرە دێموکراسی و دێموکراتیزە بوون لە گرەوەی گۆڕانی ژێئۆپۆلیتیکی و هەڵوەشانەوەی ئەو سنوورانە دەزانێ کە بە بێ ڕەزامەندیی کورد، کوردستانیان پێوە لکێندراوە. ئەدەبیاتی سیاسی ئەم جەمسەرە، ڕوو لە هەمووان، شەفاف، یەکڕوو و ڕوونە.

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

ژنان، پیاوان، لاوان، ڕووناکبیران، کرێکاران، زەحمەتکێشانی مێشک و بازوو لە سەر خاکی نیشتمان یان لە تاراوگە!

ئەی ئەوانەی خاوەنی خەونی گەورەن، ئەی ئەوانەی مل بە واقعی داگیرکران و ئاسمیلە بوون و بە ئێرانی بوون نادەن، ئەی ئەوانەی برینەکەی جەستەی سمکۆ و جێ پەتەکەی ملی قازی و کوشتاری باو و باپیرانتان لە بیر نەکردوە، ئەی ئەوانەی قبووڵ ناکەن لە هیچ نەتەوەیەکی ئەم گۆی زەوییە کەمتر بە حیساب بێن، ئەی ئەوانەی ئیرادەی گۆڕان و داماڵینی کۆت و بەندیی کۆیلەتی نەتەوەییتان هەیە، ئەی ئەوانەی ناتانەوێ چیتر بە ناسنامە و پێناسی ئێرانییەوە بناسرێن، ئەی ئەوانەی دەتانەوێ لە مێژوو پەند وەرگیرێ و چیتر تواناکانی ئەم نەتەوەیە بە هەدەر نەڕوا، ئەی ئەوانەی دەتانەوێ مەینەتی مرۆڤی کورد کۆتایی پێ بێ و بەختەوەریی ڕووی تێبکا، ئەی ئەوانەی ناتانەوێ خۆتان و نیشتمان و چارەنووسی نەتەوەکەتان بە قەدەر و هەڵکەوت بسپێرن!
پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبیی وەدیهێنانی خەونە گەورەکەی کوردە، حیزبی داهێنان و ڕچەشکێنیە سیاسییەکانە، حیزبی ئامانج و ئاواتەکانی ژێکاف و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستانە.
حیزبی کوردستانیی پاش شەڕی سارد و دوای جیهانیی دوو جەمسەرییە، حیزبی کوردستانیی جیهانی گۆڕاو و نوێیە.
بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانە وەرنە ڕیزەکانییەوە و لە شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای ئەو ئامانجانە و هەڵگرتنی ئەو ئەرکە شەرافەتمەندانەیەدا، هاوبەشیی و هاوڕێی بکەن. شانازییەکانی مێژوو بۆ ئەوانەیە کە پێشەنگی ڕەتکردنەوەی حاڵەتە باوەکان و تێپەڕین لە چەقبەستوویی و بەستەڵەکی سیاسیی و فکری دەبن.
کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان لە لایان هەموو خەباتگێڕانی ڕیزەکانییەوە، بە بۆنەی ٦٧ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، پیرۆزبایی لە گشت ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و تێکڕای کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە تاراوگە و لە هەموو هۆگران و ڕێبوارانی کۆماری کوردستان دەکا. هەزاران سڵاوی ئەمەگ و وەفا پێشکەشی پێشەوای شەهید و هەموو شەهیدانی کۆمار دەکا و پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی یەکجاریی پەیام و ئاواتەکانی ئەوان سەنگەری خەبات و تێکۆشان بەر نەدا.
دەبا یاد و بیرەوەریی دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان هاندەرمان بێ بۆ یەکخستنی ڕیزەکانمان و گوڕوتینمان بە تێکۆشان لە پێناو ئەستاندنەوەی خاک و ماف و سەروەرییمان.
با بیرەوەریی کۆماری سەروەریی و سەربەستی، ئیلهامبەخشی خەباتمان بێ لە پێناو ئازادیی و سەربەخۆیی و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان.

پارتی ئازادیی کوردستان کۆمیتەی ناوەندی

٢ ڕێبەندانی ٢٧١٢ / ٢١ ژانویەی ٢٠١٣

## بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرادنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان.

کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو :

خەڵکی تامەزرۆی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان.

هەموو گەل و نەتەوەیەکی ئەم جیهانە! بە هاتنەوەی ساڵیادی سەربەخۆبوونیان ئەو ساڵیادە پیرۆز دەکەن، و بەڵێنی پاراستن و بە هێزتری بۆ نۆێ دەکەنەوە. بۆ گەلی کوردیش ٢ی ڕێبەندان کە ڕۆژی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە، لەو ساڵەدا بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی موحەممەد، دەوڵەتی سەربەخۆیی و ڕزگاری یەکجاری لە ژێر دەسەڵات وستەمی شاهانەی ئەو دەمەی ئێران ڕاگەیاندرا. کەچی مخابن تەنیا١١مانگ ئەو دەوڵەتە کوردییە درێژەی هەبوو، بە دوای ئەو هەموو ساڵە هەر لە بندەستی و بێ دەوڵەتی ماوینەتەوە.

هاوڵاتیانی بێدەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانی: ٢ی ڕێبەندان وێرای ئەوەی کە ئەمرۆژە پیرۆزە هەمووومان شاد دەکاتەوە، بەڵام هەموو سات و کاتێکش ئەوەمان وەبیر دێنیتەوە کە ئێمە پێشتر خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ بووین. هەر بۆیەش پێویستە خەبات و تێکۆشانمان چر تر کەینەوە لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆماریکی دیکەی سەربەخۆیی و سەرفرازی گەلەکەمان لە ژێر ستەمی ئێران و شوینیستی داگیرکەر.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان یادی ٢ی ڕێبەندان لەگشت گەلی کورد لە هەر ٤ پارچەی دابەشکراوی کوردستان پیرۆز دەکات. هەروەها داوا لە گشت پارت و لایەنەکانی کوردستانی دەکەین: کە ئەزموون لە ٦٧ ساڵ پێش وەرگرن و ستراتیژی خەباتیان بۆ سەربەخۆیی یەکجاری بگۆرین.

پارتیمان لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە و تا گەیشتن بە سەربەخۆیی یەکجاری خەباتی لە پێناو سەربەستی وڵاتەکەمان کردوەتە هەوێنی تێکۆشانی.

هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەداشدا بەڵێن نۆیدەکەینەوە کە تا گەیشتن بەو ئاواتەش درێژەی دەبیت.

هەر شەکاوە بێت خەباتی نەتەوایەتی لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و دیمۆکراتدا.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٢ی کوردی. ٢٢/ ١ / ٢٠١٣ ی زاینی

سەرچاوەماڵپەری خاکەلێوە

## ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پادک بە بۆنەی ٦٧ مین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

نەتەوەی وڵات داگیرکراوی کورد!

دانیشتوانی خەڵکی کوردستان!

لاوانی جیاوازیخواز و ناسیۆنالیستی کورد!

٢ی ڕێبەندان ٦٧ مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە سەرجەم دانیشتوانی وڵاتەکەمان، گەلانی ئازادیخواز بە گشتی و نەتەوەی گەورەی کورد بە تایبەتی پیرۆز بێت.

٦٧ ساڵ لەمەوبەر و ڕاست لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ٢٦٤٥ دا، ناوچەیەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت شاری مهاباد بوو بە مەیدانی دەربڕینی باوەڕی ئازادیخوازی و لە بڕیارێکی گرنگ و مێژوویی دا جاڕی کۆکردنەوەی بیرە نەتەوەییەکان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دا بە گوێی دونیا گەیەندرا، مهاباد بە گشتی و مەیدانی چوارچرا بەتایبەتیی شانازیان بەخۆوە دەکرد کە لەم مەڵبەندە و لە ژێر تیشکی زێڕینی چوار چراکەی مهاباد دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی گەورەی کورد دا یەکەم کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوای مەزن ڕادەگەینرێت.

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٥ هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مهاباد و دەوروبەری و بە ئامادە بوونی بەشێکی بەرچاو لە خەباتگێڕانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە مەیدانی چوار چرای شاری مهاباد، پێشەوای مەزنی کورد، جەنابی قازی موحەممەد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش ئەم ڕاستیەی بە داگیرکەران سەلماند کە کورد ئێرانی نی یە و هەرگیزیش نابێت بە ئێرانی، بەڵکو لە هەر کات و ساتێک دا کە بۆی بلوێت حاشا لە ئێرانی بوون دەکات و ناسنامەی خۆی کە کوردستانی بوونە لە بەرۆکی دەدات.

ئاشکرایە کە هەر دوا بە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، جەنابی پێشەوا قازی موحەممەد وەک سەرۆک کۆمار سوێندی یاسایی خوارد و شانازی ئەوەی پێبرا کە لە مێژووی نەتەوەی گەورەی کورد دا ببێت بە یەکەم سەرۆک کۆمار.

کۆماری کوردستان لە کات و ساتێک دا ڕاگەیەندرا کە لەمێژ نەبوو بە هۆی هەبونی هێزەکانی "متفقین" لەم مەڵبەندە کوردان بە ئاسوودەیی نەفەسێکی ئازادیان هەڵدەمژی، هەر ئەم هۆکارەش بووە پاڵنەرێک بۆ بوژاندنەوەی بیری نەتەوەایەتی و لە ئاکامیش دا دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە زۆر لایەنەوە کاریگەری خستە سەر نەتەوەی گەورەی کورد و بوژاندنەوە و بەهێز کردنەوەی لە بواری ڕۆحیەوە، کۆماری کوردستان زیندوکەرەوەی باوەڕ بەخۆ بوونی نەتەوەکەمان و بیر و هزری نەتەوایەتی بوو، لە هەمان کاتیشدا خەنجەرێکی دەبان بوو بۆ بڕینەوەی دەستی داگیرکەر و بە ئێرانی کردنی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان.

ئاشکرایە کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، نێوی ئێران و ئاڵا و هێزی داگیرکەری تاران لە کوردستان بە تەواوی سڕایەوە و دەرکرا و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە خاوەن نیشتمان و ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و لەشکری خۆی، زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە چاپ دران و منداڵان و لاوانی کورد چیتر لە قوتابخانەکان بە زمانی نەتەوەی داگیرکەر نەدەپەیڤین و بەزۆر فێری زمانی فارسی نەدەکران، ڕادیۆ و شانۆ و سینەما بە زمانی شیرینی کوردی و کوردان بۆ خۆیان بەڕێوەبەری وڵات و هەر بۆخۆشیان خزمەتکار و گیان فیدای وڵاتی خۆیان بوون، لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا ژنانی چەوساوەی کورد ئازاد و سەربەست هاتنە مەیدان و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیانیان دامەزراند و چالاکانە بەشداری ژیانی سیاسی بوون، کەمایەتییە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵگای خەڵکی کورد مافی یەکسانیان هەبوو لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا.

هەر چەندە کۆماری کوردستان ساڵێک لە تەمەنی پڕ لە شانازی تێپەڕ نەببوو کە کرا بە قوربانیی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی ڕوسیای کۆمۆنیست و لە ئاکام دا کەوتە بەر هێرشی نارەوای دەسەڵاتدارانی تاران و تێک ڕوخێندرا و سەرۆک کۆمارەکەی لە سێدارە درا، بەڵام دامەزرانـدنی کۆماری کوردستان ئەوەی سەلماند کە کورد هیچ کات خۆی بە ئێرانی نەزانیوە و نازانێت و لە هەر هەل و دەرفەتێک دا ئامادەیە بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و جیا کردنەوەی وڵاتەکەی لە ئێرانی بە زۆر لکێندراو بە یەکەوە.

وێڕای پیرۆزبایی دووبارەی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سەرجەم نەتەوەی گەورەی کورد، دانیشتوانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئـازادیخوازانی جیهان، داواکارین لە سەرجەم هێز و لایەنە سیاسی‌یە کوردستانییەکان بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی بە دەوڵەت بوونی نەتەوەی کورد و وەک ڕۆژی هەستانەوە و ڕابوون بە دژی داگیرکەران ڕێز بگرن. هەر لێرەوە داوادەکەین لە هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕۆژی دووی ڕێبەندان بکەن بە ڕۆژی یەکێتی نەتەوەیی و ڕۆژی هاوهەڵوێست بوون بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

بەرز و بەرێز بێت ٦٧ مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان

ئازاد و ئاوەدان بێت کوردستان

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

پارتی ئازادی و دێمۆکراسی کوردستان PADK

٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٢

سەرچاوە ماڵپەری خاکەلێوە

## بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢ی ڕێبەندان لە نەتەوەی کورد پیرۆزدەکات

هاوڵنیشتمانانی خۆشەویست

هەر نەتەوەیەک ڕێز لە مێژوو و ڕابردووی خۆی دەگرێ، هەر هەوڵێکی، کەم یا زۆر بووبێ، سەرکەوتوو یا تێکشکاو، بەرێزەوە هەڵدەسەنگێنێ و وەکو بەشێک لە پرۆسەی سەروەری خۆی دێنێتەوە یاد. بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی کە تا لووتکە گەیشتوون و نەخشی چارەنووس سازیان هەبووە.٢ی ڕێبەندان و کۆمار بۆ کورد، تەواوکەری بیرەوەریەکی پڕ لەشانازی و نووختەگۆرانێکی زەق و بەرچاو لەمێژوویی نەتەوایەتی کورد و کوردستانن. مێژووی کۆمار دەگەل ڕووداوە چارەنووس‌سازەکەی ٢ی ڕێبەندان، وەبیرهێنەرەوەی قۆناغێکی زێرینی سەروەری‌سازی بۆ نەتەوەی کوردن، یاد و یادمانی ٢ی ڕێبەندان و کۆمار، واتە گەڕانەوەیەکی ئسوولگەرایانە بەلام ڕۆمانتیکی لە عالەمی زەێن و خەیال بۆ دوونیای واقیعی سەروەری و سەربەستی کورد، واتە گەڕانەوەیەکی زەمەنی بۆ قۆناغێکی درەوشین و زێرینی پڕ لە بەختەوەری، سەربەستی، ئازادی و، ئاسایش و خێر وە خۆشی نەتەوەیی، هەربۆیەشە ئەم ڕۆژە لە گشت لایەکی کوردستان وەک لووتکەی هەرەبەرزی دوونیای بیرەوەریەکانی نەتەوەیی بەرێزەوە یادی دەکرێتەوە وجێژنی بۆ دەگیردرێت.

گرینگیی مێژووی ٢ی ڕێبەنـدان لەمەدایە، کە دروست لەم ڕۆژەدا بوو کە بۆ یەکەم جار حکوومەتێکی دیفاکتۆی کوردی لە ناوچەیەکی زۆر بەرتەسکی نیشتمانی کورددا دامەزرا. لەژێر دەسەلاتی ئەم حکوومەتەدا بوو کە ئازادی و ئاسایشی نەتەوەیی بە پێی گونجاویی ئەو سەردەمە دابین کرا. خوێندنگە و، چاپخانە، گۆڤار و ڕۆژنامە دامەزران و وەشانی خۆیان بەزمانی کوردی دەستپێکرد، بازرگانی میللی لە پال دەستپێکی هەلسووکەوتی دیپلۆماتیک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەشەی پێدرا. ئیرادەیەکی میللی سەری هەڵدا کە تا ئەو سەردەمە لەهەموو مێژووی پڕ لەنەهامەتی نەتەوییماندا هەبوونی نەبوو. لەئەنجامی دەستپێکی دیپلۆماسیەکی چالاک و ئەکتیودا بوو، کە نەتەوەی کورد توانی لە کایە سیاسیەکانی ناوچەکەدا خاوەن ڕۆلی دیاریکەرو کارگەر بێت کە تا ئەو کات حیسابی بوونی بۆ نەدەکرا.

کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی نەتەوایەتی، کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و حقووقی کورددا هەڵداوە کە لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە بوو. کورد بۆ یەکەم جار لە سەردەمی نوێدا ئەزموونی بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆی لە بەشێکی وڵاتەکەیدا تاقی کردەوە و بەکردەوە ئاستی دەرایەت و کەفایەتی سیاسی خۆی سەبارەت بە خۆبەڕێوەبەری خۆجەیی بەعالەم نیشاندا. بۆیە پێویستە وە دەبێ قۆناغی مێژووی کۆماری کوردستان بە هەموو تاریک و ڕوونیەکانیەوە

، بە هەموو خاڵە زەق و لاواز و کەم و کۆری و نەواقساتیەوە، وەک قۆناغێکی پرشەنگدار و زێرینی مێژوویی بێتەنرخاندن و بە ڕێزو تامەزرۆیی دامەزراندنەوەی سەیری ئیلهام بەخشانەی بکرێت و ڕێزی بەشکۆی لێبگیردرێت، چوونکە کۆمار دەگەل ئەوەش کە نووختەگۆرانێکی گرینگی مێژوویە، لەهەمانکاتیشدا لووتکەیەکی هەرە بەرزی خەباتی نەتەوایەتیمانە، واتە قوولەی سەرکێش و لە بەرچاو وونەبووی گۆرەپانی خەبات و ڕەوتی مێژووی سەروەریسازی سیاسیمانە . بۆیە هەڵدەگرێ لەعالەمی پڕ لەقەیرانی ئیستیراتیژی و شووناسی هەنووکەیی کورددا، ئەم قوولە بەرچاوە و کانگەی بیری نەتەوەیی، وەک قیبلەگای هێواو خەونەکانی نەتەوەییمان ڕووی تێبکرێ و، لەڕاستای تەنزیمی جەهەتی قوتپنمای سیاسی کوردایەتی و نیشتیمانخۆشەویستی دا، وەک ئاسۆی ڕوون بۆدەستنیشانکردنی ئەسالەتی ڕێگا و ڕێبازی ئەسیل و ڕاستەقینەی سەروەریسازی نەتەوەیی، سوودی ڕەوەنگەیی و بەرچاوڕوونی فەلسەفیانەی لێوەربگیرێت و لە پێناو دەربازبوون لە قەیران و دۆزینەوەی ڕێگەی ئەسل و بگرە نەجاتمان لە سەحرای سەرگەردانی سیاسی دا، وەک سیمبوول و پارادایمی فیکری و فەلسەفی حیسابی بۆ بکردرێت. هەر بۆیەشە لەم‌پەیوەندیەدا، بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان، وەک بزافێکی نەتەوەیی خاوەن پەیامی سەروەریسازی، و وەک بزووتنەوەیەک کە بەرهەمی خوێندنەوەیەکی خەسارشناسی لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، بەرووکەردی ئووسولگەریانەی لە قیبلەگای هێوا و سەربەستی کورد بەئەنجامدانی ڕێنێسانس و گەڕانەویەکی توێژکارانە بەرەو ئەسل هەلدەستێت ، و لە پێناو ئەکتوالیزەکردن و بەرۆژکردنەوەی بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی کۆمار و پێشەوا، دێتەناو گۆرەپانی خەباتی سەروەریسازیانەی نەتەوەیی و تەرحی نەقشەی ڕێگا بۆ دەسەلاتی دێفاکتۆی کوردی ڕۆژهەلات ئاراستە دەکات.

دامەزرێنەرانی بزوتنەوە لە ئەنجامی لێکۆلینەوەیەکی قوولی خەسارشناسانە بەم قەناعەتە گەیشتوون،کە کۆمەلگای سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، تووشی قەیرانگەلێکی هەمەلایەنە هاتووە، قەیرانگەلێک

کە بالی بەسەر گشت بوارگەلی شووناسی نەتەوەیی، ئیستێراتیژی نەتەوەیی، وە رێکخراوەیی‌دا کێشاوە. بزوتنەوە پێوایە کە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگا و کەشوهەوای پر لە قێرانی بزافی رزگاریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان ئاکامی سوودوەرگرتن لە ئەدبیاتێکی سیاسیو واریداتی‌یە، کە لەژێر کارتێکەری سیاسەتی تێئۆری تەوتەئەی نەیارانی پرسی کورد ژەهراویی کراوە. بزوتنەوە پێوایە کە کولتووری سیاسی کۆمەلگای کورد و سیستەمی حیزبی پر لەقێرانی رێکخراوەیی بزافی کوردی رۆژهەلات لەلایەک و ئیفلیج بوونی ئیرادەی نەتەوەیی و برەویی کوولتوری بێتەفاوەتی و خۆبەدەستەوەدەری تاک و کۆی کۆمەلگا لەلایەکی دیکەوە، بەرهەمی سروشتی و مەحتوومی تەغزییەو بەکار هێنانی ئەدبیاتێکی لەم چەشنەیە، بۆیە دامەزرینەرانی بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان لە ئەنجامی ئەم خوەێندنەوەیە، هەولی خۆیان لە پێناو دۆزینەوەی رێگای چارە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە، بەرەو دۆخێکی لەبار و چارەنووس‌ساز لە ئاست پرسی نەتەوەییمان خستەگەر و سەرئەنجام دوای لێکۆلینەوە و تاووتوێکردنی گشت بەرهەم گەلی فیکری کارناسانی بواری سیاسی وکۆمەلناسی و لەپال ئەوانەش هەلسەنگاندنی گشت ئازموونگەلی کاری مەیدانی و پراکتیکی سیاسی، هاتنە سەر ئەم قەناعەتە کە نووسخەی گوونجاو بۆ تەداویی دەردی کورد، نەک خوولقاندنی ئیدەو ئیدەئالگەلێکی نوێ و نوێخوازیی، وە یان سوودوەرگرتنی ناشیانەو سەقەت لە چەمگەلێکی نامۆ دەگەل پرسی سەروەریسازی یە، بەلکوو رێگەی چارە هەستان بە ئەنجامدانی رێنێسانسێکی هەدەفمەند، لە مێژوویی بزوتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەلاتی کوردستاندایە.

رێنێسانسی کوردی وێنەی رێنێسانس لە ئۆروپا، گەرانەوە بۆ ئەسلە، واتە خۆ شۆرکردنەوەیەکی توێژکارانە بە مەبەستی دۆزینەوەی گەنجینەی لە کورد وونکراویی نەتەوەییە. ئەم گەنجینە پر لە بەهاو بایخە کە لە ئیستگەو کانگای مێژوویی سەردەمی کۆمار قابلییەتی هەلانجندنی و دەستەبەربوونەوەی هەیە ، بریتیە لە گەنجینەی بنەمافیکریو فەلسەفیەکانی سەردەمی کۆمار و پێشەوا.

بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان پێوایە دۆخی پر لە قێرانی کۆمەلگای سیاسی و ژیانی پر لە مەینەتی کوردی رۆژهەلات ،ئاکامی لادانێکی ئیستێراتیژیک، (بەلام کۆنترۆلکراو لە لایەن نەیارانی سەربەستی کورد) لە ئەسلە، واتە لادانی نەیارپەسەند لە ئەسلی سەروەری سیاسیو نەتەوەیی لە شکلی کۆمار دایە، بۆیە بزوتنەوەی کۆماریخواز لەم راستایەدا، رەوتی ئوسوولگەرایی لە چوارچێوەی بە پراکتیکە کردنی کۆنسێپتی رێنێسانس لە مێژوویی مۆدێرن و هاوچەرخی کوردیدا، وەک رەوتێکی هەرە پێویست بەمەبەستی دۆزینەوەی گەنجینەی ئەسلەکان و سەرئەنجام بەرۆژکردنو نەوژەنکردنەوەی گشت بنەمافیکریو فەلسەفیەکانی کۆمار و پێشەوای گەورەی کوردان ،وەک رێگەو رێبازێکی گوونجاو بۆ دەربازبوون لە دۆخی پر لە ئەسارەت و پر لە مەینەتیو چەرمەسەری، بەرەو ئاستی رزگاریو سەربەستی و بەختەوەری دەزانێ و، وەک ژێرخان و سەرچاوەی هەرە سەرەکی لە راستای دارشتن و تێرئاوکردنی ئیستێراتیژی و ئاجیندەی سیاسی بزوتنەوەی سەروەریسازی سوودی لێوەردەگرێ، واتە بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، لەنوێنگەی ئەم بیرو هزرە نەتەوەییەدا، ئیستێراتێژی بزوتنەوەی سەروەریسازی کورد دەلاوێنێت و هەر ئاوەش دیاریدەکات، و هەرلەم راستایەشدا وەک پێشمەرجی ئەم حەرەکەتە هەموو هەولی و توانای خۆی لەپێناو دەولەمەندکردنی ئەدبیاتی سیاسی و کولتوری نەتەوەیی کە خولقێنەری ئیرادە و روحیکی یەکگرتوویی نەتەوەخوازیو سەروەریسازیانە بێت دەخاتەگەر.

بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، بەبۆنەی جێژنی ٢ی رێبەندان ٦٧ مین سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، پیرۆزبایی لەگشت نەتەوەی کورد دەکات و بەوهێوایە کە بتوانرێت لەئەنجامی دەستەبەرکردنی کۆدەنگێکی گشت لایەنی، کەبەرهەمی هاریکاری سەمیمانەی گشت پارتو رێکخراوە و کەسایەتیە سیاسی، ئایینی و کۆمەلایەتیەکان بێت، زەمینەی گوونجاو لەئاست نەوژەن و بەرۆژکردنەوەی بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی کۆماری جوانەمەرگمان برەخسێت، تابەلکوو بتوانرێت لەمراستایەدا کۆماری زیندوو لەعالەمی تەسەوراتدا بەرەو عالەمی رێئالیتە و عەرزی واقیع دەربازبکرێتەوە.

شوورای هاوئاهەنگی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

١٩ی ژانوییەی ٢٠١٣

سەرچاوە ماڵپەری خاکەلێوە



# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆیی کوردستان



## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یاد ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە



کوردستان و کورد نیوز: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شەست و حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێکی شایان ڕێزی لە یاد و بیرەوەریی کۆمار و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان گرت و لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەڵێنی وەفای نوێ کردەوە.

لەو ڕێورەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان، لایەنگران، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵە و میوانانی حیزب لە هۆڵی بۆنە و ڕێورەسمەکانی حیزبدا بەڕێوەچوو، بە گەرمی و شکۆوە یادی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرایەوە.

ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێ ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و یادەوریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی کرد. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە، لە لایەن کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

بەڕێز کەماڵ کەریمی لە سەرەتای پەیامەکەدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر دامەزرانی کۆماری کوردستان یەکێک لە شانازیە نەتەوەییەکانی کوردە، پێش هەمووان ئەم شانازییە بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکرات و لە سەرووی هەموانەوە بۆ پێشەوای زانا، قازی محەممەد دەگەڕێتەوە کە توانیان لەگەڵ هەموو بێئیمکاناتی و سنوورداربوونی دەسەڵات و ناوچەی ژێردەسەڵاتیاندا، ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بقۆزنەوە کە بە هۆی کێشە جیهانییەکان و تێکچوونی پارسەنگی هێز و بێ دەسەڵاتبوونی حکوومەتی ناوەندی دروست ببوو. ئەوان بەم کردەوەیان توانیان لاپەڕەیەکی زێرین لە مێژووی کورددا بنووسنەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا بە ئاماژە بە پێگە و جێگەی کۆماری کوردستان لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و هەر وەها دەسکەوتەکانی کۆمار هاتبوو کە بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوو و بە هۆی هێرش و پیلانەکانی حکوومەتی سەرەڕۆی حەمەرەزا شا کە ئەمریکا و بریتانیا پشتگیرییان دەکرد کۆتایی پێهات، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕێبەرانی حیزب و دامەزرێنەرانی کۆمار بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد لە ڕێگای ئەم دەسەڵاتەوە لە هیچ شتێک کۆتاییان نەکرد. ئەوان بە پەرەپێدانی فێربوونی زمان و کولتووری کوردی، دامەزراندنی دامودەزگای یاسایی، دانانی قوتابخانەی کوردی و وەکارخستنی چاپخانە و چاپ وبڵاو کردنەوەی کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و سازماندانی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گەل و کۆمار تەنیا لە ١١ مانگ دا نموونەیەکی نوێی دەسەڵاتداریی دێموکراتیکیان لە ناوچەیەکدا کە تا ئەو سەردەمە ڕەنگی دێموکراسیی بە خۆیەوە نەدیبوو، خستە بەرچاوی هەموو جیهان.

پەیامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا خوێندنەوەیەکی بۆ ئاڵۆگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان، بە تایبەت لەو وڵاتانە کردبوو کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە. لە بەشەدا بە تیشک خستنە سەر بارودۆخی ئێران و پێگەی ئێران لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهاندا هاتبوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم هەلومەرجە ناسکەو لە چاوەڕوانیی ڕوودانی هەر ئەگەرێک کە بە دڵنیاییەوە ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەبا، لێکنزیکبوونەوەی هەموو هێزەو لایەنە نیشتمانییەکان کە لە پێناوی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتدا وبۆ دەستەبەرکردنی تێکرای ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران تێدەکۆشن، لە هەموو کات زیاتر بە پێویست دەزانێ. گومان لەوە دانییە یەکگرتوویی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەتوانێ بۆ ڕووخانی یەکجاریی پەیکەری لەرزۆکی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدەست گەلانی ئەو وڵاتە گورزێکی کاریگەر بێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆتایی پەیامەکەیدا ڕاگەیاند حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بەگەشبینییەوە دەڕوانێتە داهاتوو، بە پێویست دەزانێ جارێکی دی وەبیر هەموو لایەک بێنێتەوە ئەم ئاوات و ئامانجانە دەستەبەر نابن ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەتوانن ڕێگەی هاوکاری و هاودەنگیی پێویست لە هەموو ئاستەکاندا بگرنەبەر. لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکاندا نوقم بووە، پێویستە پێگەی کورد چ لە نێو هێزە ئێرانییەکان و چ لە ناوچەدا لە هەمیشە قایمتر بێ بۆ ئەوەی ئەم گەلە بتوانێ دەرفەتەکان بە قازانجی پرسە ڕەواکەی خۆی بقۆزێتەوە. چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانیش لە هەمووان هەرئەوە دەخوازێ کە وەک پێویستییەکی ئەم سەردەمەی خەبات هەوڵی یەکگرتوویی و لانیکەم ساغ بوونەوە لە سەر بەرنامەی کاری هاوبەش لەهەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا بدرێ. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا وەک هەمیشە پێبەندبوونی خۆی بە خەبات تا وەدیهێنانەوەی ئامانجی نەتەوەی کورد ئەویش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و فیدرالدا دووپات دەکاتەوە. باوەڕمان وایە هەر وەک خۆراگریمان کۆماری ئیسلامیی بەرەو کۆتایی ژیانی بردوە، درێژەی خەباتیشمان وەدیهێنانی ئامانجەکانمانی لێ دەکەویتەوە.

دوای خوێندنەوەی پەیامی حیزب دوو سروودی شۆڕشگێڕی و حیماسی لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکێشی ئامادەبووان کرا و لە درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی چەند کۆپلە شێعر لەلایەن شاعیر حەمید قەڵادزەیی، دوو گۆرانی بە دەنگی هونەرمەند خوسرەو مامڵێ و گەشتە گۆرانییەک بە دەنگی هونەرمەند حەمەدەمین کەریمی چەند بڕگەیەکی دیکەی

ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتی و بەشکۆیە بوون.

٢١ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری کوردستان و کورد

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆماری کوردستان لە هەولێر



**کوردستان و کورد نیوز:** لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزی لێ گیرا.

بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٣ ی ڕێبەندان لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر و بەچاودێریی سەرۆکی هەرێم و ئامادەبوونی ژمارەیەک لە پارلمانتاران و وەزیر و بەرپرسانی حزبیی هەر چوار پارچەی کوردستان و بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەد، یادی ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز و پیرۆز ڕاگیرا.

لەو یادەدا وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن دوکتور کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندرایەوە کە تێیدا دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهابادی بە بڕیاردانێکی ژیر و بوێرانەی کوردایەتی لەقەڵەم دابوو.

پاشان وتاری بنەماڵەی قازی لەلایەن عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد خوێندرایەوە، کە تیایدا باس لە تێکۆشانی قازی محەممەد و هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان کرابوو.


شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە سیمای ناسراوی حیزبی دێموکڕات، جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزب، حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی، کوێستان فتووحی و برایم زێوەیی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب لەو یادەدا بەشدار بوون.

ئەو ڕێوڕەسمە بە نیشاندانی فلیمێکی دیکۆمێنتاری و کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی سەردەمی کۆماری کوردستان، کۆتایی پێ هات.

٢٢ی ژانوییەی ٢٠١٣

کوردستان و کورد

## بەڕیوە چونی ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی ئوتریش




**ناوەندی هەواڵ- ئوتریش:** کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش شەوئاهەنگێکی بۆ ڕیزگرتن لە ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەڤەری پارێزگای ئۆبەرئۆستەرایش لە شاری لیتز بەڕیوە برد.

لەم شەوئاهەنگەدا کە شەوی یەکی ڕێبەندان و بە بەشداری نوینەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئوتریشییەکان بەڕیوەچوو، چەندین پەیام و شێعر و پەخشان خوێندرانەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە سوریە (الپارتی) پەیامی خۆیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەر و ڕاگرتنی دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان و دواتر بە وتەیەکی کوری بەخێرهێنان لەلایەن پەرۆش قادری، نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حدک لەم ناوچەیە دەستی پێ کرد و پاشان ڕیزی بەرنامەکان لە لایەن محەممەدی فەقێ عەلی ڕاگەیەندرا.

خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی ئوتریش حدک بە زمانی کوردی لەلایەن خدر هەمزەنژاد،خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی ئوتریش حدک بە زمانی ئاڵمانی لە لایەن ئیدریس قادری، خوێندنەوەی پەیامی جێگری پاریزگاری ئۆبەرئۆستەرایش لە لایەن خاتوو سۆنیا ئابلینگەر، ئەندام پارلمانی ئوتریش لە سەر لیستی حیزبی سۆسیا لدیمۆکراتی ئوتریش؛ پەیامی ماری ئێدڤیگ هارتیگ، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای ئۆبەرئۆستەرایش لە سەر لیستی حیزبی سەوزی ئوتریش، پەیامی ناوەندی کولتورە جۆراوجۆرەکانی حیزبی سەوزی ئوتریش لە لایەن ئیکێ ئۆکافۆر چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

بێجگە لەم پەیامانەش پەیامەکانی کە بە بەرێوەبەرانی ئەم ڕێ و ڕەسمە گەیشت بوون و لە بەر کەمی کات نەخوێندرانەوە بریتی بوون لە:

پەیامی پارێزگاری ئۆبەرئۆستەرایش دوکتۆر یۆسف پورینگەر

پەیامی ئەڤگانی دۆنەمیزئەندام پارلمان لە سەر لیستی سەوز

پەیامی ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان

پەیامی دووکتۆر ئالان قادر نوێنەری کۆمەڵەیا کوردی ژە بۆ پاراستنا مافێن مرۆڤا

شیاوی باسە کە مۆمی ٦٧ ساڵەی کۆماری کوردستان لە لەیەن نوێنەرایەتی ڕێکخراوە کوردیە بەشدارەکانەوە بە یەکەوە داگیرسێنرا.

لە بەشی هونەری بەرنامەکەدا هەر دوو هونەرمەندان عبدولباسیت داری و فەرهاد ئالانی هەر یەکەو بە چەندین ئاهەنگی خۆش توانیان بەرنامەکە بە شێوەیەک برازێنەوە کە شیاوی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بێ.

شایانی باسە کە ئەنداماں و لایەنگرانی حدک لەم بەینەدا توانیان لە گەڵ زۆریەک لە نوێنەرایەتی حیزب و ڕیکخراوە کوردستانی و ئوتریشیەکان پەیوەندی ڕاستەو خۆ بگرن و لە سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاگاداریان کەنەوە.

ئەم ری و ڕەسمە تا شەودرەنگانێکی خایاند و لە کاتژمێر ١١ و نیوی شەو لە نێو ئاپۆڕای پڕ لە خۆشی و شادی بەشداران دا کۆتای پێهات.

٢٢ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری حدک میدیا

## بەرز راگرتنی یادی کۆماری کوردستان لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆروێژ



ناوەندی هەواڵ نۆروێژ : بەرز راگرتنی یادی کۆماری کوردستان لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆروێژ کوردانی دانیشتووی وڵاتی نۆروێژ لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا یادی ٦٧ مین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان لە شاری ترۆندهایمی ئەو وڵاتە بەرز راگرت.

ڕۆژی شەممە ٣٠ی مانگی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی ٦٧ مین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە لایەن کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە هاوکاری کۆمیتەی ترۆندهایمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ و لە شاری ترۆندهایم بەڕێوە چوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەستی پێکرد.

دوای داگیرسانی مۆمی ٦٧ ساڵەی کۆماری کوردستان لە لایەن خاتوو دڵکەش شێنانی، کچی شەهیدی فەرماندە عەوڵا شێنانی، پەیامی کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک کامیل ئوستاد ئەحمەدی، بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە. ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای هێنانە بەر باسی کورتەیەک لە مێژوو و شانازییەکانی کۆماری کوردستان بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان و پەرە ئەستاندنی فشارەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر خەڵک گوتی: لە کاتیکدا ئێمە ئەو یادە بەرز رادەگرین کە بە هۆی فشار و کەمتەرخەمیەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کورد، هەژاری و کوشتنی کۆڵبەران و کاروانچییان درێژەی هەیە، دۆخی ژیانی گەلانی دانیشتووی ئێران و یەک لەوان کوردستان بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ سەر ئەو وڵاتە دژوار بۆتەوە و دەزگای ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامیش دەنگی هەموو ئازادبیرانی نێوخۆی کپ کردوە. بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری ترۆندهایم ئاماژەی بە مەترسی ئێعدامی زانیارو لوقمان مرادی کرد و گوتی کە بە هۆی سیاسەتەکانی ڕێژیم لاوانی کورد بەردەوام دەدرێنە بەر حوکمی سێدارە. کاک کامیل ئوستاد ئەحمەدی لە کۆتایی پەیامەکەدا وێڕای مەحکوومکردنی تیرۆری سێ تێکۆشەری کورد لە وڵاتی فەڕانسە باسی لە دیالۆگی نێوان هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات لە ئاستی ڕێبەریدا کرد و هیوای خواست کە ئەم دانیشتنانە بە پێداچوونەوە بە کەموکووڕی و هەڵەکان حیزب بەرەو یەکگرتنەوە بەرن.

دوابەدوای پەیامی کۆمیتەی حیزب وتاری هاوبەشی پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان لە نێوەڕاستی نوروێژ لە لایەن بێکەس بەرواری خوێندرایەوە. پێشکەشکردنی پەیامی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن بەڕێزان خاتوو فەریدە مەعرووفی و هەژار خورەمگاهی بەشێکی دیکە لە ڕێورەسمەکەی پێک هێنابوو. برگەی یەکەمی ڕێورەسمەکە بە گۆرانیەکی رامین شێنانی کۆتایی پێهات. برگەی دووهەمی ئەم یادە بە پێشکەشکردنی شێعرێک لە لایەن خاتوو کەژاڵ مەرزبان تایبەت بە یادی کۆماری کوردستان دەستی پێکرد. پاش خوێندنەوەی شێعرێک لە لایەن هۆزان ئاگووشی، کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان شاخە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش بەو تێکۆشەرانە کرد کە بۆ ماوەیەک لە ریزی خەبات و تێکۆشاندا بوون. لە درێژەشدا کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە بەرێوەبەرانی ڕێورەسمەکە شاخە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش کردن.

شایانی باسە کە ئەم حیزب و لایەنانەی پەیامی پیرۆزباییان پێشکەشی یادەکە کردبوو بریتین لە:

١- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK

٢- پارتی دێموکراتی کوردستان

٣- یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

٤- بزووتنەوەی گۆڕان

٥- پارتی کرێکارانی کوردستان PKK

٦- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٧- یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستان PYD

٨- کۆمەڵەی کلتووری و ئاواتە بوون

٩-. کۆمەڵەی سۆرێنی کلتووری

١٠- کۆمەڵەی ئاشتیی کوردستان

لە برگەی کۆتایی ڕێورەسمەکەدا هونەرمەند مستەفا دادار، چەند سروودێکی شۆڕشگێرانە و هەروەها چەند گۆرانیەکی خۆی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و ڕێورەسمەکەی زیاتر رازاندەوە. ئەم ڕێورەسمە بە چەند گۆرانیەکی گشتی هونەرمەندان رامین شێنانی و محەممەد زێوەیی کۆتایی پێهات.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، نۆروێژ

وێنەگر:سالار عەبدی پوور

١٩ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری حدک میدیا

## ٦٧ ساڵەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی دانمارک پیرۆز کرا



**ناوەندی هەواڵ- دانمارک:** بە مەبەستی بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادی ٢ی ڕێبەندان، ٦٧ مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پێشەوای مەزنی گەلی کورد قازی محەممەد و هاوڕێیانی، کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ناوچەی گرێڤەی ئەو وڵاتە، ڕێورەسمێکی پڕ شکۆیان بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی دڵسۆزی دانیشتووی ئەو وڵاتە، نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و ئەندام و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٦ی ئێوارە بە کاتی دانمارک، بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کە لە لایەن کوڕی هونەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئامادە کرابوو و پاراستنی یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەرپرسی کومیتەی دانمارک، بەڕێز حوسێن حەسەنزادە پێشکەش کرا. لەو پەیامە دا هاوڕێ حوسێن وێرای باس لە کۆمار و مێژووی پڕ لە شانازی حیزبی دامەزرێنەری کۆمار، ئاماژەی بەو دەستکەوتە سیاسی و مەعنەوییەی کۆماری کوردستان کرد، کە ئێستاش و پاش ٦٧ ساڵ کارتێکەرییەکی قورسی لە سەر سیاسەت و هەڵوێستی گەلەکەمان بە گشتی و حدک بە تایبەتی هەیە. ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوو، ئێستاش هەر یەکێک بەرزترین و پیرۆزترین ئامانجەکانی گەلی کورد و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانە، هەر بۆیە ئێمە شانازی بە خۆمان و حیزبەکەمانەوە دەکەین کە خاوەن دەستکەوت و بەرهەمێکی ئاوا پڕ بەهاین و ڕێزی لێ دەگرین.

ئێنجا سروودی ڕێبەندان لە لایەن کۆڕی سرودی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا و بە دوای ئەو دا پەیامی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو مەراسمە دا بروسکەی پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پێشکەش کران کە بەو شێوەی خوارەوە بوون:

لێژنەی ناوچەی دانمارکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کاک ئازاد عەبدولخالق

کومیتەی دانمارکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە لایەن کاک ئارام

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن کاک ئەمین ماریجی

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە لە لایەن خاتوو گەوهەر

هەروەها پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران و کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان لقی دانمارک، لە لایەن پێشکەشکارانی بەرنامەوە خوێندرانەوە.

بەشی دووهەمی ڕێورەسمی دووی ڕێبەندان ٦٧ مین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە گۆرانی و هەڵپەڕکی و دەنگی و خۆشی هونەرمەند نەورۆز مەحمود و موسیقای کارزان ئەمین دەستی پێکرد و بە گەڕی هەڵپەڕکێی ئەویندارانی ئازادی و سەربەستی کوردستان زیاتر ڕازایەوە.

جێگەی باسە کە هەردووک کیژۆڵەی جوان و بەهەست، خاتوو سومەیە و خاتوو سنوور، بە شیعر و پەخشانی تایبەت بە یادی ڕێبەندان بەرنامەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە کامیرای کوردکاناڵ و بەشی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵ، بۆ هەڵگرتنەوەی فیلم و ئامادە کردنی ڕێپۆرتاژ لەو ڕێورەسمە دا ئامادە بوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی دانمارک

٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری حدک میدیا

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەبۆنەی یادی دامەرزانی کۆماری کوردستان



کوردستان و کورد نیوز: یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بەڕێوە بردنی سمینارێک یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە پێناو بەرزراگرتنی ئامانجە باڵاکانی کۆماری کوردستان و گواستنەوەی ئەو ئەزموونە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ١٣٩١ ، سێمینارێکی زانستی لە هۆڵی ڕاپەڕین زانکۆی سلێمانی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خوێندکاران و هەروەها ژمارەیەک لە ڕاگەیەنەکان بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا هەر یەک لە بەڕێزان د. هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای زانکۆ، د. مارف عومەر گوڵ مامۆستای زانکۆ، مامۆستا کەریم زەند مێژوونووس و کاک جەلیل گادانی سیاسەتمەدار و تێکۆشەری دێرین بابەتیان پێشکەش بە بەشداران کرد.

لە کۆنفرانسی یادی ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا سەرەتا سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب خوێندرایەوە و پاشان د. هەڤاڵ ئەبووبەکر، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی کۆماری کوردستانی، لە دەلاقەی ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

لە درێژەی کاری سمینارەکەدا پرۆفسۆر دوکتور مارف عومەر گوڵ پێوەندییە دەرەکییەکانی کۆماری کوردستان و دیپلۆماسی ئەوکاتی کوردی لە چوارچێوەی یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی کوردیدا خستە بەر باس.

دواتر مێژوونووسی بەشدار لە کۆماری کوردستان، مامۆستا کەریم زەند بە کورتی ئاماژەی بە چەند بیرەوەرییەکی سەردەمی کۆمار کرد و داوای یەکریزیی هێزە سیاسییەکانی کرد.

لە بەشی کۆتایی سێمینارەکەدا کاک جەلیل گادانی، سیاسەتمەداری دێرینی کورد و حیزبی دێمۆکرات کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد دا ئامادە بووە، وێڕای ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی کورتی تەمەنیدا، هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی هەرەسهێنانی کۆماری بۆ بەشدارانی سێمینارەکە شی کردەوە.

٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٣

ماڵپەری کوردستان کورد

## بەرێوە چوونی یادەوەری ٢ی رێبەندان لە رۆژهەڵاتی کانادا



**ناوەندی هەواڵ- کانادا:** ئێوارەی رۆژی یەکشەمە و لە سالۆنی کتێبخانەی van Horne A 545 مەراسیمی یادکردنەوە لە ٦٧ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کومیتەی رۆژهەڵاتی کاناداوە بەرێوە چوو.

ئەو مەراسیمە کە لە سەعات ٦ ئێوارە دەستی پێکرد سەرەتا لە لایەن کاک جەعفەر موقەدەم بەرپرسی کومیتەی تۆرۆنتۆ،وە بەخێر هاتنی میوانەکان کرا و پاشان برگەی بەرنامەکان خوێندرانەوە. بەرنامەکە بە سرودی ئەی‌رەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی رێگای ئازادی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو بۆنەوە لە لایەن هاورێ برایم جەهانگیری ئەندامی کومیتەی تۆرۆنتۆی حیزب پێشکەش کرا. ئینجا پەیامی حیزب و لایەنە سیاسیەکان خوێندرانەوە. پاش تەواو بوونی پەیامەکان ئەوجار سفرەی خواردن ئامادەکرا، خواردنی هەمەجۆری ئەم رۆژە کە لە لایەن بنەماڵەی ئەنداما‌ن و لایەنگرانی حیزب ئامادەکرابوو. پاش نان خواردن بەرنامەی هەڵپەرکێ و شادی بەو بۆنەوە دەستی پێکرد، کە بە شادی و هەڵپەرکێی ئامادە بووان، تا کاتژمێر ٩.٣٠ی شەو درێژەی کێشا و لە کاتێکدا بەشدار بووان خۆشحاڵی خۆیان لەو مەراسیمە دەر دەبرِی کۆتایی بە بەرنامەکان هات. ئەو حیزب و لایەنانەی بەشداری مەراسیمەکە بوون و پەیامیان خوێندەوە بریتی بوون لە :

١- پارتی دێمۆکراتی کوردستان
٢- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
٣- بەرەی دیمۆکراتیکی ئەلئەحواز
٤- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
٥- پەیامی ماڵی کورد.
٦- پەیامی کۆمەڵە

٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٣

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی رۆژهەڵاتی کانادا

## لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێز لە یادی ٦٧ ساڵەی کۆماری کوردستان گیرا



**ناوەندی هەواڵ- ئەمریکا:** یادی شەست و حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری نەشویل،ی وڵاتی ئامریکا رێزی لێ گیرا.

سەر لە ئێوارەی رۆژی شەممە ٢٦ی جانێوری لە سەرپێشنیاری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو شارە وبە هاریکاری و پشتگیری حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکان و بنکە کۆمەڵایەتی یەکان لە شاری نەشویڵ رێورەسمێکی پڕ شکۆبە بۆنەی شەست و حەوتەمین ساڵی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد بەرێوە چوو.

سەرەتای ئەو رێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزنان لەگیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن هاورێ عوسمان حیکمەت(ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان-نەشویڵ)، وێرای بەخێرهاتن و رێزنان لە بەشداربووان بە تایبەتی ئەوهاورێیانەی کە لە شارەکانی دیکەی ئامریکاوە بەشداری یان کردبوو، باسێکی سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێوەچوونی رێ و رەسمی ٢ی رێبەندان پێشکەش کرد.

بەرێز حیکمەت لە بەشێکی دیکە وتەکانی دا رێز و پێزانینی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەو حیزب و بنکە کۆمەڵایەتی یانەی کە پێشنیاری کۆمیتەی حیزبیان بە مەبەستی بەرێوەبردنی جەژنی 2ی رێبەندان پەسند کردبوو راگەیاند.

پاشان پەیامی لێژنەی بەرێوەبەری جەژنی دووی رێبەندان کە نوێنگەی بۆچوونی هەموو لایەنەکان بوو، لە لایەن کاک ساڵح دۆسکی پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

ناوبراو بە دوای باسێکی کورت لە سەر مێژوو و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، باسی ئەو هۆیەی کرد کە هەموو بزووتنەوەکانی کوردی هەتا ئێستاش لەبەری دەناڵێنن کە ئەوەش دووبەرەکی و جیاوازی

لە نێو ئەحزابی سیاسی دابووکە کێشراوەتە نێو کۆمەڵگای کوردەواری. کاک ساڵح دۆسکی لە بەشیکی دیکەی پەیامەکەدا هیوای خواست کە هەوڵ و تێکۆشان و شۆڕشی ئەمجارەی کوردستان بە تەبایی و یەک بوون بگاتە ئەنجامی سەرکەوتن.

پەیامی هاوپێوەندی کوردەکانی نەشویڵ کە بە زمانی ئینگلیسی ئامادە کرابوو، لە لایەن فەردین محەممەدی پێشکەش کرا.کاک فەردین لە بەشێکی پەیامەکەدا ئیشارەی بە خەباتی دیپلۆماسی کرد و بە بەشێکی گرینگی هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی زانی.

بەشێکی دیکەی بەرنامە تەرخان کرابوو بە خوێندنەوەی وەسیەتنامەی سەرۆک کۆماری کوردستان ( پێشەوا قازی محەممەد)کە لە لایەن کاک نەوزاد هەورامی پێشکەش کرا. کاک نەوزاد لە پێوەندی لەگەڵ ئەرکی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، بە تایبەت لە تاراوگە بەرامبەر بە جووڵانەوەی کوردستان گووتی:چ لە مزگەوت، چ لە قووتابخانە وە یان شوێنی کار، ئەرکی ئێمەیە کە ڕەوتی کوردی زیادتر بەرینە نێوکۆمەڵانی خەڵک و زیادتر بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی هەوڵ بدەین.

نێوئاخنی بەرنامەی تایبەت بەساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە خوێندنەوەی شیعری شۆڕشگێری و پەخشان لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئاهەنگی 2ی ڕێبەندان کاک حەسەن نازی (ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان – نەشویڵ) وە هەروەها کاک تەعبیر ئیسمائیل(ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەری جەژن زیاتر ڕازابووەوە.

ئەو حیزب وڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی یانەی کە لە سەر پێشنیاری کۆمیتەی حیزبی، لێژنەی بەڕێوەبەری یان پێک هێنا بریتی بوون لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستان- لێژنەی ناوچەی نەشویڵ
- یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان – کەرتی ڕێکخستن لە نەشویڵ
- بنکەی ئیسلامیی سەلاحەددین سێنتر
- کۆنسووڵی کوردی لە تێ نێ سی . TKCC
- ئەنیستیتۆی کۆڵتۆری کوردی KCI

دوایین بەشی ڕێ و ڕەسمی شەست و حەوتەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان بە گۆرانی و دەنگی خۆشی هونەرمەندان:

کاک ڕەشیدی فەیزی نەژاد، کاک سەلام یۆسف و سەلاح زاخۆیی و گەڕی هەڵپەڕکێی کوردانی دانیشتووی ناوچەی نەشویل،ی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری نەشویڵ سپاسی گەرمی خۆی ئاڕاستەی هەموو ئەو ڕێکخراو و لایەنانە دەکات کە بۆ بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە هەوڵێکی زۆریان داو و داوای سەرکەوتنی زیادتریان بۆ دەکات.

٢٦ی ژانوییەی ٢٠١٣

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- نەشویڵ (ئامریکا)

## یادت پیرۆز کۆمارەکەم





بێبەش پیرۆتی

یادت دەکەم کۆمارەکەم.

هەر کە هاتی لە گەڵ خۆتدا نوورت هێنا، نووری دیدەی ئاشقانی جەفا چێشتوو.

هەر کە هاتی بۆ شۆرەکاتی پڕ کارەساتی کوردستان ئاوت هێنا،ئاوی روون وەک چاوی کچی بە کام گەیو.

سروەی هەناسەی پێشەوات پڕ بە ئامێزی خۆزگەکان لە سەر سینە و بەژن و باڵای دەشت و چیا گوڵی رواند،گوڵی جوان وەک وشەی دەمم،بە بۆنخۆشی سەربەخۆیی و بە ناسکیی هەستی شاعیر.


گرمەی هەنگاوی بارزانییت لەرزەی خستە دڵ و جەستەی ئەو مەستانەی دەفری شەرابی لەتکردنی کوردستانیان یەک بین هەڵدا،تێکەڵاوی قاسپەی چەکی پێشمەرگە بوو بووبە بەستە، بوو بە ریتم بوو و بە سروودی ئەی رەقیب.

لە نێو دەریای مێژوو گەڕای مشت مشت مرواری ئارەزووی سەیدی پیران و دێرسیم و تاسەبارانی حەڵەبت هێنا دەرو باڵای ئاڵای کوردستانت هێندەی دی پێڕازاندەوە.

ئەوا ئێستاش چرا و ڕێنوێنمانی.بەڵێ کۆماری کوردستان هیوامانی.

١ی رێبەندانی ١٣٩١

کوردستان و کورد


حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
٢ی ڕێبەندان
ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری
کوردستان
١٩٤٥
٦٧
٢٠١٣
بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان
R.N